# هەڵبژاردنی پارێزگاکانی عێـ
# هاوپەیمانی کوردستان و بۆ لایـ



**من نەهاتووم پێتان بڵێم دەنگ بە کام لیست بدەن، ئێوەخۆتان دەزانن دەنگ بە چ لیستێک دەدەن و چارەنووسی خۆتان چۆن دیاری دەکەن**

پەیامی سەرۆکی کوردستان، لە میانەی دیدارەکانی لەگەڵ نوینەرانی کوردی یەزیدی و شەبەك و براکریستیانەکان.

# ـراق شەڕی چارەنووس بۆ لیستی
# ـەنەکانی دیکە شەڕی دەسەڵات




**سیستەمی دەنگدان تێکەڵاوە**

**دەنگدەری بەڕێز دەتوانی دەنگ بەکیانی سیاسی بدەیت لە هەمانکاتدا دەنگ بە پاڵێوراوێکی کیانە سیاسییەکەش بدەیت.**



## دەنگدان بە لیستی ٢٣٦ دەنگدانە بە برایەتی پێکهاتەکانی موسڵ و بەرپەچدانەوەی بیروبۆچوونی رەگەزپەرستانەیە




سەنگ و شکۆی لیستی ٢٣٦ برایەتی نەینەوا دوای ئاشکرا بوونی پیلانەکەی ئوسامە نجێفی

ئاشکرابوونی پیلانەکەی ئوسامەنجێفی بۆ دەرکردن و تیرۆرکردنی برا کریستیانەکانی شاری موسڵ قۆناخی دووەمی پێلانە شۆڤێنیەکەی ئوسامە نجێفی و تاقمە رەگەز پەرستەکەی بوو بۆ گۆرینی ناسنامەی فرە نەتەوەو فرە ئاینی شاری موسڵ، ئەمەش رەنگدانەوەی ئەو بیرە شۆڤێنی و رەگەزپەرستانەیە کە هەر لەدەسپێکی دەمەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە ئەم وڵاتەی کردۆتە گۆمی خوێن و هەموو هەوڵی بۆ ئەوە بووە کە شەڕی ئەم بیروبۆچوونە رەگەز پەرستیانەی کە خەون بە عروبە وشۆڤێنیەتەوە دەبینن، بیکەنە شەری نێوان کورد و عەرەب و، عەرەب و مەسیحی، شەری نێوان ئیسلام وکریستیان و ئیسلام و یەزیدی.

بەڵام سەرکردایەتی شۆرشی کوردستان هەر لەدەسپێکی شۆرشی دووەمی بارزانەوە لە نیەتی ئەو خیتابە شۆڤێنیە تێگەیشتووە، بۆیە جەنابی بارزانی نەمر لە ساڵی ١٩٤٣ زۆر راشکاوانە پەیامی شۆرشی ئاراستەی عەبدولرەحمان عەزام پاشای سەرۆکی کۆمکاری عەرەبی کردو پێی راگەیاند کە کورد کێشەی لەگەڵ رژێمە عەرەبیەکەی عێراقە نەك لەگەڵ گەلی عەرەبی برا لە عێراقدا، ئەم بۆچوونەی سەرۆك بارزانی نەمر بە درێژایی زیاتر لە ٦٦ ساڵە بۆتە رێچکەی خەباتی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان هەر لە شۆرشی ئەیلول و گوڵان و هەتا ئێستاش کە خاوەنی هێزێکی پێشمەرگەی یاسایین بە پێی دەستووری عێراق و ئەرکە نیشتمانیەکانی خۆی جێبەجی دەکات.

### موسڵ بە فرە ئایینی و فرە نەتەوەییەوە جوانە

ئوسامە نجێفی و حەنینن قەدۆ و تاقمەکانیان ترسی ئەوەیان لێ نیشتووە، ئەو بەرنامەیەی لیستی ٢٣٦ بۆ هەڵبژاردنەکانی پارێزگای نەینەوا ئامادەی کردووە و ئەو پێکهاتە هەمەرەنگەی لەو لیستەدا رەنگیداوەتەوە خەونەکانیان بۆ هەتا هەتایە لە گۆر بنێت و جارێکی دیکە نەتوانن بەرێگەی ئەو بیرە شۆفێنزمیە خەو بەگەرانەوەی دیکتاتۆریەتەوە ببین، هەربۆیە بە چەندین رێگەی جۆراو جۆر هەوڵیاندا یەکریزی و برایەتی نێوان نەتەوەو ئایینە جیاوازەکانی شاری موسڵ و تەواوی پارێزگای نەینەوا بشێوێنن سەرەتا بە رێگەی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان و دروستکردنی کۆتایی وەهمی و خەیاڵی :

١- دانانی کۆتاییەکی جیاواز بۆ کوردی شەبەك، بەبیانووی ئەوەی کوردی شەبەك مەزهەبی جیاوازە، بەڵام ئەوەیان لەبیرچوو کوردی شەبەك بەو دەمامکە شۆڤێنیانە هەڵناخەڵێت و بێجگە لەوەی رێژەی کوردی شەبەك لەو کورسیە زیاترە کە کۆتاکە بۆی دیاریکردوون، لە هەمانکاتدا یەکەم ئەنفال کەبەسەر کورد هاتووە، ئەو ئەنفالە بووە کەدژی کوردی شەبەك پیادەکراوە و هەروەها ماوەی ٦ ساڵە رژێمی دیکتاتۆری سەدام حوسێن رووخاوە کەچی تائێستاش کوردی شەبەك لە سنوری پارێزگای موسڵ بە هاوڵاتی پلە دوو حسابی بۆ دەکرێت و ئەو مافەی نیە موڵکەکانی بە ناوی خۆی وەك کورد تاپۆ بکرێت، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا کوردی شەبەك دەنگ بە کەسێکی وەك حەنین قەدۆ دەدات کەنەك هەر خۆی بە



کورد نازانێت ئامادەش نییە بەرگری لە مافی ئەو کەسانەش بکات کە خۆی بە نوێنەریان دەزانێت، هەربۆیە کوردی شەبەك خۆی دەزانێت کێ نوێنەرایەتی دەكات و دەشزانێت چۆن بریار لە چارەنووسی خۆی بدات، بێگومان شەبەك گەیشتۆتە قەناعەت کە تەنیا لیستی **٢٣٦** نوینەرایەتی دەكات بۆ یە بڕیاریداوە ئەو کۆتا وەهمیەش بگێڕێتەوە کە کەسانی وەك ئوسامە نجێفی و حەنیین قەدۆ بۆ تێکدانی ریزەکانی هاوڵاتیانی موسڵ دەدەن.

**٢-** دانانی کۆتایەك بۆ کوردی یەزیدی کە رەسەنترین کورد کوردی یەزیدیە، یەزیدی نەك هەر تەنها بە نەتەوە کوردە بە ڵکو ئاینەکەشی بە کوردییە، بۆیە سەیرە هەوڵبدرێت ئێزدی بە ئایین لە کورد جیابکرێنەوە و شەبەك بەمەزهەب جیابکرێتەوە،ئەوەی لەمەش سەیرترە ئەوەیە کە ئەو کۆتایەی بۆ یەزیدیەکان دانراوە یەك کورسیە لە کاتێکدا حاڵی حازر لە نێو لیستی برایەتی و نەینەوا **٩** پاڵیوراویان هەیە کە پاشتر بەپێی رێژەی ئەو کورسیانەی کە لیستی برایەتی نەینەوا وەریدەگرێت رێژەی خۆیان وەردەگرن، هەر بۆیە کوردی یەزیدی پێش ئەوەی بچێتە دەنگدانەوە دەزانێت دەنگدان بە هەر لیستێك بێجگە لە لیستی برایەتی نەینەوا هەنگاوێکە بۆ دووبارە جینۆسایدکردنی کوردی یەزیدی.

**٣-** دانانی کۆتایەك بۆ برا کریستیانەکان دەسنیشانکردنی یەك کورسی بۆ برا کریستیانەکان، ئەوەی جێگەی خۆشحاڵی بوو لەو کاتەی ئوسامە نجێفی و تاقمەکەی هەموو هەوڵیان بۆ ئەوەبوو کورد و مەسیحی لێکجیابکەنەوەو کورد و هێزی پێشمەرگە بەوە تاوانبار بکەن کە دەستیان هەیە لە راودونانی کریستیانەکانی موسڵ، چەندین حزب و لایەن کە نوینەرایەتی کریستیانەکانی موسڵ دژی ئەو کۆتایە بایکۆتی هەڵبژاردنەکەیان کرد و بریاریاندا وەك لیستی کریستیانی سەربەخۆ بەشداری ئەو هەڵبژاردنە نەکەن، ئەو کۆتایەی بە یەك کورسی کریستیانەکانی قەبارەی کریستیانەکانی موسڵ دەسنیشان دەكات گاڵتەکردن و سوکایەتی کردنە بە نەتەوەیەکی برا کە لەسەردەمی ئاشورەوە بەشدارن لە بونیادی عێراق وشارستانیەتی دۆڵی رافیدەین، کریستیانەکان لەوە هۆشیار ترن کەسانی وەك ئوسامە نجێفی فێلیان لێبکات یان چەواشەیان بکات یان بکەونە ئەو داوایەی برایەتی نێوان کورد و کریستیان تیکبچێت، وەك جەنابی سەرۆك بارزنانیش لە دیدارەکەی لەگەڵ کریستیانەکانی موسڵ ئاماژەی پێکرد، ئێمە تەنانەت لەیەك برای کریستانەوە گوێبیستی ئەوە نەبووین کە دژی کورد یەك لێدوانی دابێت، بەڵام ئاشکرابوونی پیلانەکەی نجێفی هەموو دیدوبۆچوونە شۆ ڤێنیەکانی ئاشکرا کرد، هەربۆیە ئێستا کریستیانەکان نەك هەر ئامادەن لیستی **٢٣٦** بە لیستی خۆیان بزانن، بەڵکو داوا دەکەن لەو شۆ ڤێنیانە دوور بخرینەوە و ناوچەکانیان بخرێتە سەر هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی بەو مافانە شادبن کە براکانیان لە هەرێمی کوردستان پێی شاد بوون.

**٤-** ئێستا دوای ئەوەی نجێفی و ئەوانەی وەك نجێفی بیردەکەنەوە هەموو پیلان و رەفتارە رەگەزپەرستەکانیان ئاشکرا بوو، شیوەن بۆ عروبەی موسڵ دەکەن و بەوە کورد تۆمەتبار دەکەن گوایا کورد دەیەوێت ناسنامەی عروبەی شاری موسڵ لە ناوبەرێت، بەڵام وەك برا کریستیانەکان لە دیداری سەرۆك بارزانی ئاماژەیان پێکرد، ئەگەر رۆڵی کورد و کریستیان نەبوایە دوای تەواو بوونی جەنگی یەکەمی جیهانی ئەسڵەن ویلایەتی موسڵ بەشێك نەدەبوو لە عێراق و ئەوانەی ئێستا شیوەن بۆ عروبەی موسڵ دەکەن، دەبوایە لە دەرەوەی شاری موسڵ بوونایە، هەروەها خۆیان لەو راستیە گێل دەکەن کە بەرێز پارێزگاری موسڵ کە برایەکی بەرێز وناسراوی عەرەبی شاری موسڵە و زۆرشانازیش بەنەتەوەی عەرەب دەكات و یەکێك بووە لە پاڵێوراوانی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە هەڵبژاردنی پێشوودا.هەربۆیە بۆیە لەبەرنامەی لیستی برایەتیدا موسڵ شاری عەرەب و تورکمان و کورد و کریستانە و بە جوانی شاری دووبەهاریش وەك سروشتەکەی بە پێکهاتە هەمە رەنگەکەیەوە جوانە و کاتی ئەوە هاتووە سەرجەم پێکهاتەکانی موسڵ پێش هەموان لە برا عەرەبەکانی شاری موسڵەوە تا دەگاتە کورد و کریستیان و تورکمان و کورد دەست بخەنە ناو دەستی یەك و لە رێگەی سندوقەکانی دەنگدانەوە بەیەك دەنگ بڵین عێراقی نوێ جێگەی بیروبۆچوونە شۆڤێنیەکانی ئوسامە نجێفی و حەنیین قەدۆ و هاوشێەکانی تیا نابێتەوە.

## دەنگدان بەلیستی ٣٣٣
## زەماوەندی پێکەوەژیانی ئاشتیانەیە لەسەرحەمرین




لــە هەموو قۆناخێکی ئینتقالیدا دەنگە ئاشــتیخوازەکان بۆ بونیادنەوەی وڵات بە شــێوازێکی نــوێ و هەڵدانەوەی لاپەرەیەکی تــازە بۆ پێکەوە ژیانی ئاشــتیانەو برایەتیانە، ســەرەتا دەنگی کەمینەیەو زۆرینە هێشتا لەسەری رانەهاتووە، ئێستا بەشــداری لیستی هاوپەیمانی کوردستان بە ناوی لیســتی برایەتی و پێکەوە ژیان و بــە پێکهاتەی کوردو عەرەب و تورکمانەوە، ئەو پەیامەیە کە خەڵکانی وەك ساڵح موتڵەگ وەرس دەکات و لایەنگرانی دیموکراســی و بونیادنانەوەی عێراقی ونوێ و سرینەوەی ئاســەوارە درندانەکانی رژێمی پێشوو دلشــاد دەکات،بەرنامەی لیستی برایەتی و پێکەوە ژیان ئەو پەیامەیە کە ئەو ســەردەمە بەســەر چوو کە پێکەوەژیانی بەزۆر و جیاکردنەوەی بەزۆر بەســەر هیچ نەتەوە گەلێکدا بسەپێنرێت، کە شــەپاندن هەبوو ئازادی نامێنێت، تاسەر ئەو سەپاندنەش سەرکەوتوونابێت،

لیســتی برایەتی و پێکــەوە ژیان بە گەلی عەرەبی بــرا لە پارێزگای ســەلاحەدین دەڵیت، راستە ئەم پارێزگایە وەك سیمایەك بۆ رژێمی پێشوو ئامــاژەی پێدەکرێت بەڵام ئێمە لەگەڵتان دەژین و دەزانیین زۆربەتان وەك ئێمە مافخورا وچەوساوە بوون و توێژێکی کەمی ئەم پارێزگایە داردەستی رژێمی پێشــوو بــوون و نابیت رێگە بدەین هەڵگرانی ئــەو بیربۆچوونە دیکتاتۆریانــە جارێکــی دیکە مێــژووی خوێناوی دووبــارە بکەنەوە، دەیانەوێت بە گەلی عەرەبی پارێزگای سەلاحەدین بڵێن کە جیاکردنەوەی قــەزای دوز خورماتوو لەکەرکوك وبە جیاکردنــەوی کورد و تورکمان لە کەرکوك و هەرێمی کوردســتان، گەلی عەرەبی برا بەهێز نابێت و خۆشی بە بەهێز بزانیت شایســتەی ئەوە نابێت بەشێك بێت لەنەتەوەیەکی ئازاد، لەبەر ئەوەی هەرگەلێك هەوڵبدات گەلێکی دیکە بچەوسێنێتەوە خۆیشی ئازاد نابێت، دەیانەوێت بە ســەرجەم هاوڵاتیانی پارێزگای ســەلاحەدین بڵێن، بەداخەوە خیتابە شــۆڤێنیەکانی لایەنی عەرەبی بەرنامە و خیتابی هەڵبژاردنــی مۆدرێنی لە بیر دەنگدەران بردۆتەوە، ئێســتا دەنگدەرانی پارێزگای ســەلاحەدین لەسەر بنەمای کورد و تورکمان و عەرەبی رەسەن بەرامبەر بەو خیتابە شۆڤێنیە رادەوەستەنەوە، هەربۆیە دەنگدان بە لیستی ٣٣٣ دەنگدانە بە پێکەوە ژیانی ئاشــتیانە و لە گۆرنانی خۆســەپاندن و بیری شۆڤێنی.

## دەنگدان بە لیستی ١٧٣
## دەنگدانە بە کوردستانیەتی خانەقین و دەوروبەری




رژێمی پێشــووی عێراق بــە چەند قۆناخێك لە رێگــە پارێزگای دیالەوە هەوڵیداوە نەك هەر کورد تەعریب بکات و لەســەر زێدی خۆی دەیانبکات، بەڵکــو هەوڵیــداوە دیموگرافیــای ئــەم پارێزگایە بگۆرێت و شــەری رەگەزپەرســتانەی رژێمی دیکتاتۆریانەی بەعس دژی کورد بکاتە شەری نێوان کورد و عەرەب و لەبەر ئەوەی کوردی ئەم ناوچەیە بەشــێکی زۆریان ســەر بە مەزهەبی شیعەن، هەوڵیدا بیکاتە شــەری نێوان شیعەی کورد و شــیعەی عــەرەب، هەربۆیە ئەو ماڵە عەرەبانەی کــە دەیهێنان بۆ ئەوەی شــوێنی ماڵە کوردەکان لە خانەقین و سەعدیەو جەلاولا ومەندەلی بگرنەوە، بەشێکیان عەرەبی شــیعە بوون، کورد لە قۆناخی یەکەمدا بەرپەرچی ئەم سیاســەتەی بە کۆچکردن بــەرەو بەغدا دایەوە و بەشــێکی زۆری کوردە فەیلیەکان روویان کردە بەغدا و ئەوەشی کەمابوو رژێمی بەعس رایگواستن بۆ گوند و شــار و شارۆچکەکانی باشــوری عێراق و ناوچە بیابانەکانی عێراق، لە ســاڵی ١٩٨٠ رژێمی بەعس بەمەش رانەوەســتا بۆیە بە ناوی ئەوەی کوردی فەیلی شیعەن، تەبەعیەتیان ئێرانیە زۆربەی ئاودیوی سنور کردن بۆ ئێران و ماڵو مولکیشــیان دەستی بەســەردا گیرا، ئێستا لیستی هاوپەیمانی کوردستان کە بەشداری هەڵبژاردنەکانی پارێزگای دیالە دەکات ولە هەڵبژاردنی پێشــوودا دووەمین دەنگی ئەو پارێزگایەی بەدەست هێناوە هەوڵدەدات بۆ :

١- ســرینەوەی ئاسەوارەخراپەکانی سیاســیەتی رژێمی دیکتاتۆری و بو نیادنانەوەی برایەتی لە نێوان کورد و عەرەب و کورد و شیعە.

٢- هەوڵدانــە بــۆ گێرانەوەی هەق بــۆ خاوەنەکــەی و قەرەبوکردنەوەی ئەوعەرەبانەی بونەتە قوربانی دەستی سیاسەتەکانی رژێمی پێشوو.

٣- راستکردنەوەی ئەو شێواندنە دیموگرافی و ئیداریە کە رژێمی پێشوو بۆ ئامانجی تایبەتی خۆی شێواندویەتی، بەڵام راستکردنەوەیەکی دەستوری و یاسایی و بە رێزگرتن لە بنەماکانی مافی مرۆڤ و بەگەرانەوە بۆ ئیرادەی هاوڵاتیانی ناوچەکە لە چوارچێوەی ریفراندۆمێکی ئازاد و عادیلانەدا.

٤- هەوڵدانەبۆ راستکردنەوەی ئەو چەمکە شۆڤێنیانەی کە هەموو هەوڵی بۆ ئەوەیە پێکهاتەکانی عێراق لە پێناوی بیری شۆڤێنی عروبەدا بتوێنێتەوە، هــەر بۆیە هاوپەیمانی کوردســتان دەیەوێت هاوڵاتیانــی دیالە بە کورد و تورکمان و عەرەبەوە بەو ئاراســتەیە هۆشیار بکاتەوە، بەگەرانەوەی هەندێك

ناوچـــە کە ژمارەیەك عەرەبی تیدایە ئـــەو عەرەبانە نابن بەکورد، هەروەها تورکمان وکریســـتیانیش نابن بەکورد، بەڵکو کورد هەر کورد دەبێت، عەرەب هەر عەرەب دەبێت، تورکمان هەر تورکمان و کیســـتیانیش هەر کریســـتیان دەبیت، بەڵام هەموو پێکەوە دەبنە شـــەبەنگە جیاوازەکانی گەلی کوردستان کە بەشـــێوەیەکی ئارەزوومەندانە لە چوارچێـــوەی عێراقدا دەڵین، لەمەش زیاتر هاوپیمانی کوردستان دەیەوێت بە هاوڵاتیانی دیالە بڵیت، ئەم پەیامە بـــۆ جیاکردنەوەی کورد نییە لە پێکهاتـــەی هەمەرەنگی گەلانی عێراق و ئەو ناوچانەش بگەرێنەوە ســـەر هەرێمی کوردســـتان هێشتانیوەی ژمارەی دانیشـــتوانی هەرێمی کوردستان، کورد لە شارەکانی دیکەی عێراق دەژی، هەرگیـــز ئەو کردەی لە بەغـــدا دەژی نابێتە عەرەب و ئـــەو کوردەی لە واســـت دەژی نابێتە عەرەب و بە بوونی کوردیش لە وناوچانە ناســـنامەی عەرەبی بەغدا نابێتە ناســـنامەی کوردستانی وهەروەها پارێزگای واستیش نابێتە یەکێك لە پارێزگاکانی کوردستان، هەربۆیە دەنگدان بە لیستی ١٧٣ دەنگدانە بە برایەتی و پێکەوەژیان و لابردنی ئەو زوڵم و ستەمەی بەدرێژای مێژوو لەسەر جەم گەلانی عێراق کراوە.

## دەنگدان بەلیستی ٤٣٩
## دەنگدانە بە پایتەختی فیدرالی و دەنگدانە بە دیموکراتی




لیستی هاوپەیمانی کوردستان نووسینگەی (بەغداد)
ژمارە (٤٣٩)

ئەگەر کێشـــەی بەغدا چارەســـەر بکرێت و بەغدا شاری هەموان بێت و هەموو بگەنە قەناعەت بەغدا رایەڵی بەیەکەوە هێشتنەوەی یەکپارچەیی عێراقـــە و ئەگەر بتوانرێت لەبەغدا ئاســـایش و ســـەقامگیری دابین بکرێت و هەموو پێکهاتە جیاوازەکان لەبەردەمی یاسا یەکسان بن، ئەوا دەتوانینن بڵێین ٪٨٠ی کێشـــەکانی عێراق کۆتایی هاتووە و دەتوانین بڵێین عێراق شایســـتەی ئەوەیە وەك وڵاتێکی فرە نەتەوەو فرە ئایینەو بە شـــێوەیەکی ئارەزومەندانە بەیەکگرتوویی بمێنێتەوە، ئەگەر کێشەی بەغدا چارەســـەر بکرێت ئیدی کەسانی وەك سەرۆك وەزیرانی ئێستای عێراق ئەو مافە بە خۆی نادات بانگێشـــە بۆ هەمووارکردنی دەستوور و گەرانـــەوە بـــۆ مەرکەزیەت بکات و بنەماکانـــی دەوڵەتی فیدرالی تێکبشـــکێنێت، سەرۆك وەزیران ئەو مافە بە خۆی نادات پەیوەندی بە جاش وخۆ فرۆشـــەکانی دوێنیەوە بکات و هەوڵبدات جارێکی دیکە بە ناوی هێزی ئیســـنادەوە سیستەمی جاشـــایەتی لە کوردستاندا زیندوو بکاتـــەوە، هەوڵنادات دژی عەرەبی شـــیعە رەفتار بـــکات، هەروەك بەرێـــز عـــادل عەبدولمەهدی بێزاری خۆی دەربـــری، رێگە بە خۆی نادات لەبەرامبەر ئەنجوومەنەکانی ســـەحوە، عەشائیریبە ناوی هێزی ئیســـناد کۆبکاتەوە و ماڵی دەوڵەت بـــۆ بەهێزکردنی حزبی دەعوا بە کار بهێنێت،هەربۆیە پەیامی هاوپەیمانی کوردســـتان بۆ رزگارکردنی بەغدایە لە خۆسەپاندنی نەتەوەیەك دژی نەتەوەیەکی دیکە، مەزهەبێك دژی مەزهەبێکی دیکە، حزبێکی شیعە دژی حزبێکی دیکە،بەرنامەی هاوپەیمانی کوردستان و لیســـتی ٤٣٩ ئەوەیە کە بەغدا خۆسەپاندنی هیچ لایەك قبوڵ ناکات، بە غدا گەورەترین شـــاری شـــیعە وسونە و کورد و ســـەرجەم پێکهاتەکانی عێراقە و بەغدا کلیلی هاوســـەنگی و مافی هاەڵاتیبوونە لە عێراقدا، بۆیە بە غدا بەرگەی ئەوە ناگرێت وەك شاری شیعە یان سونە یان کورد سەیر بکرێت، دەبێت پیش هەر شوێنێك لە بەغدا یاســـا هەبێت و دەســـتور پیادەبکرێت و بیر اە خزمەتگوزاری مەدەنی بکرێتەوە، نەك دروســـتکردنی ناسنامەی شیعەو سونە کە ئەم بۆچوونە نەك هەر بەغدا بەڵکو ســـەرجەم عێراق رووبەرووی کارەسات دەکاتەوە، هەربۆیە دەنگدان بە لیســـتی ٤٣٩ دەنگدانە بە دیموکراتی و بە جێبەجیکردنی دەستور، دەنگدانە بە ئاشتی و سەقامگیری بەغدا کە بەغدا وەك پایتەختی دەوڵەتی فیدرالی عێراق شایستەی هەموو هەوڵ و قوربانیدانێکدا و بەغدا شایســـتەی ئەوەیە لە پێناویدا دەستبەرداری بیرو بۆچوونە مەزهەبی و قەومیەکان ببینەوە.

## بەشداری کورد لە هەڵبژاردنەکانی واست
## بروابوونی کوردە بە یەکپارچەیی عێراق




لیستی هاوپیمانی کوردستان نوسینگەی (واست)
ژمارە (٤٣٩)

بەشـــداربوونی کورد لە پارێزگای واست بەلیستی ٤٣٩ کە هەمان ژمارەی ئەو لیســـتەیە کە لەبەغداش بەشـــداری پێدەکات، مانای ئەوەیە کورد کە بەشـــداری پرۆســـەی دەنگدان لە عێراقدا دەکات یەکەمجـــار لە پێناوی دیموکراتی و یەکێتی ئارەزوومەندانەی عێراق بەشداری دەکات و دیموکراتی و پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانەش بە چارەســـەری سەرجەم کێشەکانی عێراق دەزانێت هەر لە زاخـــۆوە تا فاو، بەڵام ئەم ئاماژەکردنەی کورد بە یەکێتی خاکی عێراق لە زاخۆوە تا فاو، وەك ئاماژەکردنی بەعســـیەکانی دوێنێ و هاوبیرەکانی ئەمرۆیان نییە، بۆئەوەی لە زاخۆ تا فاو بەبەشێك لە نەتەوەی عەرەب یان نەتەوەی کورد بزانێت، نەخێر بۆ ئەوەیە بە جیهان بڵێت بە هێزی عێراق لە پێکهاتە جیاواز و هەمەرەنگە ئایینی و مەزهەبی و نەتەوەیەکەیتی و کورد لە هەر شـــوێنکی عێراق بژی خـــۆی بە کورد دەزانێت و کوردیش بە یەکێك لە گەلە ســـەرەکیەکانی عێراق دەزانێت و خۆشـــی بە پێشەنگی بونیادی دیموکراتی لە عێراقدا دەزانێت، هەربۆیە کاتێك لە واست دەژی یان بە غدا وەك برا کوردەکانی لە هەولێر و ســـلێمانی خەمی سەرەکی بونیادی دیموکراتی و دامەزراندنەوەی عێراقە لەسەر بنەمای یەکێتیەکی ئارەزمەندا و هەربۆیە دەنگدان بە لیســـتی ٤٣٩ لە واســـت دەنگدانە بە دیموکراتی و دەنگدانـــە بە یەکپارچەیـــی عێراقی فیدرالی و کۆتایی هێنان بەشـــەر و دەستپێکی بونیادنەوە و خۆشگوزارنی بۆ سەرانسەری عێراق.

فەرەج حەیدەری سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق بۆ گوڵان:

# ڕۆژی ١/٢٨ هەڵبژاردنی تایبەتیە بۆ هێزەکانی سەربازی و ئاسایش و پۆلیس و نەخۆشخانەکان و بەندکراوەکانی بەندیخانەکانی عێراق و هێزەکانی ئەمەریکا لەعێراقدا

بەڕێز فەرەج حەیدەری سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژادنەکانی عێراق لەم دیمانە تایبەتەی گوڵاندا وەك سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان وردەکاریەکانی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن و کات و ساتی هەڵبژاردنە گشتیەکان کە ڕۆژی ٢٠٠٩/١/٣١ بەڕێوە دەچێت و هەوەها کات و ساتی هەڵبژاردنە تایبەتیەکان ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە لە ڕۆژی هەڵبژاردنە گشتیەکە ناتوانن دەنگ بدەن وەك برایانی هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس و سوپا کە ئەو ڕۆژە ئەرکیان پاراستنی کەشوهەوای سەقامگیری هەڵبژاردنەکان دەبێت، هەروەها نەخۆشەکانی ناو نەخۆشخانەکان و بەندکراوەکانی نێو بەندیخانەکانی عێراق و بەندیخانەکانی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا، ئەمانە بە تایبەتی لە ڕۆژی ٢٠٠٩/١/٢٨ دەنگدەدەن.



بەڕێز حەیدەری لەم دیمانەیەدا شێوازی دەنگدان بۆ خوێنەرانی گوڵان ڕووندەکاتەوە بەوەی شێوازی دەنگدان بە سیستەمێکی تێکەڵاو دەنگدەر لەیەك کاتدا دەتوانێت دەنگ بە تێکڕای کیانە سیاسیەکە بدات هەروەها دەشتوانێت یەکێك لە پاڵیوراوانی ناو کیانە سیاسیەکە هەڵبژێرێت و دەنگی بۆبدات،لایەنێکی دیکەی گرنگ کە بەڕێزی لەم دیمانەیە باسی کردووە بەشداری چاودێری هەڵبژاردنە بەسەر هەڵبژاردنەکانەوە کە بریتین لە چاودێرانی کیانە سیاسییەکان و ئەو چاودێرانەی کەنەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراقدا مەشقی پێکردوون و هەروەها ئەو چاودێرە نێو دەوڵەتیانەی لە دەولەتانی دەرەوە بۆ چاودێری هەڵبژاردنەکە دێنە عێراق.

لەبەشێکی دیکە ئەم دیمانەیە فەرەج حەیدەری وەك رای شەخسی خۆی باسی هەندێك لایەنی دیکەی ئەم پرۆسە گرنگە دەکات بە تایبەتی دابەشبوونە سیاسییەکانی نێو لایەنە سیاسییەکانی عێراق و هەروەها بەحکومی ئەوەی خۆشی لە بەغدایە لەسەر هەڵمەتەکانی هاوپەیمانی کوردستان لە هەڵبژاردنەکانی بەغدا کردووە، ئەمەش دەقی دیمانەکەی گوڵانە لەگەڵ بەڕێز فەرەج حەیدەری.

**●بەڕێزتان وەك سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق، دەتوانن باسێکی کورتی ئەم هەڵبژاردنەمانە بۆ بکەن؟**

- پێش هەموو شت هەڵبژاردنی پارێزگاکانی عێراق هەموو پارێزگاکانی عێراق دەگرێتەوە بێجگە لە ٤ پارێزگا کە ئەوانیش هەولێرو کەرکوك و سلێمانی و دهۆکە،واتە ئەم هەڵبژاردنە ١٤ پارێزگای عێراق دەگرێتەوە کە نزیکەی ١٥ ملێۆن کەس مافی دەنگدانی هەیە،هەروەها ڕێژەی کورسیەکانی ئەنجوومەنی

پارێزگاکانیش بەپێی ڕێژەی دانیشتوانی پارێزگاکان جیاوازی هەیە، واتە ئەگەر ژمارەی دانیشتونی پارێزگاکا زۆر بوو ئەوا ڕێژەی کورسیەکانی ئەنجوومەنی پارێزگا زیاتر دەبێت و ئەگەر کەمتریش بوو دیارە ڕێژەی کورسیەکانی پارێزگاکا کەمتر دەبێت.تێکرای ئەو کورسیانەی کە هەموو ئەنجوومەنی پارێزگاکانی لێپێکدیت ٤٤٤ کورسیە، بۆ بردنەوەی ئەم کورسیانە لە هەر ١٤ پارێزگاکە،١٤٣٥٠ پاڵیوراو خۆی پاڵاوتووە.ئێمە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەم هەڵبژاردنە نزیکەی ٢٧٠،٠٠٠ کارمەندمان دامەزراندووە، لەبەرئەوەی ٤٢ هەزار وێستگەی دەنگدانمان هەیە،کۆی ناوەندەکانی دەنگدان ٧٠،٠٠٠هەزارە،نزیکەی ٤٠،٠٠٠ چاودێرمان هەیە کە تەنها ڕێکخراوی یونامی بۆ ئەم ئەرکە مەشقی پێکردوون ئەمانە لە وەك ڕێکخراوی مەدەنی، کیاناتی سیاسی زیاتر ١٠٠،٠٠٠هەزار نوینەری کیانە سیاسییەکانن سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکە دەکەن، سەبارەت بە چاودێری بیانی زۆر لایەن ئامادەباشی خۆی پیشانداوە کە نوینەری خۆیان وەك چاودێر بۆ ئەم هەڵبژاردنە بنێرن وەك یەکێتی ئەورووپا کە نوینەریان ماوەی ١٠ ڕۆژە بۆ ئەو ئەرکە هاتۆتە عێراق، کۆمکاری عەرەبی پەیوەندیان پێوەکردین ونزیکەی ١٤-١٦ چاودێر دەنێرن، کۆنگرەی ئیسلامی باڵیوزەکەیان پەیوەندی پێوەکردوین و پێی ڕاگەیاندوین کە چەند وڵاتێك حەزدەکەن نوێنەری خۆیان وەك چاودێر بنێرن، بۆ هەماهەنگی و ڕێکخستنی ئەم چاودیرە نێودەوڵەتیانە لەسەر هەڵبژاردنەکان نوینەری یەکێتی ئەورووپا پێی ڕاگەیاندن،کەئەوان سەرپەرشتی ئەم کارە دەکەن و هەماهەنگی لەگەڵ هەموو ئەو لایەنانە دەکەن کو نوێنەری خۆیان وەك چاودێر بۆ ئەم هەڵبژاردنانە دەنێرن، ماوەی چەند ڕۆژێکە لە چەندین وڵاتەوەوە نامەمان پێدەگات کە ئامادەن نوینەرانی خۆیان بنێرن،وەك ئەمەریکا، بەریتانیا، فەرەنسا، ئوستراليا، نەمسا،ئەڵمانیا.. چەندی دیکەش کە لەوانەیە لە چەند ڕۆژی دادی نامەی ڕازیبوون خۆیان بنێرن بۆئەوەی نوێنەری خۆیان وەك چاودێر بەسەر هەڵبژاردنەکانەوە بنێرن بۆ عێراق.

**●ئایا ئێوە وەکو کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان چۆن خۆتان بۆ ئەم ئەرکە گەورەیە ئامادەکردووە؟**

-ئێمە وەك کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ئەو ڕێوشوێنانەی پێویست بوون بۆ ئەم هەڵبژاردنانە بگیرێنە بەر و ئەو کەلوپەلانەی پێویستن بۆ ئەم هەڵبژاردنە ئامادەمان کردووە،وەك:

١- ئامادەکردنی سیستەمێك بۆ چۆنییەتی لێکجیاکردنەوەی دەنگەکان و هەژمار کردنیان.

٢- ئامادەکردنی سیستەمێك بۆ وەرگرتنی ئەو شکات و ڕەخنەو گازندانەی لە هەڵبژاردنەکاندا دەکرێن.

٣- سیستەمی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن.

٤- سیستەمێك بۆ دابەشکردنی کورسیەکانی پارێزگاکان.

بێگومان ئەم سیستەمانە زۆرن ژمارەیان ١٦--١٥ سیستەمە هەموویان تەواو بوون.

**●ئەی ئێستا خەریکی چین ؟**

_ بێگومان هاوکات لەگەڵ دامەزراندنی ئەم سیستەمانە چەند هەوڵیکی دیکەمان هەبووە و هەربۆیە دەتوانم بڵیم هەوڵەکانمان لەچەند لایەکەوە بووە و ئێستا هەموو ئەو پێداویستیانەی بۆ ئەم هەڵبژاردنە پێویست بوون گەیشتوونەتە عێراق یان لە یەك دوو ڕۆژی دادی دەگەن، وەك مەرەکەب دەنگدان، تۆماری دەنگدەران، سندوقەکانی دەنگدان،کارتی دەنگدان،ئەمانە هەمووی لەرێگەی هەر٣ فرۆکەخانەی بەغداو بەسراو موسڵەوە دەگەنە عێراق.

**●ڕۆژی دەنگدان بە ڕۆژی ٣١ی کانوونی دووەم دەسنیشانکراوە ئای هەموو دەنگدانەکان لەم ڕۆژەدا دەکرێت ؟**

- بە دووجۆر ئەم دەنگدانە بەڕێوە دەچێت:

یەکەمیان: دەنگدانی گشتیە کە ڕۆژی ٣١ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٩ یە.

دووەمیان: دەنگدانی تایبەتیە کە ڕۆژی ٢٨ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٩ بەڕێوە دەچێت، ئەم دەنگدانە تایبەتە ئەم خەڵکانە دەگرێتەوە : (هێزە سەربازیەکان، هێزەکانی پۆلیس، بەندکراوەکانی نێو بەندیخانەکانی ئەمەریکا لە عێراق، بەندکراوەکانی ناو بەندیخانەکانی عێراق،نەخۆشخانەکان، ) ئەمانە لەرۆژی ٢٨ی کانوونی دووەم دەنگدەدەن، باقیەکەی دیکەی لە ڕۆژی ٣١ی کانوونی دووەم دەنگدەدەن.

**●لایەنێکی دیکەی گرنگ مەسەلەی دیاریکردنی باری ئاسایشە، لەبەرئەوەی لەم ڕۆژەدا مەترسی کاری تیرۆریستی و تێکدانی کەشوهەوای هەڵبژاردنەکە زۆر زۆرە ؟**

- ئەمە مەسەلەیەکی گرنگە و پێش ساڵێك بیری لێکراوەتەوە و بۆ ئەم مەبەستە لیژنەیەك بەسەرۆکایەتی بریکاری وەزیری ناوخۆی عێراق بۆ ئەم ئەرکە، واتە پاراستنی سەقامگیری لە ڕۆژی هەڵبژاردن دامەزراوە، لەم لیژنەیەدا نوێنەرانی وەزارەتی بەرگری،ئەمنی، لەگەڵ ئەفسەرانی پەیوەندکرنی کۆمسیۆنی باڵا،نوێنەری هێزە فرە ڕەگەزەکان، ) ئەم لیژنەیە ڕۆژانە ڕاپۆرتی خۆی بۆ کۆمسیۆنی باڵا دەنرێت و لە باردۆخەکە ئاگادارمان دەکاتەوە، تا ئێستا ئەو گرفتانەی ڕووبەڕوومان بۆتەوە هەندێك گرفت بووە لەسەر ئەو ناوچانەی پێیان دەڵین بەڵام ئەو کێشانەش بەرێکەوتن لە نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی بەغدا چارەسەرکران.

**●ئەگەر بتوانێت پێمان بڵێت: ئایا ئەو کێشانە چیبوون لەو ناوچانە ڕووبەروتان بووە و چۆن چارەسەرتان کرد ؟**

-ڕێککەوتنێك هەبوو، ئەو هێزانەی کە پارێزگاری لە ئاسایشی ئەو ناوچانە دەکەن ٥٠-٥٠ بێت،بەشێکی کە پێدەڵین هێلی A ئەوە لە پۆلیسی ناوخۆ، هێلی دووەم کە پێی دەڵین هێڵی B ئەمە لەو هێزەی سوپا بێت کە لەو ناوچانە لە هەردوولا پێکهاتوون، هێڵی سێیەم کە پێدەڵین هێڵی C ئەوە هێزە فرە ڕەگەزەکان ئەرکی پاراستنی لە ئەستۆ دەگرن، بە شێوەیە چارەسەرکرا.

**●ئایا سیستەمی ئەم هەڵبژاردنە چۆنە، بۆئەوەی هاووڵاتیان بزانن چۆن دەنگ دەدەن ئایا جیاوازیەکی هەیە لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی کە پێشتر کراون ؟**

- ئەم سیستەمەی ئەم جارە پیادەدەکرێت بۆ دەنگدان سیستەمێکی تێکەڵاوە.واتە تێکەڵاوە لە دەنگدان بەشێوازی داخراو و کراوە، ئەمەش واتە دەنگدەر دەتوانێت هەم دەنگ بە کیانێکی سیاسی بدات هەمیش دەتوانێت دەنگ بە یەك پاڵیوراویش بدات، من تەنها باسی هەڵبژاردنی بەغدا دەکەم،لەبەغدا زیاتر لە ١٠٠ کیانی سیاسی بەشداری لەم هەڵبژاردنە دەکات و هەرکیانێکی سیاسیش

●●●

**ئەم سیستەمەی ئەم جارە پیادەدەکرێت بۆ دەنگدان سیستەمێکی تێکەڵاوە.واتە تێکەڵاوە لە دەنگدان بەشێوازی داخراو و کراوە، ئەمەش واتە دەنگدەر دەتوانێت هەم دەنگ بە کیانێکی سیاسی بدات هەمیش دەتوانێت دەنگ بە یەک پاڵیوراویش بدات**

●●●




●●●
**دەنگدەر دەتوانێت دەنگ بدات بە و ژمارەیەی کە پێشتر پاڵێوراوەکان بڵاویدەکەنەوە نیشانەی لێ دەدات.واتە دەنگدەر بە دوو ڕێگە دەنگدەدات، یەکەمجار بۆ ئەو کیانە سیاسییەی هەڵیدەبژێرێت، دووەم بۆ ئەو کاندیدەی کە لە ناو کیانە سیاسییەکەدا هەڵیدەبژێرێت**
●●●

٥٧ پاڵێـــوراوی هەیە، واتە دەکاتـــە نزیکەی ٦٠٠٠ پاڵێوراو خۆی پاڵاوتووە، بێگومان نوسینی ناوی ٦٠٠٠ پاڵێوراو ئاسان نییە لەسەر کارتی دەنگدان بنوســرێت، ئەگەر هەمووی بنوسرێت واتە کارتی دەنگدان دەبێت هێندەی رۆژنامەیەکی گەورە بێت، واش بکەین زۆر زەحمەتە دەنگدەر لە نێو ٦٠٠٠ پاڵێوراودا پاڵێوراوێك هەڵبژێرێت،بۆیە ئێمە هاتووین کارتـــی دەنگدانمان بەو جۆرە کردووە، دەنگدەر یەکەم جار نیشانەیەك لەو کیانە سیاسییەدا کە هەڵیدەبژێرێت، هەروەها لە ١-٥٧ یشـــمان ( ئەمە تایبەتە بە بەغدا ) تۆمار کردووە، دەنگدەر دەتوانێـــت دەنگ بدات بـــە و ژمارەیەی کە پێشـــتر پاڵێوراوەکان بڵاویدەکەنەوە نیشـــانەی لـــێ دەدات.واتە دەنگـــدەر بە دوو ڕێگە دەنگدەدات، یەکەمجار بۆ ئەو کیانە سیاسییەی هەڵیدەبژێریت، دووەم بۆ ئەو کاندیدەی کە لە ناو کیانە سیاسییەکەدا هەڵیدەبژێرێت.بۆیە ئەگەر تەنها نیشـــانەی لە ژمارەکەدا ئەوا ئەو کارتە حساب ناکرێت لەبەرئەوەی نازانین دەنگی بۆ چ کیانێکی سیاسی داوە.

**●باس لەوەدەکرێت ڕێو شـــوێنێکی تونـــد دەگرنە بەر بۆ ڕێگرتن لە کاری ساختەو تەزویر لە هەڵبژاردنەکاندا، ئایا ئەو ڕێگەیە چیە کە بە نیازن بیگرنە بەر بۆ ئەوەی ڕێژەی ساختەو تەزویر کەم بێت ؟**

-ئێمە هەوڵمانداوە ســـوود لە هەڵەکانی ئەو ٣ هەڵبژاردنە وەربگرین کـــە پێش ئەم هەڵبژاردنە لـــە عێراقـــدا ئەنجامدراوە.بۆ نموونە لە هەڵبژاردنەکانی پێشـــوو لیســـتی تۆماری ناوی دەنگدەران لەسەر ئاستی ناوەندەکانی هەڵبژاردن بوو، بێگومان هەر ناوەندێکی دەنگدان چەند وێســـتگەیەکی دەنگدانی تێدایـــە، ئەمەش هۆکارێك بوو بۆ ئەوەی کە کەسێك بتوانێت چەند جارێك دەنگ بدات، بەڵام ئەم جارە تومارەکانمان خستۆتە سەر ئاستی وێستگەکان کە تەنها ناوی ٤٠٠ دەنگدەری تیدا تۆمار کراوە و تەنها ئەو ٤٠٠ کەسە دەتوانن دەنگ بدەن،کارتی دەنگـــدان بە ژمارەی دەنگدەران دانراوە، هەردەنگدەرێك دەچێت تەنها یـــەك کارتی هەیە ناوەکەی نیشـــانە دەکرێت ئینجا کارتی دەنگدانی دەدرێتێ،بۆیە ناتوانرێت دەنگی دووبارە بدرێت.

جیاوازیەکی دیکەی ئەم هەڵبژاردنە ئەوەیە، لە هەڵبژاردنی پێشـــوو چەند کیانێکی سیاســـی گـــەورە هەبوو وەك لیســـتی هاوبەندی یەکگرتوو شیعە، هاوپەیمانی کوردستانی،تەوافوق کەمتر بەشداری کـــرد، ئەم جارە لایەنە سیاســـییەکان زۆر پـــەرش و بڵاو بوون نەك هـــەر ئیتیلافەکان بەڵکو حزبە سیاســـییەکانیش هەندێکیان دابەش بـــوون، بۆ نموونە حزبـــی دەعوا بۆتە ٣ حزب،ئەم دابەشـــبوونەش هۆکارێکـــی دیکەی بۆ ئەوەی یەك بەســـەر ئـــەوی دیکەوە ببێتە چاودێر بەســـەر ئەوی دیکەوە، ئەمە جاری پێشوو نیە ئەو هەموو کیانە سیاســـییە بە ناوی کیانێکی سیاسی گەورەی وەك ئیئتلافی شـــیعەوە دابەزیبن، واتە ئەمجارە تەنها لە ناو ئیئتیلافی شـــیعەی پیشوودا دەیان چاودێریان بەسەر یەکەوە دەبێت. تەنانەت لە عەرەبی سونەش ململانیەکی زۆر بەهێز هەیە،گروپی حزبی ئیسلامی هەیە، گروپی سەحوە هەیە، گروپی ساڵح موتلەگ هەیە، بۆیە کۆمەڵێك هاوپەیمانی تازە دروســـت بووە، تەنها هاوپەیمانیەك گۆڕانی بەسەر

●●●
**من سەردانی سیستانیم کردو ماوەی ٧٥ خولەک (سەعات وچارەکێک) لەگەڵیدا دانیشتم، لەوەڵامی ئەم دووپرسیارە ئایەتوڵڵا سیستانی ڕاشکاوانە پێی گووتم: من پشتگیری هەڵبژاردن دەکەم و داوادەکەم خەڵک بەشداری هەڵبژاردن بکەن، بەڵام ناتوانم فەتوای شەرعی بدەم لەبەرئەوەی ترسی ئەوەم هەیە خەڵکی باش نەیەنە پۆستەکان**
●●●

نەهاتووە و لیستی هاوپەیمانی کوردستانە.بێگومان من پێشتر ئاماژەم بەوە کرد کیانە سیاسییەکان زیاتر لە ١٠٠ هەزار کەس ناوی خۆی وەك چاودێر لە کۆمسیۆنی باڵا تۆمارکردووە، ئەم ژمارە زۆرە هەر بەشێکی سەر بە کیانێکی سیاسییەوە و چاودێرە بەسەر لایەنەکە دیکەوە یان ئەو لایەنەی ململانێی لەگەڵدا دەکات. ئەمە بێجگە لە ٤٠ هەزار چاودێری دیکە کە نەتەوە یەکگرتووەکان مەشقی پێکردوون و سەرباری ئەمانەش چاودێری نێودەولەتی هەیە. لەسەرو هەموو ئەمانەشەوە لیژنەیەك لە یاساناسان دروستکراوە، ئەم لیژنەیە بۆ ئەوەیە لە کاتی هەڵبژاردن لەماوەی ٢٤ سەعات هەر پێشلکاریەك هەبێت ئەو لیژنە یاسایە ئاگادار بکرێتەوە،ئەم لیژنەیە ئەگەر گەیشتە قەناعەت و بەڵگەی پێویستی لەبەر دەست بوو راستەوخۆ بریار دەدات،ئەو کیانەی پێشلکاری کردبێت سزای خۆی وەردەگرێت، هەربۆیە من وای دەبینم لەم رێوشوینە زیاتر وەرناگرێت و لە وڵاتانی پێشکەوتووش هەر ئەوەنە دەکرێت.

**●ئێوە وەك سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لەسەرەتای ئەم مانگە سەردانی ئایەتوڵڵا عەلی سیستانیتان کرد لە نەجەف، ئایا ئامانجتان لەم سەردانە چی بوو بۆ لای سیستانی ؟**

-بەڵی من سەردانی سیستانیم کردو ماوەی ٧٥ خولەك ( سەعات وچارەکێك ) لەگەڵیدا دانیشتم،من بۆ ٢ پرسیار سەردانی سیستانیم کرد :

یەکەم : ئایا تۆ وەك ئایەتوڵڵا عەلی سیستانی پشتگیری هەڵبژاردن دەکەی.

دووەم : ئایا تۆ وەك ئایەتوڵڵا عەلی سیستانی پشتگیری هیچ کیانێکی سیاسی دەکەیت.

لەوەڵامی ئەم دووپرسیارە ئایەتوڵڵا سیستانی راشکاوانە پێی گووتم: من پشتگیری هەڵبژاردن دەکەم و داوادەکەم خەڵك بەشداری هەڵبژاردن بکەن، بەڵام ناتوانم فەتوای شەرعی بدەم لەبەرئەوەی ترسی ئەوەم هەیە خەڵکی باش نەیەنە پۆستەکان، دەترسم وەك هەڵبژاردنی پێشوو خەڵکی خراپ بێت،گووتی تۆ لە زمانی منەوە بڵی : سیستانیپشتگیری هەڵبژاردن دەکات و داوادەکات بەشداری لە هەڵبژادنەکاندا بکەن،ئەوەبوو رۆژی ٢١ی مانگیش جارێکی تەئکیدی کردەوە، سەبارەت بە پشتگیرکردنیشی بۆ لایەنێکی دیاریکراویش لە وەڵامدا پێی گووتم : نەوەڵاهی، من هەموو گەلی عێراق بەکورد و عەرەب و تورکمان و شیعەو سونەوە هەمووی وەکو یەك سەیر دەکەم، تەنها داوای ئەوەیان لێدەکە کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو هەڵبژێرن،هەروەها پێم گووت خەڵکانێك هەن بە ناوی تۆوە قسە دەکەن و شتی دیکە دەڵین، لەوەڵامی ئەمەشدا پێی گووتم : ئێستا ئەوە من راستەو خۆ پێت دەڵیم، قابیلە من هیچ ئیشوکارم نییە رۆژانە دابنیشم ئەو خەڵکە بە درۆ بخەمەوە، ئێستاش ئەوە بە تۆ دەڵیم من پەیوەندیم بە هیچ کیانێکی سیاسییەوە نیە.

**●ئایا بەرێز سیستانی سەبارەت بەو پەرتەوازەیەی نێو ماڵی شیعە بۆچوونێکی تایبەتی هەبوو، یان ئەگەر پرسیارەکە بەشێوەیەکی دیکە بکەین ئایا لەو دیدارەی تۆ لەگەڵ سیستانی باسێکی لەمجۆرە هاتە گۆرێ؟**

ــ بەرێز سیستانی ناچێتە ناو وردەکاریەکان و حەزیش ناکات باسی مەسەلە سیاسییەکان بکات، بەڵام نارازیبوونی لەسەر ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان ئێستا پێوە دیار بوو، ئاماژەی بۆ ئەوە دەکرد ئەوانەی پێشتر هەڵبژێران هیچ کاریکیان بۆ خەڵك نەکردووە، مەبەستی ئەوە بوو نەیانتوانیوە خزمەتگوزاری پێشکەشی خەڵك بکەن،هەربۆیە گووتی خوا قبوڵ ناکات ئەم خەڵکە دەنگیان بداتێ و دواتر نەتوانن خزمەتی ئەو خەڵکە بکەن،هەر بۆیە گوتی بەڵکو خوایە ئەمجارە خەڵکێکی باش هەڵبژێرن.

**●لایەنێکی دیکەی ئەم هەڵبژاردنە کە مەزندە دەکرێت گۆڕانکاری دروست بکات، ئەوەیە پێشبینی دەکرێت عەرەبی سونە بەشداریەکی فراوان بکات، ئایا ئێوە لەم لایەنەوە چۆن سەیری هەڵبژاردنەکە دەکەن؟**

ــ من وەك سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان شرۆڤەی ئەم باردۆخە ناکەم، بەڵام وەك راسی شەخسی خۆم واتە وەك فەرەج حەیدەری نەك سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، دەتوانم رای خۆم لەسەر ئەم مەسەلەیە دەربرم.،ئەوەی من دەیبنم و لەم باردۆخە دەیخوێنمەوە ئەوەیە ئەم قۆناخە قۆناخی ئینتقالیە، لەبەرئەوەی قۆناخی ئینتقالیشە محاسەسەی تائیفی کۆتایی نایەت، بەڵام ئەوەی گۆڕانی بەسەردا هاتووە کە هاوپەیمانیەکانی نێوان لایەنە سیاسییەکانی یەك تائیفە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بۆیە مەزندە دەکرێت گۆڕانکاریەك لەم لایەنەوە رووبدات،هەر ئەمەش وای کردووە ململانێکان زۆر توند بن، بەڵام ململانێکان لە ناو یەك تائیفەیە، بۆ نموونە لە ناو عەرەبی سونە ململانێکی توند هەیە لە ناو عەرەبی شیعەش ململانێکی توند هەیە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نیە عەرەبێکی شیعە دەنگبدات بە لایەنێکی سیاسی عەرەبی سونە، هەروەها بەپێچەوانەوەش.کەواتە لایەنەکانی عەرەبی سونە چاویان لەسەر ناوچە سونە نشینەکانە، لایەنە سیاسییەکانی شیعە ململانی لەسەر دەنگی ناوچە شیعەکان دەکەن. بەڵام تەنها لایەنێك ئەم دابەشبوونە تازەی تێدا نەبێت لیستی هاوپەیمانی کوردستانە و ئەمەش پەیوەندی بەوەوە هەیە هاوپەیمانی کوردستان کێشەکەی وەك کێشەی نەتەوە سەیر دەکات نەك دەنگدان.

**●یەکێك لەو ناوچانەی هەڵبژاردنەکەی زۆر هەستیارە پارێزگای بەغدایە کە پایتەختی عێراقیشە، بێگومان ئێوە دەزانن لیستی هاوپەیمانی کوردستان لەبەغداش بەشداری هەڵبژاردنەکان دەکات ئایا هەڵسەنگاندنتان بۆ هەڵبژاردنەکانی بەغدا چۆن دەبێت ؟**

-ئەگەر باسی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە هەڵبژاردنەکانی بەغدا بکەین، ئەوا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین ئەو پارە و ئیمکانیەتەی لەبەر دەستی کیانە سیاسییەکانی دیکە لە بەغداو شارەکانی دیکە هەیە، بەداخەوە پاڵیوراوانی لیستی هاوپەیمانی کوردستان ئەو پارەو ئیمکانەتەیان لەبەر دەستدا نییە،لایەنە سیاسییەکانی دیکە بە ملیۆنەها دۆلاریان سەرفکردووە بۆ راگەیاندن و رێکلام و پروپاگەندەی هەڵبژاردن، پرسیار لێرەدا ئەوەیە کێ لە بەغدا پروپاگەندەی هەڵبژاردن بۆ هاوپەیمانی کوردستان دەکات، خۆشی پارەیەکی ئەوتۆی لەبەردەستدا نییە تا بتوانێت پروپاگەندەی هەڵبژاردن بکات، بۆیە وەك مەزندەی شەخسی خۆم پێناچێت گۆڕانکاریەکی نەوعی لەرێژەی دەنگدانی هاوپەیمانی کوردستان لەبەغدا رووبدات، ئیستا لەبەغدا لق و مەڵبەند ئیشی خۆیان دەکەن و پروپاگەندەی هەڵبژاردن دەکەن، بەڵام ئەم ئیشە ئەگەر پشتگیریەکی

●●●

**لە هەڵبژاردنەکانی پێشوو لیستی تۆماری ناوی دەنگدەران لەسەر ئاستی ناوەندەکانی هەڵبژاردن بوو، ئەمەش هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی کە کەسێک بتوانێت چەند جارێک دەنگ بدات، بەڵام ئەم جارە تومارەکانمان خستۆتە سەر ئاستی وێستگەکان کە تەنها ناوی ٤٠٠ دەنگدەری تیدا تۆمار کراوە و تەنها ئەو ٤٠٠ کەسە دەتوانن دەنگ بدەن**

●●●

ماددی گەورەی لەپشـــتەوە نەبێت بەو ئاستە کاریگەری نابێت کە ئێمە ئومێدی بـــۆ دەخوازین،باردۆخی بەغدا جیـــاوازە ململانێکە لە نیوان کیانە سیاســـییەکان لە هەردوو بـــەری بەغدا بە کەرخ و رەسافەشەوە زۆر توندە.

**●ئەگەر بێنە ســـەرخیتابی سیاســـی لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن، دەبینن خیتابە سیاســـییەکانیش گۆرانکاری بەســـەردا هاتووە، ئایا بەرێزتان چۆن ســـەیری خیتاباتی سیاســـی لایەنە ســـەرەکییەکان دەکەیت، ئەوانەی خیتابەکانیان کاریگەری لەســـەر باری سیاسی عێراق دەکات ؟**

-من دیسان وەڵامی ئەم پرسیارە وەك رای شەخسی خۆم دەدەمەوە، بەشـــێوەیەکی گشتی خیتابی لایەنی شـــیعە خیتابێکی ئاینیە، لە چوارچێوەیەکی گشـــتیدا جەخت لەسەر حوسێن و کەربەلا ومانگی موحەرەم وئەو شتانە دەکەنەوە. کە دێنە سەر وردەکاریەکان ئەوانەی لایەنگیری فیدرالین جەخت لەســـەر مەسەلەی فیدرالی وئازادی ئەنجوومەنی پارێزگاکان و دەسەڵاتەکانیان و دژایەتی مەرکەزیەت وەدەکەن، ئەوانەشـــی بیروبۆچوونی پێچەوانەیان هەیە ئەوان جەخت دەکەنە ســـەر مەسەلەی سەروەیی یاسا و بەهێزی دەوڵەت. خاڵێکی دیکە هەیە جەخت لەسەر مەســـەلەی عەشایەر دەکەنەوە، هێندەی جەخت لە عەشـــایر دەکەنەوە هێندە بایەخ بە دەستەبژێری رۆشنبیر و مامۆســـتایانی زانکۆ نادەن،هەرچی لایەنی عەرەبی سونەشـــە ئەوانیش جەخت لەســـەر هەمان ئەو لایەنانە دەکەنەوە کە لایەنەکانی شیعە جەختی لەسەر دەکەنەوە، بەڵام بە شێوازێکی دیکە دەریدەبڕن، بۆنموونـــە باس لە مەســـەلەی پێکهاتنەوەی سیاســـی و بەردانی گیراوەکانیـــان وهەربۆیە جەخت لەســـەر ئەو مەســـەلەنەدەکەن کە خەڵکەکەی پێدەوروژێت، هەربۆیە نابیین کیانێکی سیاســـی باسی بەرنامەی خۆی بکات بۆ نمونە باســـی بەرنامـــەی ئابووری یان کارگیـــری خۆی ناکات ئەگەر هەڵبژیـــرا دەیەوێت چی بکات یان چی پێشکەشی دەنگدەرانی بکات،هەربۆیە من نابینم هیچ لایەکیان پلانێکیان بە مەفهومی هەڵبژاردنی هاوچەرخ هەبێت، یان وەك ئەو پارتە سیاســـییانەی بە شێوەیەکی هاوچەرخانە بەشداری هەڵبژاردن دەکەن.

**●ئەی سەبارەت بە خیتابی هاوپەیمانی کوردستان لە موسڵ لەبەغدا لە تکریت لە دیالە، ئەمەیان چۆن هەڵدەسەنگێنی ؟**

-هاوپەیمانی کوردستان بەرنامەکەی لە هەموو لایەنە سیاسییەکانی دیکـــە باشـــترە ئاماژە بەزۆر مەســـەلەی گرنگ دەکـــەن، بەڵام مەسەلەیەك هەیە دەڵێت :( تۆ خاوەنی هەقیت، بەڵام پرسیار ئەوەیە چۆن ئەم هەقە دەســـەلمێنیت ؟) بۆیە دەبێت ئەم مەسەلەیە لەسەر ئـــەرزی واقیع باس بکەین،من نمونەیەکتان لەســـەر بەغدا بۆ باس دەکـــەم لەبەرئەوەی من ئاگاداری بەغدام و نازانم لە شـــوینەکانی دیکـــە چیان کردووە،دەبییـــن بەرنامەی هاوپەیمانی کوردســـتانی بەرنامەیەکـــی باش و رێکوپێکە، بـــەڵام هەڵمەتی پرەپاگەندەکردن بـــۆ گەیاندنی ئەم بەرنامەیە وەك خۆی بە دەنگدەران لە ئاســـتی پێویست نییە،ئەم بەرنامە باشەی هاوپەیمانی کوردستانی سنووردارە لەبەرئەوەی تەنها لە التاخی و الاتحاد بڵاودەکرێتەوە،هەروەها لەسەر ئاســـتی کەناڵە ئاســـمانیەکانیش، هەموو ئیعتمادی ئێمە لەســـەر کەناڵە ئاسمانیەکانی کوردســـتانە، پرسیار لێرە ئەوەیە ئایا عەرەبی عێراق ســـەیری کەناڵە ئاسمانیەکانی کوردســـتان دەکات، کەناڵی الحریەش زیاتر بایەخ بە هونەر و کەلتوور دەدات، مەبەســـتم ئەوەیە ئـــەو بایەخە بە هەڵبژاردن نادات بۆ نموونـــە وەك کەناڵی الفورات بایەخی پێدەدات ٢٤ سەعات پروپاگەندە بۆ هەڵبژاردن دەکات، بۆیە دەبوایە پروپاگەندەی هەڵبژاردنی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە کەناڵە عێراقیەکانی وەك الشـــرقیە، العراقیە،رەنگدانەوەیەکی باشی هەبوایە.ئەمە واقیعە ئیستا خەڵك لەبەغدا بەزۆری سەیری الشرقیە و العراقیـــە دەکات،ئەمەش واتە ئەو بەرنامە باشـــەی هاوپەیمانی کوردستان هەیە، بەڵام راگەیاندنێك نیە تەرجەمەی بکات بۆ خەڵك، هەروەها پاڵیوراوەکانی هاوپەیمانی کوردستان پارەیەکی ئەو تۆشیان لەبەر دەســـت نییە بتوانن ســـەردانی خەڵك بکـــەن و پروپاگەندەی هەڵبژاردن بکەن.

**●هەمـــوو دەزانیین کوردی فەیلی بـــە زۆری لە بەغدان، کوردی فەیلی وەك نەتەوە کوردن، بەڵام بە مەزهەب شـــیعەن، ئایا تاچەند کاریگـــەری مەزهەبی رۆڵی هەیە بۆ ئەوەی لە دەوری لیســـتی هاوپەیمانی کۆبنەوە ؟**

-مەسەلەیەکی کوردی هەیە دەڵیت تەماشاکەر هەمیشە پاڵەوانە یان دەڵیت تێر ئاگای لەبرســـی نیە، بۆ ئەم مەســـەلەیە دەبێت واقیعی بین،لەبەغدا کوردی فەیلی کۆمەڵێـــك گرفتی هەیە لەوانە باری گوزەرانیـــان باش نییە، بێکاریان هەیـــە، لەمەش گرنگتر ئەوەیە و لە هەموو شـــوێنیك وایە کەلتووری مەرکەز کارگەریگەری هەیە و بەغـــداش مەرکەزە،بۆیـــە دەبێت ئەم خاڵانە لـــە بەرچاو بگیرێن کاتێك پرســـیار لەســـەر رۆڵی کوردی فەیلی دەکەین،ئێستا ئاستی نەتەوایەتـــی کوردی فەیلی بەرزە، بەتایبەتـــی دوای لێدوانەکانی ئەم دواییەی عەلی سیســـتانی کە داوادەکات کەســـی شـــیاو بۆ شـــوێنی شـــیاو هەڵیبژێرن، بۆیە کوردی فەیلیش وەك توێژیك لە تائیفەی شـــیعە ســـەیر دەکات مەســـەلەکە پەیوەندی بە ئایین و رۆژی دواییەوە نییە،مەســـەلەکە زیاتر مەسەلەیەکی نەتەوەییە،بۆیە دەبێت ئەم مەســـەلە گرنگە لە ناخی ئەواندا بچەسپێنرێت بۆئەوەی کاریگەریەکـــەی بە قەبارەی خۆی بێـــت، پێموایە ئێمە لەم خاڵەدا لاواز بووین و نەمانتوانیوە ئەم هەقیقەتە بچەســـپێنین،بۆیە کوردی فەیلی هەســـتی نەتەوەیی هەیە، هەروەها ئەزموونێکی ناڵیشـــیان هەیـــە، لەبەرئـــەوەی لەماوەی ٤ ســـاڵی ئەوانەی لـــە روانگەی مەزهەبیەوە دەنگیان بە هەندێك لایەندا بۆیان دەرکەوت مەســـەلەکە مەزهەبی نییە و مەسەلەکە مەسەلەیەکی نەتەوەییە.لایەنە شیعەکان هەســـتیان بەم واقیعە کردووە، هەڵدەستن باری هەژاری ئەو خەڵکە دەقۆزنەوە سەردانیان دەکەن بۆ ماڵەوە برێك پارەیان بۆ دەبەن هەندێك کەلوپەلیان بۆ دەبەن بـــۆ ئەوەی جارێکی دیکە لایەنە مەزهەبیەکە بەســـەر لایەنە نەتەوەیەکە زاڵبکەنەوە، لەبەرامبـــەردا هاوپەیمانی کوردستانی قەینا ئەو ئیمکانیەتەی نییە ئەوەیان بۆ بکات، تەنانەت ئەو ئیمکانیەتیەشـــیان نییە هۆشـــیاریان بککەنەوە، بۆیە لەگەڵ ئـــەوەی کاتەکە درەنگ بووە و هێندەی نەماوە و بەڵام دیســـان لە رێگەی گۆڤارەکەتانەوە ئەو داوایەی خۆم دووبارە دەکەمەوە ئەگەر بۆ ئەم چەند رۆژەش بێت هاوپەیمانی کوردســـتانی زیاتر هەوڵبدات بـــۆ ئەوەی لانی کەم بتوانیت بەرنامەکەی خۆی بە جوانی و رێکو پێکی بە خەڵك بگەیەنێت.

●●●
**ململانێکان لە ناو یەک تائیفەیە، بۆ نموونە لە ناو عەرەبی سونە ململانێکی توند هەیە لە ناو عەرەبی شیعەش ململانێکی توند هەیە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نیە عەرەبێکی شیعە دەنگبدات بە لایەنێکی سیاسی عەرەبی سونە، هەروەها بەپێچەوانەوەش**
●●●

●●●
**هاوپەیمانی کوردستان بەرنامەکەی لە هەموو لایەنە سیاسییەکانی دیکە باشترە ئاماژە بەزۆر مەسەلەی گرنگ دەکەن، بەڵام مەسەلەیەک هەیە دەڵێت: تۆ خاوەنی هەقیت، بەڵام پرسیار ئەوەیە چۆن ئەم هەقە دەسەلمێنیت؟**
●●●

دەخیل قاسم قائمقامی قەزای شەنگار بۆ گوڵان:

# کوردی یەزیدی تەنیا لیستی ٢٣٦ی برایەتی نەینەوا بەلیستی خۆی دەزانێت و دەنگی بۆ دەدات لەبەر ئەوەی دەنگدان بەم لیستە دەنگدانە بۆ دیاریکردنی چارەنووس

**بەرێز دەخیل قاسم قائیمقامی قەزای شەنگارە و یەکێکە لە بەرپرسە ئیدارییانەی کە رۆڵیکی گرنگی لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی برا یەزیدییەکان گێڕاوە و سەبارەت بە ورە و ئامادەباشی یەزیدییەکانیش بۆ بەشداربوون لەم هەڵبژاردنە و کۆبوونەوەیان بەدەوری لیستی ژمارە ٢٣٦ ی برایەتی نەینەوا، بەرێزی ئاماژە بەوەدەکات ئەم لیستە چارەنووسی یەزیدی دیاریدەکات و کێشەی یەزیدی کێشەی نەتەوەییە نەك ئایینی، هەربۆیە لەگەڵ ئەوەی لە شەنگار بێجگە لە لیستی برایەتی نەینەوا لیستی کۆتای یەزیدیش لەسەر بنەمای ئایینی یەزیدی هەیە، بەڵام یەزیدییەکان وەك رۆڵەیەکی کورد سەیری ئەم هەڵبژاردنە دەکەن و بڕیاریانداوە دەنگ بە لیستی ٢٣٦ بدەن نەك لیستی ئایینی یەزیدی لەبەر ئەوەی یەزیدی کە چەوسێنراوەتەوە و مافی پێشێلکراوە و لەبەر ئەوەنەبووە کە ئایینی جیاواز بووە، بەڵکو لەبەر ئەوە بووە کە کورد بووە ئەمەش دەقی لێدوانەکی دەخیل قاسمە بۆ گوڵان.**



**هەموو دانیشتوانی شەنگار گەیشتونەتە قەناعەت دەنگ بە لیستی ٢٣٦ لیستی برایەتی و لیستی هاوپەیمانی کوردستان بدەن**

**• شەنگار تایبەتمەندی خۆی هەیە، کوردی شەنگار لەسەر ئاستی ئایینی و نەتەوایەتی بە درێژایی مێژوو چەوسێنراوەتەوە، ئێستا ئەم هەڵبژاردنە هەنگاوێکە بۆ کۆتایی هێنان بەو چەوسانەوەیە، پرسیاری ئێمە ئەوەیە شەنگار چۆن خۆی بۆ ئەم هەڵبژاردنە ئامادەکردووە ؟**

- شەنگار و دانیشتوانەکەی بە ئامادەباشییەکی زۆر باشەوە خۆی ئامادەکردووە بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی رۆژی ٢٠٠٩/١/٣١ بکات، لەمەش گرنگتر هەموو دانیشتوانی شەنگار گەیشتونەتە قەناعەت دەنگ بە لیستی ٢٣٦ لیستی برایەتی و لیستی هاوپەیمانی کوردستان بدەن، لەبەر ئەوەی تەنیا ئەم لیستە بە لیستی خۆیان دەزانن و هەر ئەم لیستەش بە نوێنەری خۆیان دەزانن، بۆیە مەزندە دەکەم رۆژی ١/٣١ خەڵکی شنگار بیسەلمێنیت چۆن دەنگ بە لیستی خۆی لیستی ٢٣٦ دەدات.

**• کە باسی یەزیدی دەکەین کەس ناتوانێت نکۆڵی لەوە بکات کە رەسەنترین کورد کوردی یەزیدیە، بەڵام دەبینن لە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن کۆتایەکی بۆ دانراوە و جیاکراوەتەوە، ئایا ئێوە سەبارەت بەم کۆتایە چی دەڵێن؟**




●●●
**هەوڵمانداوە خەڵکی خۆمان بەو ئاراستەیە هۆشیار بکەینەوە کە بەشداری نەبوونی هەر تاکێک لەم هەڵبژاردنە و دەنگنەدان بە لیستی ٢٣٦ واتە دژی چارەنووسی خۆت راوەستاویت**
●●●

- ئەم مەسەلەی نەتەوەیەکگرتووەکان دەستێوەردانی کردووە و مەسەلەیەکی ئەوەندە گرنگیش نییە لەبەر ئەوەی کۆتاکە یەك کورسیە بۆ یەزیدی وەك ئایین تەرخانکراوە، بەڵام هەقی کوردی یەزیدی بەپێی لیستی خۆراك ٤-٥ کورسیە، لەناو لیستی برایەتی نەینەواش ٩ کورسی بۆ دانراوە، ئێمە پێمان وایە ئەو کۆتایە لەسەر بنەمای ئایینی دانراوە و هەر ئەم جارەش وادەبێت، پیلانێك بوو دژی یەزیدی و لەبەر ئەوەی یەزیدی زۆر لەوە زیاترە و کێشەی یەزیدیش کێشەیەکی نەتەوەییە، نەك جیاوازی ئایینی. بۆیە ئێستا یەزیدیش بەتەواوەتی گەیشتۆتە قەناعەت کە هیچ کەس و لایەنێك نوێنەرایەتی ئەو ناکات و بەرگری لە مافی ئەو ناکات بێجگە لە هاوپەیمانی کوردستانی.

**● ئەم هەڵبژاردنە بۆ ئەو ناوچانەی پێیان دەگوترێت ئەو ناوچانەی کێشەیان لەسەرە، واتە ئەو ناوچانەی هەتا ئێستا نەگەڕاونەتەوە سەر هەرێمی کوردستان، زۆر زۆر گرنگ و چارەنووسسازە، ئایا ئێوە وەك یەکێك لەو بەرپرسە ئیدارییانەی ناوچەکە کە لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا رۆڵتان هەیە ئایا خەڵکتان چۆن بۆ ئەم ئەرکە گرنگە ئامادەکردووە ؟**

- ئێمە بەڕاشکاوی بە میللەتی خۆمان راگەیاندووە و ئەم هەڵبژاردنە تەنیا هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا نییە، بەڵکو ئەم هەڵبژاردنە بۆ ئێمە وەکو کورد واتە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ ی دەستوری عێراق، واتە نووسینەوەی راپۆرتی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ گەڕانەوەی شەنگار بۆسەر هەرێمی کوردستان، بۆیە هەوڵمانداوە خەڵکی خۆمان بەو ئاراستەیە هۆشیار بکەینەوە کە بەشداری نەبوونی هەر تاکێك لەم هەڵبژاردنە و دەنگنەدان بە لیستی ٢٣٦ واتە دژی چارەنووسی خۆت راوەستاویت، بۆیە دەبێت هەموومان لە رۆژی هەڵبژاردن بیسەلمێنین، چۆن چارەنووسی خۆمان دیاری دەکەین.کەئەویش دەنگدانە بە لیستی ٢٣٦ لیستی برایەتی نەینەوا.

**● ئایا خەڵکی شەنگار گەیشتوونە قەناعەت ئەم هەڵبژاردنە شێوە ریفراندۆمێکە بۆ گەڕانەوەی شەنگار بۆ سەر هەرێمی کوردستان ؟**

- بەڵی، خەڵکی شەنگار خۆیان ئەم هەڵبژاردنە وەك ریفراندۆمێك بۆ سەلماندنی ناسنامەی کوردستانی شەنگار و گەڕانەوەی بۆ سەر هەرێمی کوردستان سەیر دەکەن و گەیشتونە قەناعەتی تەواو کە ئەمە رێگەی چارەنووس و سەرفرازییە. بۆیە ئەگەر لەم هەڵبژاردنە بەسەرکەوتوویی دەربچین هەموو




●●●

**لە شەنگار بەس پۆستەراتی لیستی برایەتی و کۆتایی یەزیدی هەیە، لەبەر ئەوەی لایەنەکانی دیکە لەسەر ئاستی شەنگار هیچ جەماوەرێکیان نییە**

●●●

مەسەلەکانی دیکە ئاسان دەبێت.

**● ئایا تاچەند پارتی و یەکێتی هەوڵیانداوە لەم هەڵبژاردنە کاریگەریان هەبێت، ئایا سەردانی شەنگاریان کردووە و لەگەڵ خەڵکەکەی کۆبونەتەوە ؟**

- بەڵی شاندی پارتی و یەکێتی سەردانی شەنگاریان کردووە و لەگەڵ خەڵکەکە کۆبونەتەوە و هەروەها ئێمەش وەك بەرپرسانی ئیداری ناوچەکە بەردەوام لەگەڵ خەڵکەکە کۆدەبینەوە و بەردەوام گوێ لە داخوازیەکانییان دەگرین و وەڵامیان دەدەینەوە.

**● لەسەر ئاستی پارێزگاری نەینەوا بێجگە لە لیستی برایەتی نەینەوا چەندین لیستی دیکەش هەن بەشداری لە هەڵبژاردنەکان دەکەن، پرسیاری ئێمە ئەوەیە ئایا لە شەنگار بێجگە لە لیستی برایەت لیستی دیکە هەیە ؟**

- بەڵی لیستی کۆتای یەزیدیش هەیە، بۆیە لە شەنگار بەس پۆستەراتی لیستی برایەتی و کۆتایی یەزیدی هەیە، لەبەر ئەوەی لایەنەکانی دیکە لەسەر ئاستی شەنگار هیچ جەماوەرێکیان نییە.

**● بەڕای تۆ ئایا ڕێژەی چەندی خەڵکی شنگار دەنگی خۆیان بە لیستی برایەتی نەینەوا دەدەن ؟**

-من لەو بڕوایەدام لیستی برایەتی نەینەوا ٢٣٦ نزیکەی ٨٠٪ی دەنگەکان بەدەست بهێنێت.

**● ئایا تۆ وەك سەرۆکی یەکەی ئیداری لەشەنگار ئەو ئاستەنگانە چین کە بۆ ئەم هەڵبژاردنە مەزندەی دەکەن و چۆن خۆتان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئامادەکردووە ؟**

- تەنیا مەترسیەك کە هەبێت، مەترسی تیرۆرە، ترسی ئەوە هەیە دوژمنان هەوڵبدەن ئەو ڕۆژە کەشوهەوای هەڵبژاردنەکە بشێوێنن، بۆ نەهێشتنی ئەم مەترسییەش لیژنەیەکمان پێکهیناوە لە هێزی پێشمەرگە و پۆلیس و ئاسایش و بەردەوامیش کۆبونەوە دەکەین بۆ ئەوەی نەهێلێن ئەو دەستە ڕەشانە بگەنە شەنگار.

**● ئایا وەك دواین قسەت لە ڕێگەی گوڵانەوە چی بە خەڵکی شەنگار و ناوچەکانی دیکە دەڵێت کە بەشداری ئەم هەڵبژاردنە دەکەن ؟**

- پەیامی من نەك تەنیا بۆ خەڵکی شەنگار بەڵکو بۆ هەموو ئەو ناوچانەی لیستی هاوپەیمانی کوردستان بەشداری تێدا دەکات ئەوەیە، کە دەبێت بە بەشداری فراوان و بەدەنگدان بۆ لیستی هاوپەیمانی کوردستان، خۆمان بسەلمێنیین و ئەم هەڵبژاردنەش بۆ ئێمە بڕیاری چارەنووسە ودەبێت هەموو هەوڵیکمان بۆ سەرکەوتنی هاوپەیمانی کوردستان بێت.

د.ئەمین عومەر کاندیدی لیستی برایەتی و پێکەوە ژیان لە پارێزگای سەلاحەددین بۆ گوڵان:

# وەک پیاوێکی ئایینی دەنگدان بە لیستی ٣٣٣ بەواجبی شەرعی دەزانم لەبەرئەوەی لیستی پێکەوە ژیانی برایانەی سەرجەم پێکهاتەکانی عێراقە



د. ئەمین عومەر پاڵێوراوی لیستی برایەتی و پێکەوە ژیانە لە هەڵبژاردنەکانی پارێزگای سەلاحەددینەوە یەکێکە لەو زانا ئاینیانەی کە بەشداری فراوان و دەنگدان بە لیستی ٣٣٣ بە واجبی شەرعی هەر موسڵمانێك لە سنوری پارێزگاری سەلاحەددین و کورد و تورکمان و عەرەبی قەزای دوزخورماتوو و دەوروبەری دەزانێت، لەبەرئەوەی بەرنامەی ئەم لیستە بەرنامەی پێکەوە ژیانی ئاشتیانە و برایانەیە و هەروەها هەوڵدەدات بۆ ئەوەی ئاسەواری ئەو زوڵمە نەهێڵێت کە پێشتر لەم گەلە موسڵمانە کراوە ئەمەش دەقی لێدوانەکەی د.ئەمین عومەر پاڵێوراوی لیستی پێکەوە ژیانی برایانەیە بۆ گوڵان.

**ئەم هەڵبژاردنەکانی پێشوو ئێمە وەک هاوپەیمانی کوردستانی ٨ کورسیمان بە دەستهێنا، بێگومان ئەم ڕێژە بەرزە لەبەرئەوە بوو بەشێکی زۆری عەرەبی سونە بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی پێشووی کرد**

**لەم هەڵبژاردنە ٤٥ لیستی تێدایە بەڵام هیچکامیان وەک لیستی برایەتی و پێکەوە ژیانی سەلاحەددین یەکگرتوونین، ئەوەندە لایەنی سیاسیی کۆنەکردۆتەوە**

***هاوپەیمانی کوردستانی لەسەر ئاستی پارێزگای سەلاحەددین بە لیستی پێکەوە ژیانی برایانە بەشداری هەڵبژاردنەکان دەکات، ئێوە وەك پاڵیوراوێکی لیستی برایەتی و پێکەوە ژیان چۆن لەم هەڵبژاردنە دەڕوانن ؟**

- لیستی برایەتی و پێکەوەژیان نوینەرایەتی لیستی هاوپەیمانی کوردستان دەکات لەسەر ئاستی پارێزگای سەلاحەددین، پێکهاتووە لە (پارتی دیموکراتی کوردسستان، یەکێتی نیشتمانی کوردستان، حزبی ئەخائی تورکمانی، حزبی شیوعی کوردستان، حزبی شیوعی عێراق، پارتی سوسیالیستی دیموکراتی کوردستان، یەکگرتوویی ئیسلامی، کۆمەڵی ئیسلامی ) لەم هەڵبژاردنە ٤٥ لیستی تێدایە بەڵام هیچکامیان وەك لیستی برایەتی و پێکەوە ژیانی سەڵاحەددین یەکگرتوونین، ئەوەندە لایەنی سیاسیی کۆنەکردۆتەوە. هەروەها لیستی برایەتی وپێکەوە ژیان ڕەنگدانەوەی ناوەکەی خۆیەتی فرە لایەن و فرە نەتەوەیە پێکهاتووە لە کورد و عەرەب و تورکمان، بەڵام سەنگی ئەم لیستە زۆرتر لە دوزخورماتوو و دەوربەریەتی، پارێزگای سەلاحەددین ٨ قەزای هەیە لەگەل ناوەندی شارەکە،ئێمە یەکێکین لەو قەزایانە بەشداری لەم هەڵبژاردنە دەکەین و لەسەر ٢٨ کورسی ئەنجوومەنی پارێزگای سەلاحەددین

ململانێ دەکەین، لە هەڵبژاردنەکانی پێشوو ئێمە وەك هاوپەیمانی کوردستانی ٨ کورسیمان بە دەستهێنا، بێگومان ئەم ڕێژە بەرزە لەبەرئەوە بوو بەشێکی زۆری عەرەبی سونە بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی پێشووی کرد، بەڵام ئەمجارە ئەوان بە فراوانی بەشداری دەکەن، بۆیە مەزندە دەکرێت ئەمجارە هەمان ژمارەی کورسی بەدەست نەهێنینەوە، بەڵام ئۆمێدمان زۆرە لە نێوان ٣-٥ کورسی لە کۆی ٢٨ کورسیەکە بەدەست بهێنیین، هەروەها زیاتر لە ٦٠٠هەزار دەنگدەر لەهەڵبژاردنی پارێزگای سەلاحەددین مافی دەنگدانی هەیە، ئەمەش مانای ئەوەیە ٢٣٠٠٠ دەنگ دەکاتە کورسیەکی ئەنجوومەنی پارێزگا،ئەوەشی لە ناوچەی دوزخورماتوو دەوربەی مافی دەنگدانی هەیە لەسەر و ٩٣ هەزار دەنگدەرە ' ئێمە مەزندەکەین ئەم دەنگانە بە دەست بهێنین و هەروەها لە ناو شاری تکریتیش دەنگی دیکە بەدەست بهێنین،

*** ئایا ئێوە وەك لیستی پێکەوەژیان و برایەتی تەنها ئیعتیمادتان لەسەر دەنگەکانی قەزای دوزخورماتووە؟**

- ئێمە لە هەموو بازنەی هەڵبژاردنی پارێزگای سەلاحەددین مافی ئەوەمان هەیە دەنگ بە دەست بهێنین،لەهەموو قەزاکان و لە ناوشاری تکریتیش سندوقمان دەبێت.

*** ئایا بەرنامەی ئێوە وەك لیستی برایەتی و پێکەوە ژیان بۆ هەڵبژاردنی پارێزگای سەلاحەدین چیە ؟**

- هەر ناونانی لیستی برایەتی و پێکەوە ژیان خۆی لەخۆیدا دەربری بەرنامەیەکی پێشکەوتوو، مانای ئەوەیە ئێمە بڕوامان بە پێکەوە ژیانی برایانە هەیە، زیاد لەمەش ئێمە جەختمان کردۆتەوە شەر خزمەتگوزاریە سەرەکیەکان، بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری زیاتر وچارەسەرکردنی کەموکورتیەکانیش پشت بە کاری پێکەوەیی و برایانەی نێوان پێکهاتە جیاوازییەکانی ئەم پارێزگایە دەبەستین، ئەوەی کە وەك لیستی برایەتی و پێکەوە ژیان بە نیازین بۆ دەنگدەرانی خۆمانی جێبەجی بکەین بریتیە لە :

١- کردنەوەی کۆلێژێك لە قەزای دوز خورماتوو.

٢- جێبەجێکردنی چەند پرۆژەیەکی گرنگ کە مەبەستمان پرۆژەی گەورەیە لە چوارچێوەی کارەکانی پارێزگای سەلاحەددین، هەوڵدەدەین قەزای دوز لە وپرۆژە خزموتگوزاریە گەورانە بێبەش نەبێت.

٤- لەبەر ئاستی خزمەتگوزاریە بنەرەتیەکانیش وەك دابینکردنی ئاوی خواردنەوە و کارەبا و قیرتاو کردنی شەقامەکان و کردنەوەی قوتابخانە، ئەمانەش بەشێکی دیکەن لە بەرنامە لیستی برایەتی و پێکەوە ژیان.

**●ئایا لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا توانیوتانە ئەم بەرنامە گرنگە بۆ دەنگدەرانی خۆتان تەفسیر بکەن وبیانگەینە قەناعەت کە نوینەرانی لیستی برایەتی و پێکەوە ژیان بونیان پێویستە لە ئەنجوومەنی پارێزگای سەلاحەددین ؟**

- پێش دەستپێکی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن هەندێك دەیانگوت ئێمە بەشداری لە هەڵبژاردن ناکەین یان بۆچی بەشداری لە هەلبژاردن بکەین ؟بەڵام پاش ئەوەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانمان دەست پێکرد و دەستمان کرد بە گرێدانی کۆر و کۆبونەوە لەگەڵ جەماوەر هەست دەکەین ئێستا جەماوەر بەشێوەیەکی دیکە و بە حەماسەوە پێشوازی لە هەڵبژاردن دەکەن، ئێمە لە میانەی ئەو کۆبوونەوەی لەگەڵ جەماوەر بۆمان دەرکەوت خەڵك لە ئەدای ئەندامانی ئەنجوومەنی پیشوو رازی نیە و بەڵام دوای دەرکەوت برایانی پێش ئێمە خزمەتی شاری خۆیان کردووە بەڵام لەبەرئەوەی راگەیاندن رۆڵی نەبووە لە گەیاندن و بڵاوکردنەوەی ئەو چالاکیانە بەشێکی خەڵکەکە لێی ئاگادار نەبووە، ئێمە لە میانەی روونکدنەوەی هەوڵەکان کەبۆ شاری دوزخورماتوو دراون توانیمان ئەو بێئومێدیە برەوێنینەوە.

**●کە سەیری کیانە سیاسییەکانی پارێزگای سەلاحەددین دەکەین هەست دەکەین گۆڕانکاریەکی زۆر لە هاوپەیمانیەکان روویداوە و هاوپەیمانی تازەو دابەشبوونی تازە دروست بووە، بەڵام دەبینین لیستی هاوپەیمانی کوردستان کە لیستی برایەتی و پێکەوەژیان نوینەرایەتی دەکات یەکگرتوویی خۆی لە دەست نەداوە، ئایا هۆکاری ئەمەچیە ؟**

-بێگومان رێککەوتنی ستراتیژی نێوان پارتی و یەکێتی کە هەوێنی لیستی هاوپەیمانی کوردستانیە لە شاری دوزخورماتوش رەنگیداوەتەوە، هەر ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی کە هاوپەیمانیەکە لە سنوری پارێزگای سەلاحەددین فراوانتر بێت و خەڵکی شاری دوز خورماتووش هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی بەرزە و هەست بە بەرپرسیاریەتی سەرشانی خۆی دەکات و بروای بە برایەتی وپێکەوە ژیان هەیە، هەروەها هەتا ئێستاش لەلایەن حکومەتی مەرکەزی بەغداوە وەك پێویست بایەخ بە شاری دوزخورماتوو نەدراوە.

**●خاڵیکی دیکەی گرنگ کە دەشێت لێرەدا ئاماژەی پێبکەین، مەسەلەی تایبەتمەندی لیستی برایەتی و پێکەوە ژیانە، بەوەی دەنگدان و بەشداربوونیان، دەنگدانێکی چارەنوسسازانەیە و ئایا لەمبارەوە هاوولاتیانتان تاچەند ئامادەباشی تێدایە ؟**

-بێگومان هەر خودی شاری دوز خورماتوو قوربانی دەستی سیاسەتی شێواندنی دیموگرافیای رژێمی پێشووە، لەبەرئەوەی دوز خورماتوو پێشتر یەکێك بووە لە قەزاکانی سەر بەکەرکوك و بەهۆی سیاسەتی تەعریبەوە لە کەرکوك دابرینراوە و لکێنراوە بە پارێزگای سەلاحەددینەوە،

●●●

**رێککەوتنی ستراتیژی نێوان پارتی و یەکێتی کە هەوێنی لیستی هاوپەیمانی کوردستانیە لە شاری دوزخورماتوش رەنگیداوەتەوە**

●●●

●●●

**ئۆمێدمان زۆرە لە نێوان ٣-٥ کورسی لە کۆی ٢٨ کورسیەکە بەدەست بهێنیین**

●●●




دەنگدەرانی ئێمە ئەم راستیە دەزانن و یەکێك لەبەرنامەکانی ئێمەش گەرانەوەی قەزاری دوزخورماتووە بۆ سەر شاری کەرکوك و دواتریش گەرانەوەی کەرکوك بۆسەر هەرێمی کوردستان،هەروەها کاردانەوە و گوتاری هەلبژاردنی لایەنی عەرەبی کە شۆڤێنیانە و دژی مافەکانی هەڵبژاردن لیدوان دەدەن و هۆکارێکی دیکەی گرنگە بۆ ورووژاندنی هەستی نەتەوەیی دەنگدەرانی ئێمەش، بەڵام کاردانەوەی ئێمە پەیامی ئاشتی و پێکەوە ژیانی برایانەیە بەوەی تەنها لیستی هاوپەیمانی کوردستان دەتوانێت بەردەوامی بەو برایەتیدا بدات.

**●سەبارەت بە ئامادەباشیتان بۆ پاراستنی کەشوهەوای هەڵبژاردنەکان و رێگرتن لە دەستە تێکدەرەکان چ ئامادەباشیەکتان وەرگرتووە ؟**

-ئێمە لە ناو شاری دوزخورماتوو هیچ ترسێکی ئاسیشمان نییە لەبەر ئەوەی هێزی ئاسایش لەو پەری ئامادەباشیدایە،لایەنەکانی دیکەش وەك پۆلیش ئامادەباشی هەیە، خەڵکەکەشمان هۆشیاربۆتەوە و ئامادەباشە بۆ ئەوەی هاریکاری پۆلیس و ئاسایش بکات.

**●خۆتان دەزانن باردۆخی سەلاحەددین لە باردۆخی نەینەواو دیالە بۆ لیستی هاوپەیمانی کوردستان مەترسیدارترە، بۆیە مەزندەکرێت هەندێك لایەن پەنا بۆ تەزویر و غەش بەرن، ئایا لەمبارەوە ئامادەباشیتان کردووە ؟**

- ئێمە وەك لیستی ٣٣٣ی برایەتی و پێکەوە ژیان زیاتر جەخت لە سەر قەزای دوز و ناحیەکانی دەوربەری دەکەین لەم ناوچانە چاودێریەکی توند دەکەین و لە ناوچەکانی دیکەش چاودێرمان دەبێت.دواین قسەی منیش ئەوەیە کە خەڵکی ئێمە بەفراوانی بەشداری لە هەڵبژاردنەکان بکەن ئەم دەنگدانە بۆ لیستی برایەتی و پێکەوە ژیان دەنگدانێکی چارەنوسسازە، هەروەها ئەنجوومەنی پارێزگاکانی ئەم جارە وەك ئەنجوومەنی پارێزگاکانی پێشوو نییە، ئەمجارە ئەنجوومەنی پارێزگاکان دەسەڵاتی حکومەتێکی محەلی دەبێت،دەسەڵاتێکی گەورەی دەبێت، ئەگەر ئێمە چەند نوینەرەکانمان لەو ئەنجوومەنە زیاتر بێت هێندە زیاتر دەتوانین خزمەتی شاری خۆمان بکەین.هەربۆیە من وەك پیاوێکی ئایینی دەنگدان بە لیستی برایەتی و پێکەوە ژیان بە واجبێکی شەرعی دەزانم.

●●●
**دوز خورماتوو پێشتر یەکێک بووە لە قەزاکانی سەر بەکەرکوک و بەهۆی سیاسەتی تەعریبەوە لە کەرکوک دابرینراوە و لکێنراوە بە پارێزگای سەلاحەددینەوە**
●●●

●●●
**ئێمە وەک لیستی ٣٣٣ی برایەتی و پێکەوە ژیان زیاتر جەخت لە سەر قەزای دوز و ناحیەکانی دەوروبەری دەکەین**
●●●

**دلێر باجەلان پاڵێوراوی لیستی هاوپەیمانی کوردستان بۆ هەڵبژاردنەکانی دیالە:**

# دەنگدان بە لیستی ١٧٣ی هاوپەیمانی کوردستانی دەنگدانە بۆ زووتر جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠



**بەڕێز دلێر باجەلان یەکێکە لە پاڵێوراوانی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە هەڵبژاردنەکانی پارێزگای دیالە و وا چاوەڕواندەکرێت ئەم لیستە دەنگەکانی خانەقین و مەندەلی و سەعدیە و ناوچەکانی دەوربەری بەدەست بهێنێت، بەڵام ئەم مەزندەیە بەهۆی گەڕانەوەی سوپای عێراق بۆ بەشێك لەو ناوچانە مەترسی ئەوە هەیە هاوڵاتیان وەك ئاستی پێویست نەتوانن بەشداری بکەن، هەربۆیە وەك لە قسەکانی دلێر باجەلان بۆ گوڵان دەردەکەوێت، ئەمە مەترسیەکی دروستکردووە و ئەمەش دەقی لیدوانە تایبەتەکەی باجەلانە سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی پارێزگای دیالە.**

**لیستی(١٧٣) یەکێکە لە لیستە هەرە بەهێزەکانی دیالە و لیستی دیکەش هەیە کە رکەبەرایەتیمان دەکات**

*** ئێوە وەك لیستی هاوپەیمانی کوردستان بەشداری هەڵبژاردنەکانی پارێزگای دیالە دەکەین، ئایا چۆن خۆتان بۆ ئەم هەڵبژاردنە ئامادەکردووە؟**

-لەم هەڵبژاردنەی کە پێشوازی لێی دەکەین لە چوارچێوەی ئەو پلانەی کە بۆی دارێژراوە، هەفتە بە هەفتە جێبەجێیمان کردووە تا گەشتووینە هەفتەی کۆتایی و لە هەفتەی کۆتاییش کار لەسەر ئەو شتانە دەکەین کە کەموکوڕیمان تێدا هەبووە، کارەکان بە جددی جەختی لەسەر دەکەینەوە بۆ ئەوەی کەموکوڕیمان نەمێنێت، وەکو خۆتان دەزانن ئەمجارەیان ئێمە خۆمان پاڵاوتووە لە چوارچێوەی لیستی (١٧٣) پێمان وایە خەڵکێکی زۆر دەنگ بەم لیستە دەدات و یەکێکە لە لیستە هەرە بەهێزەکانی دیالە و لیستی دیکەش هەیە کە رکەبەرایەتیمان دەکات، بەڵام ئەوانیش قەوارەی سیاسی جیاجیان و پەرش و بڵاون لەناوخۆیانداو،بۆیە پێشبینی دەکەین دەنگەکانیان دابەش بێت. بەڵام بە خۆشحاڵیەوە دەڵێم ئێمە وەك لیستی هاوپەیمانی کوردستان توانیومانە لە خانەقین یەکگرتوویمان بپارێزین، تاوەکو دەنگەکان پەرشوبڵاونەبن و تا ئێستاش هیچ هەڵەیەکی ئەمنی رووی نەداوە و ئیش و کارەکانی سکرتایەتی هەڵبژاردن بەرێکوپێکی بەڕێوەدەچێت و بۆ ئاگاداری ئێوەش ئێمە لە ناو هیچ بارەگایەکی حزبی دا پروپاگەندەی هەڵبژاردن ناکەین، بەڵکو بۆخۆمان خانووەیەکمان بە کرێگرتووە بەناوی سکرتاریەتی هەڵبژاردنی هاوپەیمانی کوردستان هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بەڕێوە دەبەین و هەموو کەس و لایەنێك هاتووچۆمان دەکەن بەبێ ئەوەی بچنە بارەگایەکی حزبی، سکرتاییەتی هەڵبژاردنیش هیچ رەنگێك لە خۆناگرێت و بەو رێژەی لایەنگر و دۆستانەیی هەمانە پشت ئەستوورین کە دەنگمان پێدەدەن، رێژەی جەماوەرەکەش زۆرە هەر بۆیەش پێشبینی دەکەم بەسەر ئەنجامێکی باش دەنگ بهێنین و دەربچین.

*** ئایا دەتوانین بڵێین ئێوە لە هەلمەتەکانی بۆ ئەم هەڵبژاردنە کردوتانە رازین ؟**




- ئێمە لە دیالە بەپێی دیموگرافی ناوچەکە ریکلام و پرۆپاگەندەکانی هەڵبژاردنمان کردووە و بڵاومانکردۆتەوە و تا ئێستا زۆربەی پۆستەر و رێکلامەکانمان گەیاندۆتە شوێنی مەبەست و گەڕەکەکان و لەمیانەی کۆڕ و کۆبوونەوە و سیمیناردا بەردەوامین و سەردانی کەسایەتی ناوچەکە و شارەکانمان کردووە و بۆ هۆشیارکردنەوەی جەماوەر و لایەنگرانمان رۆژانە لە رێگای کەناڵەکانی تی ڤی و رادیۆ بەردەوامین، هاوکات کادیرانمان سەردانی گەڕەك و شوێنی گشتی و جەماوەر دەکەن و رۆڵی بەرچاویان گێڕاوە و چەندین تیپی وەرزشی رێکلام بۆ لیستەکەمان دەکەن و حزبەکانیش جەماوەر و لایەنگرەکانیان کۆدەکەنەوە و رێکلام دەکەن و ئێمە وەکو سکرتارییەتی هەڵبژاردن لە کاروجموجۆلی گورج و کاریگەردایین بەشێوەی جیاجیا کارمان کردووە بۆ سەرکەوتنی لیستی (١٧٣) لە دیالە و تا ئەو رادە هەوڵدراوە کە دەرگا بە دەرگا سەردانمان بۆ لای خەڵك کردووە، ئەمەش کاریگەریەکی سەرەکی دەبێ بۆ سەرکەتنی هەڵبژاردنەکە و لیستەکەمان.

***ئایا تا چەند گەشبینن کە بتوانن لانی کەم رێژەیەکی بەرچاو بێنین لەم هەڵبژاردنەشدا؟**

- پیش هەموو شت ئەمجارە بەشێوەیەکی گشتی کورسیەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان کەمبۆتەوە و بێگومان کورسی ئەنجوومەنی پارێزگای دیالە کەمبۆتەوە بۆ ٢٩ کورسی، ناتوانین رێژەیەکی دیاریکراو بدەین بەدەستەوە بڵێین ئەوەندە دەهێنین، بەڵام پێشبینی دەکەین ئەگەر هاوڵاتیان بەشداریەکی تەواو بکەن و هەموو کورد دەنگبدات بە لیستی ١٧٣ لەنێوان ٦-٨ کورسی بەدەست بهێنین. بەڵام واپێشبینی دەکرێت لە دیالە ٦٠٠ هەزار دەنگدەر بێت و دەنگدەرانی کوردیش بەوئاستە نایەن بۆیە واپێشبنی دەکەین ٣تا٥ کورسی بێنین و لە خانەقین و گوندەکانی دەوروبەری پێشتر بارودۆخی ئێمە باشتر بووە بۆیە دەنگمان زیاتر هێناوە، بەڵام ئێستا سوپاو پۆلیسی عێراقی لەم شوێنانەن و باڵا دەستن، بۆیە دەبێ وای بۆ بچین کە ئێمە لە جاران کەمتر دەنگ دەهێنن.

*** بایەخی ئەم هەڵبژاردنە بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ و گەڕانەوەی خانەقین و ناوچەکانی دیکە بۆ سەر هەرێمی کوردستان چۆن دەبینی؟**

- خۆی لەراستیدا ئەم هەڵبژاردنە وەکو ئێمە چاەڕوانی دەکەین و ئەو متمانەیەی ئێمەو حزبەکان و خەڵك بەجەماوەرمان هەیە، ئەو جەماوەرە دڵسۆزەی کە خاوەنی ژمارەیەکی زۆر شەهیدن و لەمێژوویی رابردوو چەندین زوڵم و زۆرداریان بەرامبەرکراوە رێژەیەکی باش چاوەڕوان دەکرێت کە دەنگ بدەن بە لیستی ١٧٣ دیالە و ئەم رێژەیەش چەند زیاتر بێت ئەوەندە ماددەی ١٤٠ باشتر پرۆسەکەی جێبەجێ دەبێت و پتر پشتگیری لێ دەکرێت و بەزیاتر هاتنی رێژەکە وادەکرێت لایەنی بەرامبەریش ئەگەر بەدحاڵی بوونیش هەبێ بێتە باوەڕو پشتگیری لەماددەی ١٤٠ بکات بگاتە ئەو باوەڕە کە راستە ئەم ناوچەو شارانە ١٠٠ ٪ کوردیەو پرۆسەکەی ١٤٠ باشتر بەڕێوەبچێت و بهێڵین یاسا کاری خۆی بکات و ناوچەکە بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئێستا دیمستورا چاوەڕوانی ئەم هەڵبژاردنە دەکات و دەیکاتە سەنگی مەحەك بۆیە چەند رێژەکەمان زیاتر بێت بایەخی هەڵبژاردنەکەو بەکوردستانی بوونی پتر دەبێت.

**کورسی ئەنجوومەنی پارێزگای دیالە کەمبۆتەوە بۆ ٢٩ کورسی، ناتوانین رێژەیەکی دیاریکراو بدەین بەدەستەوە بڵێین ئەوەندە دەهێنین، بەڵام پێشبینی دەکەین ئەگەر هاوڵاتیان بەشداریەکی تەواو بکەن و هەموو کورد دەنگبدات بە لیستی ١٧٣ لەنێوان ٦-٨ کورسی بەدەست بهێنین**

تید گه‌لێن كارپنته‌ر توێژه‌ر له پەیمانگای ستراتیژی كاتۆ بۆ گوڵان:

# ئه‌گه‌ر نوری مالیكی به پەیمانی گه‌ڕانه‌وه بۆ مه‌ركه‌زیه‌ت پروپاگه‌نده‌ی هه‌ڵبژاردن بكات، كارێكی گێلانه ده‌كات



**پرۆفیسۆر تید گه‌لێن كارپینته‌ر یه‌كێكه له توێژه‌ره ناسراوه‌كانی په‌یمانگای ستاتیژی كاتۆ و یه‌كێكه له‌و شرۆڤه‌كارانه‌ی زۆر له نزیكه‌وه ئاگاداری ره‌شی سیاسیی عێراق و به‌رده‌وامیش وه‌ك شرۆڤه‌كارێكی جیهانی له‌سه‌ر ئاستی میدیاكانی ئه‌مریكا به تایبه‌تی cnn، cbs و چه‌ندین كه‌ناڵی دیكه بۆ شرۆڤه‌ی كێشه هه‌ستیاره‌كانی عێراق بانگێش ده‌كرێت و به‌رده‌وامیش له‌سه‌ر لاپه‌ره‌كانی واشنتۆن پۆست و نیویۆرك تایمز وتاره‌كانی بڵاو ده‌بێته‌وه، ئێمه وه‌ك گۆڤاری گوڵان پێشتر له‌سه‌ر بارودۆخی عێراق په‌یوه‌ندیمان به پرۆفیسۆر كار پێنته‌ر كردووه و ئه‌مجاره‌ش به پێویستمان زانی له‌سه‌ر ره‌وشی هه‌ڵبژاردنی ئه‌نجوومه‌نی پارێزگان چه‌ند پرسیارێكی ئاراسته بكه‌ین به‌ڕێزی به‌مجۆره وه‌ڵامی پرسیاره‌كانی داینه‌وه.**

**مالیكی كارێكی زۆر گێلانه ده‌كات ئه‌گه‌ر هه‌وڵی گه‌ڕاندنه‌وه‌ی مه‌ركه‌زیه‌ت بدات، بارودۆخی عێراق تا راده‌یه‌ك سه‌قامگیره**

***له كۆتایی ئه‌م مانگـه‌دا، هه‌ڵبژاردنێكی گرنگ له عێراقدا ئه‌نجام ده‌درێت كه بریتیه له هه‌ڵبژاردنی ئه‌نجومه‌نی پارێزگاكان، ئایا سـه‌ركه‌وتنی ئه‌م هه‌ڵبژاردنانه تا چ راده‌یه‌ك كاریگه‌ری ده‌بێت له‌سه‌ر بارودۆخی عێراق؟**

- ئه‌وه ده‌وه‌ستێته‌سـه‌ر ئه‌وه‌ی تا چ راده‌یه‌ك ئه‌و هه‌ڵبژاردنانه سه‌ركه‌وتن به‌ده‌ست ده‌هێنن، ئایا چ پارتێكی دیاری كراو باشترین ئه‌نجام به‌ده‌ست ده‌هێنێت. به دڵنیاییه‌وه پارتگه‌لێكی میانڕه‌وترمان هه‌یه له پارته‌كانی دیكه، هه‌روه‌ها ئه‌و كه‌سایه‌تیه سیاسیانه‌مان هه‌یه كه هه‌وڵی دووباره به‌ده‌سـتهێنانه‌وه‌ی ده‌سترۆیشتوی ده‌ده‌ن، به تایبه‌تـی ئه‌وانه‌ی نزیكن له موقته‌دا ئه‌ل سـه‌دره‌وه. چه‌ند هۆكارێكی دیكه‌ش له ئـارادان وه‌ك ئه‌وه‌ی ئایا هه‌ڵبژاردنه‌كان به شێوه‌یه‌كی ئاشتیانه به‌ڕێوه‌ده‌چن یاخود توندوتیژی روده‌دات. ره‌نگه له مه‌ودای دووریشدا ئه‌و روانگه‌یه زیاتر بچه‌سپێنێت كه چیتر هه‌مو ده‌سه‌ڵاته‌كان له به‌غدا كۆنابنه‌وه.

***زۆرێـك له چاودێران پێیان وایه ئـه‌م هه‌ڵبژاردنانه ده‌بنه‌هۆی گۆڕینی هاوكێشه‌ی سیاسی له عیراقدا، پرسیاره‌كه ئه‌وه‌یه ئایا تا چ راده‌یه‌ك ئه‌م گۆڕانكاریانه له به‌رژه‌وندی سـه‌ركه‌وتنی پرۆسه سیاسیه‌كه ده‌بن؟**

- مـن له‌و باوه‌ڕه‌دانیم گۆڕانگاریه‌كی گه‌وره دروسـت بكات، پێشـبینی ده‌كرێت ئه‌و پارتانه‌ی له هه‌ڵبژاردنه نیشتمانیه‌كاندا ده‌رئه‌نجامێكی باشیان به‌ده‌ستهێنان، هه‌مان شت له‌م هه‌ڵبژاردنانه‌دا دووباره بكه‌نه‌وه. من پێم وایه ئه‌م هه‌ڵبژاردنانه هه‌ستیارترین كێشه چاره‌سـه‌ر ناكه‌ن كه بریتیه له كێشـه‌ی كه‌ركوك، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی تاوه‌كو ئه‌م كێشـه‌یه چاره‌سـه‌رنه‌كرێت ئه‌وا ئه‌گه‌ری ململانێی ده‌سه‌ڵات و ناكۆكی و توندوتیژی و پشێوی له ئارادا ده‌بێت.

***له‌بـه‌ر ئـه‌وه‌ی بارودۆخه‌كه ناسـه‌قامگیره مه‌ترسـی ئه‌وه هه‌یه سـه‌ره‌ڕای سـه‌ركه‌وتنی پرۆسـه‌ی هه‌ڵبژاردنه‌كان به‌ڵام هه‌ڵبژاردنه‌كان عادیلانه نه‌بن، ئایا ئه‌مه چ مه‌ترسـیه‌ك له‌سه‌ر عێراق دروست ده‌كات؟**

**هه‌میشه ئه‌گه‌ری جیددی هه‌یه بۆ ساخته‌كاری و گه‌نده‌ڵی له هه‌ڵبژاردانه‌كاندا**

- هه‌میشـه ئه‌گه‌ری جیددی هه‌یه بۆ ساخته‌كاری و گه‌نده‌ڵی

لە هەڵبژاردانەکاندا، ئەگەر بارودۆخی عێراق لەبەرچاو بگرین بە تایبەتی ئەو ململانێیی دەسەڵاتەی لە بەسرە هەیە، ئەوا جێی سەرسوڕمان دەبێت بۆ من ئەگەر هەڵبژاردنێکی راستگۆیانە بکرێت تێیدا. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا خوازیاری هەڵبژاردنێکە میسداقیەتی هەبێت، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دەبێت تا چ رادەیەك ساختەکاری و هەڕەشەکردن لە دەنگدەران و رێگرتن لە پاڵێوراوە سیاسیەکان هەبێت بۆ ئەوەی بڵێین هەڵبژاردنەکە میسداقیەتی لەدەستداوە.

*** مالیکی لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا داوای گەڕانەوە بۆ حکومەتی مەرکەزی دەکات، ئایا گەڕاندنەوەی حکومەتی مەرکەزی بە مانای گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی دیکتاتۆری نایەت؟**

- مالیکی کارێکی زۆر گێلانە دەکات ئەگەر هەوڵی گەڕاندنەوەی مەرکەزیەت بدات، بارودۆخی عێراق تا رادەیەك سەقامگیرە، ئەمەش بۆ ئەو هاوسەنگیە هەستیارە دەگەڕێتەوە کە لە نێوان دەسەڵاتی ناوەندە و دەسەڵاتە مەحەلیەکاندا هەیە، ئەگەر مالیکی هەوڵی گەڕانەوەی مەرکەزیەت بدات ئەوا گیروگرفتێکی زۆر لە عێراقدا دەخولقێت. ئەوەی جێی دڵخۆشیە ئەوەیە هەرێمی کوردستان هەرێمێکی گەشەکردو و سەقامگیرە و خۆی کاروبارەکانی خۆی بەڕێوەدەبات و کوردەکان بەرهەڵستی هەر هەوڵێك دەکەن بۆ لاوازکردنی هەرێمەکەیان.

*** هەڵبژاردن یەکێکە لە پرۆسە دیموکراسیەکان، بەڵام لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیدا بۆتەهۆی ئەوەی ئیسلامیەکان سەکەوتنی تێدا بەدەست بهێنن، ئەم حاڵەتە لە عێراقیشدا بەدی دەکرێت، ئایا تا چەند مەترسی ئەوە هەیە ئیسلامیەکان باڵادەست بن تێیدا؟**

- رەنگە ئەم هەڵبژاردنانە ببنەهۆی بەدی هێنانی بەرەوپێشچونێکی رێژەیی، بەڵام چەند توخمێکی دیکەش هەن کە جێی نیگەرانین، بە تایبەتی ئەگەر ئەو پارت و لایەنانە سەرکەوتن بەدەست بهێنن کە دۆستایەتێکی نزیکیان لەگەڵ ئێراندا هەیە و لە ژێر دەستڕۆیشتویی ئێراندان، ئەمە کاریگەریەکی خراپی بۆ کوردەکان و بۆ لایەنەکانی دیکەش دەبێت.

***ئایا تا چ رادەیەك دەستێوەردانی دەرەکی مەترسیدارە بۆ سەر عێراق، بە تایبەتی کە پێشبینی ئەوە دەکرێت دەستێوەردان لەم هەڵبژاردنانەدا بکرێت؟**

- من هیوادارم کە تێکڕایی دەوڵەتە دراوسێکانی عێراق دەستێوەردانیان لە کاروباری ناوخۆی ئەو وڵاتە رابگرن، بە تایبەتی ئێران و سعودیە، چونکە سعودیەش پەیوەندی لەگەڵ هێزە سونییەکاندا هەیە، لەبەر ئەوەی ئەم دەستێوەردانانە کاریگەرییەکی تەندروستی نابێت لەسەر ئایندەی عێراق.

*** سوننەکان بە شێوەیەکی فراوان بەشداری لەم هەڵبژاردنانەدا دەکەن بە پێچەوانەی هەڵبژاردنەکانی پێشووەوە، ئایا تا چ رادەیەك مەترسی سەرهەڵدانەوەی شەڕی ناوخۆی هەیە لە نێویان سوونە و شیعەدا؟**

- من پێم وایە پارتە تائیفیەکان دەبنە گەمەکاری سەرەکی لەم هەڵبژاردنانەدا، بە تایبەتی ئەمجارەیان سوننەکان لە بەشێکی وڵاتەکەدا باڵادەست دەبن و بنکەیەکی هێز دادەمەزرێنن، لەبەر ئەوە هەمیشە ئەگەری هەڵگیرسانەوە و سەرهەڵدانەوەی ئەو شەڕە ناوخۆییە هەیە کە لە ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧دا رویدا.

*** ئایا رۆڵی ئیدارەی ئۆباما چی دەبێت لە عێراقدا بە گشتی و لەم هەڵبژاردنانەدا بە تایبەتی کە پێشبینی گۆڕانگاری دەکرێت لە سایەی ئەم ئیدارەیەدا؟**

- ئەوەی پەیوەندی بە هەڵبژاردنەکانەوە هەیە ئەوا گۆڕانکاریەکی گەورە بەدی ناکەین لە هەڵوێستی ئۆباما بە بەراورد بە بۆش، لەبەر ئەوەی هەردوکیان خوازیاری ئەوەن هەڵبژاردنەکان بە رێکوپێکی و نەزیهانە بەڕێوەبچن، ئامانجەکانیان دەقا و دەق



**رەنگە ئەم هەڵبژاردنانە ببنەهۆی بەدی هێنانی بەرەوپێشچونێکی رێژەیی**

**هیوادارم کە تێکڕایی دەوڵەتە دراوسێکانی عێراق دەستێوەردانیان لە کاروباری ناوخۆی ئەو وڵاتە رابگرن، بە تایبەتی ئێران و سعودیە**

**پارتە تائیفیەکان دەبنە گەمەکاری سەرەکی لەم هەڵبژاردنانەدا، بە تایبەتی ئەمجارەیان سوننەکان لە بەشێکی وڵاتەکەدا باڵادەست دەبن و بنکەیەکی هێز دادەمەزرێنن**

# بچووكبوونه‌وه‌ی دێوه‌زمه‌ی ئه‌گه‌ری شه‌ڕی ئاو

ساڵانه له ستۆكهۆڵمی پایته‌ختی سوید هه‌فته‌ی جیهانی ئاو به سه‌رپه‌رشتی (ئه‌نستیتۆی جیهانی بۆ ئاو) ئه‌نجامده‌درێت، كه زیاتر له ٢٥٠٠ كه‌س له شاره‌زا و كه‌سانی پسپۆر له بواری ئاودا و سیاسه‌تمه‌داران و نوێنه‌رانی ولاتانی ١٤٠ ولاتی دنیا به‌شداری تێدا ده‌كه‌ن، كه تێیدا چه‌ند پێشنیاز و ڕاسپارده‌یه‌كی گرنگ ده‌كاته كارنامه‌ی خۆی بۆ چاره‌سه‌ركردنی قه‌یرانی ئاو له‌جیهاندا.

ئه‌و كۆنفرانسه ئاو به موڵكی هه‌موو مرۆڤایه‌تی ده‌زانێت و مافی هیچ كه‌س و لایه‌نێك نییه ڕێ له‌خه‌ڵكان یاخود ولاتانی دیكه بگرێت ئاویان بۆ نه‌چێت. خاڵه سه‌ره‌كییه‌كانی كۆنفرانسه‌كه بریتییه له چۆنییه‌تی گلدانه‌وه و دابینكردنی یه‌ده‌گی ئاوی خواردنه‌وه به تایبه‌تی بۆ ئه‌و ولاتانه‌ی كه به ده‌ست بێ ئاوییه‌وه ده‌ناڵێنن، كه ئه‌وه‌ش بۆته هه‌ڕه‌شه‌یه‌كی گه‌وره بۆ سه‌ر ژماره‌یه‌كی زۆری دانیشتوانی سه‌ر زه‌وی. پسپۆران له‌و كۆنفرانسه پێیانوابوو كێشه‌ی ئاو تا دێت ڕوو له‌زیادبوون ده‌كات به‌تایبه‌ت ئاڵۆزییه هه‌رێمایه‌تییه‌كان كه په‌یوه‌ندییان به سه‌پاندنی ده‌سه‌ڵاتی ولاتانی هه‌رێمی به‌سه‌ر ئاوه‌وه هه‌یه، ئه‌مه‌ش له‌كاتێكدا دێت كه وشكه‌ساڵی زۆربه‌ی شوێنه جیاجیاكانی گرتۆته‌وه.

شاره‌زایانی بواره‌كه به‌دووریان خسته‌وه كه شه‌ڕی ولاتان له‌سه‌ر ئاو دروست بێت، به‌تایبه‌ت دوای ئه‌وه‌ی په‌یوه‌ندی و هاریكاری نێوان ولاتان ڕووه‌و باشبوون ده‌چێت. هه‌ر له‌مباره‌یه‌وه پاتریسیا ۆرتز به‌ڕێوه‌به‌ری په‌یمانگای توێژینه‌وه‌ی نێوده‌وڵه‌تی بۆ یاساكانی ئاو له زانكۆی داندی ولاتی سكۆتله‌ندا ئه‌وه‌ی ڕوونكرده‌وه له‌كاتێكدا ٦٠٪ی دانیشتوانی جیهان به‌هۆی كه‌م ئاوییه‌وه ده‌ناڵێنن زۆر ئاسان و ئاساییه ئه‌گه‌ر ناكۆكی و ململانێ له‌نێوان ولاتان ڕووبدات. پێشتریش په‌ترۆس غالی ئه‌میینداری گشتی نه‌ته‌وه یه‌كگرتووه‌كان له‌وكاته‌ی وه‌زیری ده‌ره‌وه‌ی میسر بوو هۆشداری دابوو كه ململانێی داهاتوو له ناوچه‌كه له‌سه‌ر سیاسه‌ت نابێ به‌ڵكو له‌سه‌ر ئاوی نیل ده‌بێت. له‌لایه‌كی دیكه‌وه نه‌ته‌وه یه‌كگرتووه‌كان پێشبین ده‌كات ناوچه گرنگه‌كانی جیهان به تایبه‌تی ولاتانی عه‌ره‌ب و چین به‌هۆی ته‌نگژه‌ی ئاوه‌وه ڕووبه‌ڕووی كێشه‌گه‌لێكی زیاتر ده‌بنه‌وه، هانی ئه‌و ولاتانه‌شی دا بۆ چاره‌سه‌ركردنی ئه‌و كێشانه په‌نا ببه‌نه به‌ر زمانی دیالۆگ. هه‌روه‌ها یاگرسكۆگ كه پسپۆڕێكی بواری گه‌شه‌پێدانی ئاوه له ڕۆژهه‌ڵاتی ناوین و له وه‌زاره‌تی ده‌ره‌وه‌ی سوید كارده‌كات، له په‌راوێزی كۆنگره‌ی هه‌فته‌ی جیهانی بۆ ئاو ئاماژه‌ی به‌وه‌دا كه چه‌ند خاڵێك هه‌یه كه ده‌بێ بارگرژی و ناكۆكییه‌كان له‌باره‌ی ئاو هێور بكرێته‌وه، له‌به‌رئه‌وه‌ی شه‌ڕ له‌پێناو ئاودا باجێكی گه‌وره‌ی ده‌وێت. بۆ ئه‌م مه‌به‌سته‌ش نموونه‌ی به ولاتی ئیسرائیل هێنایه‌وه كه ڕێككه‌وتننامه‌ی له‌گه‌ڵ ولاتی ئیسرائیل مۆركرد بۆ دابه‌شكردنی ئاو له‌نێوانیاندا. له به‌شێكی دیكه‌ی قسه‌كانیدا یاگرسكۆگ ڕایگه‌یاند ئه‌گه‌ر ئیسرائیل بیویستایه ده‌سه‌ڵات بكێشێ به‌سه‌ر سه‌رچاوه‌كانی ئاوی خۆی پێویست بوو له‌سه‌ر به هه‌مان شێوه ده‌سه‌ڵات و هه‌ژموونی خۆی بكێشێت به‌سه‌ر به‌شه‌كانی سوریا و ئه‌رده‌ن و لوبنان، به‌ڵام دواتر ئه‌و ولاته ڕێگه‌چاره‌ی دیكه‌ی دۆزییه‌وه ئه‌ویش پشت به‌ستن بوو به ئاوی ده‌ریا. هه‌روه‌ها یه‌كێكی دیكه له‌و هۆكارانه‌ی كه به‌شداریان له كه‌مكردنه‌وه‌ی ئاڵۆزییه‌كان كردووه بریتی بووه له‌وه‌ی زۆربه‌ی ولاتانی ڕۆژهه‌ڵات پشتیان به‌ست به هاورده‌كردنی خۆراك له ولاتانی ده‌ره‌وه، ئه‌مه‌ش له‌لایه‌ن ئه‌م ولاتانه‌وه كاره‌كه ئه‌نجامدرا كه نه‌توانن هه‌ندێ جۆری كشتوكاڵ بكه‌ن له‌به‌ر كه‌م ئاوی ڕووبار و ده‌ریاچه‌كان.

هه‌ر له‌م پێناوه‌شدا نه‌ته‌وه یه‌كگرتووه‌كان هه‌وڵیدا بۆ دانانی یاسایه‌كی تایبه‌ت بۆ یه‌كلاكردنه‌وه‌ی ناكۆكییه‌كان له‌سه‌ر ئاو، بۆ ئه‌م مه‌به‌سته‌ش له‌ساڵی ١٩٩٧ گه‌یشتن به په‌یماننامه‌یه‌ك به‌ڵام تاوه‌كو ئێستا ئه‌م په‌یماننامه‌یه وه‌كو خۆی به‌رجه‌سته نه‌بووه، ئه‌مه‌ش به‌هۆی پابه‌ند نه‌بوونی ژماره‌یه‌كی به‌رچاو له ولاتان.

هه‌روه‌ها پاتریسیا ۆرته‌رز ئه‌م ده‌قه‌ی لا په‌سنده كه ده‌ڵێت: "دابه‌شكردنی جیهان به‌سه‌ر ئه‌و ولاتانه‌ی كه ده‌توانن ئاو به‌ده‌ست بهێنن و ئه‌و ولاتانه‌ی ناتوانن ئاو به‌ده‌ستبهێنن". پاتریسیا له‌درێژه‌ی ئاخاوتنه‌كانیدا ده‌ڵێت: ئێمه پێویستیمان به یاسایه‌كه كه به‌هۆیه‌وه لایه‌نه لاوازه‌كان ده‌پارێزرێن و له‌م پێناوه‌شدا زه‌مینه‌یه‌ك خۆش ده‌كرێ بۆ ئاشتی و پێكه‌وه‌ژیان له‌لایه‌ن ولاتان. سه‌ره‌ڕای نه‌بوونی چوارچێوه‌یه‌كی یاسایی بۆ ئه‌م مه‌به‌سته، به‌ڵام ڕێكخراوه نێوده‌وڵه‌تییه‌كان هه‌وڵێكی زۆریانداوه بۆ نه‌هێشتنی بارگرژی و ململانێ له‌سه‌ر ئاو. هه‌روه‌كو بانكی نێوده‌وڵه‌تی هه‌ڵسا به چاودێری كردنی حه‌وزی نیل به‌شێوه‌یه‌ك ١٠ ولات به‌درێژایی ئه‌و ڕووباره له كیشوه‌ری ئه‌فریقیا له‌خۆده‌گرێ، كه زۆربه‌شیان ولاتانی هه‌ژارن و به‌رده‌وام له غیابی باری سه‌قامگیری سیاسیی ده‌ناڵێنن، كه شیمانه‌ی ئه‌وه ده‌كرێ تا ٢٥ ساڵی دیكه ڕێه‌ی دانیشتوانیان دوو هێنده‌ی لێ بێت، ئه‌ویش به‌هۆی ئه‌و پرسانه‌ی پێوه‌ندیان به ئاو و سه‌رچاوه سروشتییه‌كانی دیكه‌وه هه‌یه. للای خۆشییه‌وه ئالیستێر ریوكلارك ئوستاد و تۆژه‌ر له زانكۆی داندی هۆشداری دا به‌وه‌ی كه زۆربه‌ی ولاتان پێویستیان به كۆمه‌ك و یارمه‌تیدانێكی زۆر هه‌یه له‌هه‌موو بواره‌كانی پسپۆری و ژێرخانی ئابووری، ئه‌مه‌ش به‌ر له‌وه‌ی به‌دواداچوون بكرێت له‌سه‌ر چۆنییه‌تی به‌ده‌ستهێنانی ئاو.

هه‌ر له‌میانه‌ی كۆنفرانسه‌كه‌دا ڕێكخراوی جیهانی دژی گه‌نده‌ڵی به ده‌زگاكانی چاپه‌مه‌نی ڕایگه‌یاند كه ٤٥٪ی ئه‌و پاره‌یه‌ی كه بۆ ئاوی پاك له‌جیهاندا ته‌رخان ده‌كرێت، كورتی هێناوه، ئه‌مه‌ش به هۆی ئه‌و لایه‌نانه‌وه‌یه كه گه‌نده‌ڵی ده‌كه‌ن له‌بواری گه‌یاندنی ئاو به هاووڵاتیان به‌تایبه‌تی كاتی ئه‌نجامدانی پرۆژه گه‌وره‌كانی ژێرخانی ئابووری ئاو. ڕێكخراوه‌كانی سه‌ر به نه‌ته‌وه‌یه‌كگرتووه‌كان ڕایانگه‌یاند كه حاڵی حازر ٦ ملیار كه‌س له‌سه‌ر گۆی زه‌وی به‌بێ ئاوی پاك و به‌بێ هیچ مه‌رجێكی ته‌ندروستی ده‌ژین كه ١ ملیاریان منداڵن و هه‌موو ٢٠ چركه‌یه‌ك منداڵێك به هۆی ڕه‌چاونه‌كردنی مه‌رجه‌كانی ته‌ندروستی له جیهاندا ده‌مرێت، كه ساڵانه به‌و هۆیانه‌وه ده‌كاته مردنی ١،٨ ملیۆن كه‌س له‌ته‌واوی دنیادا. هۆكاره‌كانیشی ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ خراپی مه‌رجی ته‌ندروستی خواردن و ئاوی پیسبووی سه‌رچاوه‌كانی ئاو. چاوه‌ڕوان ده‌كرێت تا ساڵی ٢٠١٥ له‌جیهاندا ژماره‌ی ئه‌و كه‌سانه‌ی كه له‌ژێر ئه‌و مه‌رجه ناهه‌موارانه‌دا ده‌ژین له ٢٠٪ بۆ ٣٠٪ به‌رزببێته‌وه، هه‌ر بۆیه‌ش نه‌ته‌وه یه‌كگرتووه‌كان له بانگه‌وازێكدا ڕایگه‌یاند كه ساڵی ٢٠٠٨ ده‌كه‌نه ساڵی به‌گژداچوونه‌وه‌ی خراپی مه‌رجه‌كانی ته‌ندروستی و دابینكردنی ئاوی پاك بۆ هاووڵاتیان، كه ئه‌وه‌ش له خاڵی سه‌ره‌كی به‌رنامه‌كه‌یاندا هاتووه له‌و پێناوه‌دا و كه‌مكردنه‌وه‌ی ڕێژه‌ی تووشبووان كه به‌و هۆییه‌وه دووچاری بوون یان ژیانیان له‌ده‌ستداوه و ده‌خوازن ئه‌و ڕێژه‌یه تا ساڵی ٢٠١٥ بكه‌نه نیوه.



٦٠٪ی دانیشتوانی جیهان به‌هۆی كه‌م ئاوییه‌وه ده‌ناڵێنن

بەهۆی کەمی باران.. ئەگەری دووبارەبوونەوەی وشکەساڵی و هەڵوەشانەوەی پلانەکانی حکوومەت لەئارادایە

# هەرێمی کوردستان بە پراکتیکی پرۆژەی بەنداوی گەورەی جێبەجێ نەکردووە، بە پێچەوانەی تورکیاو ئێرانەوە

## لەوانەیە ئەو پلانە پێنج ساڵییەی کە بۆ بوژانەوەی کشتوکاڵ و سامانی ئاژەڵ دارێژرابوو، جێبەجێ نەکرێت



### وشکەساڵی کاریگەری دەبێت لەسەر پلاندانان

بەهۆی کەمی باران بارین شیمانەی ئەوە دەکرێت ئەمساڵیش وشکەساڵی ڕووبدات و بەمەش پلانە دوورمەوداکانی حکوومەتی هەرێم لەباردەچێت، بەتایبەتی کە حکومەت بڕیاریداوە بۆ ساڵانی داهاتوو زیاتر لە ٤٠٪ی بودجە بۆ کەرتی کشتوکاڵ تەرخان بکات. لەم سۆنگەیەوە وا بڕیارە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان بەهەماهەنگی هەریەك لەوەزارەتەکانی بازرگانی، ژینگە، شارەوانی و پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان کۆنفرانسێکی ستراتیژیی بۆ بوژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵی و ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسی وشکەساڵی ئەنجام بدەن و میکانیزمێکی گونجاو بۆ ڕایی کردنی پلانەکانیان بدۆزنەوە.

لەمبارەیەوە ژێدەرێکی پسپۆر لەبواری کشتوکاڵ پێی ڕاگەیاندین کە ئەمساڵیش ئەگەری ئەوە هەیە هەمدیسان وشکەساڵی هەرێمی کوردستان بگرێتەوە، چونکە وا نزیکی سەری ساڵی نوێ دەبینەوە کەچی بەڕێژەیەکی زۆر کەم باران باریوە و بەم هۆیەشەوە لەوانەیە ئەو پلانە پێنج ساڵییەی بۆ کەرتی کشتوکاڵ دارێژرابوو جێبەجێ نەکرێت.

سەبارەت بەم مژارە، عوسمان شوان وەزیری پلاندانان ڕایگەیاند کە هێشتا ماویەتی بڕیاری وشکەساڵی بدەین، هەروەك ڕوونیکردەوە کە پلانە پێنج ساڵییەکەی حکوومەت پەیوەستە بە کەشوهەوا و بودجەی هەرێمەوە، بۆیە ئەگەر وشکەساڵی ڕووبدات و بودجەی عێراق و کوردستانیش کەم ببێتەوە ئەوا ڕەنگدانەوەی خراپی دەبێت لەسەر سیاسەت و پلاندانان.

●●●

**ئەگەر زۆرترین بارانیش ببارێت ئەوا بەهۆی نەبوونی پلانڕێژی گونجاو و زانستییانە (وەک دروستکردنی بەنداو و پرۆژەی ئاودێری گەورە بۆ گلدانەوە و پاشەکەوتکردنی ئاو) بۆ کەڵک وەرگرتن لەو بارانە و دابەشکردن و بەکارهێنانی ئەو سامانە سروشتییە زۆربەی بە هەدەر دەچێ**

●●●

●●●

**پسپۆرێکی بایۆلۆژی دەڵێت هۆکارێکی سەرەکی وشکەساڵی لەزۆربەی وڵاتە جیاجیاکانی جیهان دەگەڕێتەوە بۆ زۆربوونی بەکتریا. بۆیە هۆشداری داوەتە ئەو وڵاتانەی وشکەساڵی تێدایە، تاوەکو هەوڵی کەمکردنەوەی پیتاندنی بەکتریا بدەن**

●●●

## ICRC ٦ ملیۆن دۆلاری بۆ وشکەساڵی تەرخانکردووە

د. دینـدار زێباری ڕێکخەری حکوومەتی هەرێم بۆ کاروباری UN کە پێشتر سەردانی بارەگای سـەرەکی ڕێکخراوی خاچی سووری نێودەوڵەتـی لە جنێف کرد بوو، ڕوونیکردەوە کە ڕێکخراوی ICRC بـڕی ٦ ملیـۆن دۆلاری بۆ ناوچەکانی توشبوو بە وشکەسـاڵی لەکوردستان تەرخانکردووە.

جێگری سەرۆکی بەشـی چالاکییەکانیش لەڕێکخراوی (ICRC) باسـی لە چالاکییەکانی ڕێکخراوەکەی لەهەرێمی کوردسـتان کردو ڕایگەیاند کە ٦ ملیـۆن دۆلاریان بۆ ناوچەکانی ئاکرێ، خانەقین و دەڤەری گەرمیانی توشـبوو بە وشکەساڵی تەرخانکردووە، کە بڕیارە بەم نزیکانە پلانی ڕێکخراوەکە دەسـت پێبکات و لەکۆتایی مانگی ئـاداری ٢٠٠٩ کۆتایی پێبێت. ئامانجی ئەو پلانەش چاککردنەوەی ئـەو زەرەر و زیانانەیـە کە بە کەرتـی ئاوەدانکردنەوە گەیشـتووە، هەڵکەندنـی بیری ئاوی نوێ، بەرەو پێشـبردنی ئاوەڕۆکان و ئاوی خواردنـەوە و هەندێ لایەنی پەیوەندیدار بە پاراسـتنی باری ئابووری لەگەڵ دابەشـکردنی خۆراك بەسـەر خەڵکی زەرەرمەند بە دیاردەی وشکەساڵی، کە لەو ناوچانەدا دەژین.

## زیادبوونی دانیشتوان و کەمبوونەوەی ئاو

لەکاتێدا لەسـەرتاپای جیهان و لەنێویشیاندا هەرێمی کوردستان باری دیمۆگرافیا بەردەوام ڕوو لە گۆڕان و هەژاندایە، بەتایبەتیش لەوڵاتە دواکەوتووەکاندا. وا چاوەڕوان دەکرێت کە سـەرچاوە سروشتییەکان بە تایبەتـی ئاو بە هۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشـتوان و زیادبوونی بەکارهێنانـی ئاو و هـاوکات بەهۆی بەرزبوونـەوەی پلەی گەرما پێشـبینی کەمبوونەوەی ئاو دەکرێت و تەنگژەی بێ ئاوی دروسـت دەبێت. لەبەرئەوە ئەگەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە باشـی ئیدارەی سەرچاوەکانی ئاو نەکات ئەوا یەکێك لە ئەگەرەکان ئەوەیە کە شەبەحی جەنگی ئاو نزیك دەبێتەوە، کە ئێسـتا لەهەندێك ناوچەدا بۆتە هۆی دروستبوونی ململانێ و بارگرژی سیاسیی و هەرێمی.

لەلایەك ئێسـتا تورکیا خەریکی دروسـتکردنی بەنداوی ئیلیسۆ-یە لەناوچەی حەسـەن کێف-ی سەر بەشاری باتمان بۆئەوەی دەروازەی ئاوی دیجلـە بەڕووی عێراقـدا دابخـات و وەك بارمتەیەك لەژێر ڕکێفی خۆیدا بەکاریبهێنێت. لەملاشـەوە ئـاوی ئەڵوەن لە خانەقین، کە یەکێکە لەو سـەرچاوانەی لەئێرانەوە دێتە کوردستان ئەوا خەریکە ئاراستەی ئاوی سـیروان لادەبرێت و وشك دەکرێت. بۆ خاوکردنەوەی ئەو گرژیانەش پێویسـتە لەڕێی سیستمێکی هەرێمی و بەهاوبەشی ئیدارەی سەرچاوەکانی ئاو بکرێت.

بۆیە ئێستا ڕۆژهەڵاتی ناوین یەکێکە لەو ناوچانەی دنیا کە کێشەی کەم ئاوی ڕووی تێکردووە، بەتایبەتی کەم بوونی سەرچاوەکانی ئاوی شـیرین بۆ بەکارهێنانی مرۆڤ و کشتوکاڵ و ئاژەڵداری. دەربارەی هەرێمی کوردستانیش بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوین ئەوا بە هەرێمێکی دەوڵەمەند دادەنرێت.

## وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاو
## ١٠٠ جێگای دەستنیشانکردووە بۆ دروستکردنی بەنداو

ئـاو بنەماگەی هەموو پێشـڤەچوونێك و بوونی ژیانـە لەجیهاندا، لەبەرئەوەی کۆنترین شارسـتانییەت لە کەناری ڕووبارەکانەوە دەستی پێکـردووە. وەك وڵاتانی نێـوان هەردوو ڕووبـاری میزۆپۆتامیا کە کوردستان بەشـێکە لەو ناوچەیە. لەبەرئەوەی زۆربەی مەترۆپۆلەکان و شـار و دێهاتەکانـی جیهان لە نزیکـی ڕووبـار و کانیاوەکانەوە گەشـەیانکردووە. هەر بۆیـە بایەخی ئاو لەهەموو سـەرچاوەیەکی سروشـتی دیکە پێویسـتە بۆ ژیان و شارسـتانییەت، بە بێ ئاو نە دەتوانین بژیـن و نە کۆمەڵـگای مرۆڤایەتیش دەتوانێ نەشـونما بـکات. لەم ڕووەوە، گلدانەوەی ئاوی ژێر زەوی بۆ نەوەکانی داهاتوو زۆر گرنگە، بەشـێوەیەك گەر لەحاڵەتـی زۆر زەروریدا نەبێت نابێ بەکاربهێنرێت. بۆ ئەمەش پێویستە هەوڵەکانی وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاو بۆ دروسـتکردنی بەنداو چڕتر بکرێتەوە تا ببێتە هۆی زۆربوونی ئاوی سـەر زەوی. لەساڵانی ڕابردوودا پڕۆژەکانی ئاوی سەرزەوی لەبواری ئاودێری و ئاوی خواردنەوە وەکو پێویسـت دروست نەکراون. بۆیە خەڵك بە ناچاری دەسـتدرێژی دەکەنە سـەر ئاوی ژێر زەوی و ژمارەیەکـی زۆر بیر بەمۆڵەت و بێ مۆڵەت هەڵدەکەنرێت. هەر بۆیە دەبێت هەوڵ بدرێت زۆرترین پڕۆژە لەسـەر ئاوی سەر زەوی دروست بکرێت، چونکە هەرێمی کوردستان هەشت ملیۆن دۆنم زەوی لەباری هەیە بۆئەوەی پڕۆژەی ئاودێری لەسـەر بکرێت، بەڵام تائێستا کەمتر لە ١٠٪ پڕۆژەی لەسـەر دروسـتکراوە. هەروەها هەرێمی کوردستان ٥٠ ملیار مەتر چوارگۆشـەی ئاوی هەیە، کـە تەنیا ١٠ ملیاری کۆنترۆڵکراوە لە بەنداوەکانی دوکان و دەربەندیخان و دهۆك.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەنداوەکان، سـەر بە وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاوی حکوومەتی هەرێم بەمیدیاکانی ڕایگەیاند کە، پلانرێژی کردووە تا کۆنترۆڵی سـەرچاوەکانی ئاو، بەتایبەتی ئاوی ژێر زەوی بکات. بۆ ئەمەش زیاد لە ١٠٠ جێگای دەستنیشـانکردووە بۆ دروستکردنی بەنداوی گەورە و بچووك و مام ناوەندی، وابڕیاریشە لەساڵی داهاتوو هەندێك لـەو بەنداوانە بخرێنە واری جێبەجێکردنـەوە، گرنگترینیان بەنـداوی حەمامۆك لە کۆیە، بەنداوی باوەشاسـوار لە گەرمیان و بەنداوی گۆمەسپان لەهەولێر و هەندێ بەنداوی دیکەش دیزاینەکەی لەهەر سێ پارێزگاکەی هەرێم تەواوکراون و دەخرێنە تەندەرەوە.

## بەرزی بەنداوی بێخمە ٦٠٠ مەتر دەبێت

لەلایەکی دیکەشـەوە، حکوومەتی ناوەندی عێراق ئامادەیی دەربڕیوە کە، بڕی ٥ ملیار دۆلار بۆ دروستکردنی بەنداوی بێخمە لەسەر زێی گەورە خەرج بـکات، هەروەها دیزاینی بەنداوی تەق تەق تەواوکراوە، کە بە قـەد بەنداوی دەربەندیخان دەبێت لەسـەر زێی بچووك، جگە لەبەنداوی باسەرە لەسلێمانی.

بەرزی بەنداوی بێخمە ٦٠٠ مەتر دەبێت، کە توانای گلدانەوەی ئاوی ١٧ ملیار مەتری چوارگۆشە هەیە و توانای بەرهەمهێنانی کارەبای ١٥٠٠ میگاواتە لەبەرزترین ئاسـتی ئاودا، ئێسـتاش ئاڵتەرناتیڤێك دانراوە بۆئەوەی لەکاتی جێبەجێکردنی پڕۆژەکە کەمترین گوند و ناوچە داپۆشرێت. بە دروستکردنی زنجیرەیەك بەنداو دەتوانرێ قەرەبووی ئەو کەمکردنەوەیـەی توانای گلدانەوەی ئـاو و بەرزایی بەنداوی بێخمە بکرێتەوە. ئەگەر ئێسـتا بەرزی بەنداوەکە کەم بکرێتەوە بۆ ٥٥٠ مەتر لەئاسـتی ڕووی دەریاوە ئەوا توانای گلدانەوەی ئاو دادەبەزێنێت بۆ نیوەی ئاستی پێشوو، توانای بەرهەمهێنانی کارەباشی

●●●

**حکوومەتی ناوەندی عێراق ئامادەیی دەربڕیوە کە، بڕی ٥ ملیار دۆلار بۆ دروستکردنی بەنداوی بێخمە لەسەر زێی گەورە خەرج بکات، هەروەها دیزاینی بەنداوی تەق تەق تەواوکراوە، کە بە قەد بەنداوی دەربەندیخان دەبێت لەسەر زێی بچووك، جگە لەبەنداوی باسەرە لەسلێمانی.**

●●●

●●●

**بەرزی بەنداوی بێخمە ٦٠٠ مەتر دەبێت، کە توانای گلدانەوەی ئاوی ١٧ ملیار مەتری چوارگۆشە هەیە و توانای بەرهەمهێنانی کارەبای ١٥٠٠ میگاواتە لەبەرزترین ئاستی ئاودا، ئێستاش ئاڵتەرناتیڤێك دانراوە بۆئەوەی لەکاتی جێبەجێکردنی پڕۆژەکە کەمترین گوند و ناوچە داپۆشرێت**

●●●

**هەرێمی کوردستان هەشت ملیۆن دۆنم زەوی لەباری هەیە بۆئەوەی پرۆژەی ئاودێری لەسەر بکرێت، بەڵام تائێستا کەمتر لە ١٠٪ پرۆژەی لەسەر دروستکراوە. ٥٠ ملیار مەتر چوارگۆشەی ئاویشی هەیە، کە تەنیا ١٠ ملیاری کۆنترۆڵکراوە لە بەنداوەکانی دوکان و دەربەندیخان و دهۆک**

**لەساڵانی ڕابردوودا پرۆژەکانی ئاوی سەرزەوی لەبواری ئاودێری و ئاوی خواردنەوە وەکو پێویست دروست نەکراون. بۆیە خەڵک بە ناچاری دەستدرێژی دەکەنە سەر ئاوی ژێر زەوی و ژمارەیەکی زۆر بیر بەمۆڵەت و بێ مۆڵەت هەڵدەکەنرێت. بۆیە دەبێت هەوڵ بدرێت زۆرترین پرۆژە لەسەر ئاوی سەر زەوی دروست بکرێت**

دادەبەزێت بۆ ٨٤٠ میگاوات کارەبا. ئەو گوندانەی پێشتر دایدەپۆشی دەگەیشتە ٦٠ گوند، بەڵام لەحاڵەتی دووەمدا کەم دەبێتەوە بۆ ٣٠ گوند. لەهەردوو حاڵەتەکەش دەڤەری بارزان ناکەوێتە ژێر ئاوەوە، چونکە شوێنی بارزان بەرزترە، بەڵام دەوروپشتەکەی وەك دەڤەری بلێ و ڕێزان لەحاڵەتی یەکەمدا ژێر ئاو دەکەون.

بەڵام پسپۆرێك لە بواری پرۆژەکانی هایدرۆپاوەر بۆ گوڵانی ڕوونکردەوە، گەرچی بنیاتنانی بەنداو سوود و ئاکامی پۆزەتیڤی بۆ ئەمبارکردنی ئاو و پرۆژەکانی ئاودێری هەیە، بەڵام پێویستە ئاگاداری لایەنی خراپیشی بین، لەم ڕووەوە پێویستە هەموو پرۆژەیەك کەڵکی ژینگەیی هەبێت، ناکرێت شار و گوند و رووبەرێکی فراوانی دەشتایی و کشتوکاڵی بخرێتە ژێر ئاوەوە و زیانەکانی لە سوودەکانی زیاتر بێت و ناوی لێبنرێت پرۆژەی ستراتیژیی، بۆیە بانکی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوەکانی دیکەی کۆمەڵگای مەدەنی دژی دروستکردنی زۆر بەنداون وەکو بەنداوەکانی تورکیا، کە ئێستا لە ناوچەی هەکاری و باتمان بنیات دەنرێت. یاخود ئەو بەنداوانەی ئێران لەسەر زێی سیروان و ئەڵوەند دروستی کردووەو رووبارەکانی کوردستانی دووچاری وشکبوون کردووە. بەڵام ئەو پسپۆرە گوتیشی: "حکومەتی کوردستان بە پراکتیکی پرۆژەی بەنداوی گەورەی جێبەجێ نەکردووە، بە پێچەوانەی تورکیاو ئێرانەوە، ئەو پرۆژانەش بمانەوێت و نەمانەوێت جێبەجێ دەکرێت بۆیە کاتی ئەوە هاتووە کوردیش بە پراکتیکی هەنگاو بەرەو بنیاتنانی پرۆژەی گەورەی بەنداو بنێت. لەوانەش دروستکردن و تەواوکردنی بەنداوی بێخمە کە سوودێکی ستراتیژی دوورمەودای هەیە بۆ هەرێمی کوردستان لەگەل لایەنی جیاجیاوە".

## بەکارهێنانی ئاو بەشێوەیەکی ئابوورییانە

لە زانستی ئابووریدا دوو جۆر خستنەڕوو (عرچ)ی ئاو هەیە. یەکەمیان سروشتییە، کە مەبەست لەهەموو ئەو ئاوانەیە بەشێوەیەکی سروشتی دێنە خاکی وڵاتێکەوە و دووەمیان خستنەڕووی ئابوورییانەیە، کە ئەمیش بەکارهێنانی ئاوەکەیە بەشێوەیەکی ئابوورییانە. بەڵام بە گوێرەی گوتە و لێدوانی پسپۆرانی بواری ئابووری، هەرێمی کوردستان کێشەی یەکەمیانی نییە و لەگەڵ ئەوەی ساڵی ڕابردووش وشکەساڵی ڕوویدابێت ئەوا هێشتا کوردستان بە یەکێك لە وڵاتە دەوڵەمەندەکان دەژمێردرێت لەبواری سامانی ئاودا، بەڵکو کێشەکە لە بەکارخستنی ئابوورییانەی ئەو ئاوەدایە لەلایەن بەرپرسانی حکوومییەوە. لەمبارەیەوە وەزارەتە سەرچاوە ئاوییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کێشەکەی بۆ حکوومەتی ناوەندی گەڕاندەوە و ئاماژەی بەوەدا بە درێژایی دروستبوونی دەوڵەتی عێراق ڕێگە بەهەرێمی کوردستان نەدراوە کار لەسەر سەرچاوەکانی ئاو بکات و بەم هۆیەشەوە تائێستا زێی گەورە و زێی بچووك و ڕووباری سیروان و ئاوی سپی، پرۆژەی ئاودێریان لەسەر دروست نەکراوە.

## ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسی وشەکەساڵی و بە بیابانبوون

پاش ئەو وشکەساڵییەی کە زۆربەی ناوچەکانی هەرێمی کوردستان و عێراقی گرتەوە، پسپۆرانی بواری کەشناسی دەڵێن ئەگەر ئەمساڵ بارانێکی زۆریش لەهەرێمی کوردستان بباریت، بەڵام هێشتا حکوومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان وەك پێویست پلانڕێژییان نەکردووە بۆ سوودوەرگرتن لەو بارانە و بەم هۆیەشەوە شارەزایانی بواری ئابووری جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئەگەر زۆرترین بارانیش بباریت ئەوا بەهۆی نەبوونی نەخشە و پلانڕێژی گونجاو و زانستییانە (وەك دروستکردنی بەنداو و پرۆژەی ئاودێری گەورە بۆ گلدانەوە و پاشەکەوتکردنی ئاو) بۆ کەڵك وەرگرتن لەو بارانە و دابەشکردن و بەکارهێنان و قۆستنەوەی ئەو سامانە سروشتییە زۆربەی بە هەدەر دەچێ و ناتوانرێ کەڵکی لێوەربگیرێت و بەهۆیەوە تووشی کەم ئاوی دەبینەوە. هۆکارێکی دیکەش ئەوەیە، کە بەشێوەیەکی بێ ڕەحمانە مامەڵە لەگەڵ ژینگەی کوردستان دەکرێت. بۆیە دەبێ حکوومەت بودجەی تەواو بۆ پرۆژەکانی ئاودێری و بەرهەمهێنانی ئاو تەرخان بکات.

وێڕای کون بوونی چینی ئۆزۆن کە پسپۆران بە هۆکاری تواندنەوەی سەهۆڵبەندان و ئەو شەپۆڵەی پلەی گەرما و گۆڕانی کەشوهەوای جیهانی دەگێڕنەوە، هەروەها بەهۆی گۆڕینی دیمۆگرافیای کوردستان و زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و کەم بوونی ڕووەك و نەمانی جەنگەڵ و دارستانە چڕەکان و ڕێژەی کەسکایی و زیادبوونی بەهەڵمبوون و زیادبوونی کارگە نایاساییەکان و وێرانکردنی سەرچاوە ئاوییەکان وەك بیرەکان و کارێزەکان و کانیاوەکان لەهەموو گوندەکانی کوردستان و پیسبوونی ژینگە ئەوا ڕێژەی کاربۆن زۆر زیادی کردووە. بەمەش ئاو دەبێتە یەکێك لەو سەرچاوانەی کە ئاسایشی نەتەوەیی پێوە بەندە و لەدوای نەتەوە بە گرنگترین سامانی سروشتی پۆلین دەکرێت.

## بەکتریاش هۆکاری وشکەساڵییە

پرۆفیسۆر رنەت کرستنەر، کە بایۆلۆژیستێکی ناودارە لەزانکۆی لویزیان ستەیت، بۆی دەرکەوتووە هۆکارێکی سەرەکی وشکەساڵی لەزۆربەی وڵاتە جیاجیاکانی جیهان بۆ زۆربوونی بەکتریا دەگەڕێتەوە.

ئەم توێژەرە دەڵێت: "ئەو بیرۆدۆزەی کە پێشتر باسی لە کاریگەری کەمی بەکتریا دەکرد لەسەر باران بارین ڕێژەکەی هەڵەیە و زۆربەی وشکەساڵی هەندێ وڵات بەهۆی زۆربوونی بەکتریاوەیە". کرستنەر کە توێژینەوەکەی لەسەر Pseudomonas Syringes بوو، واتە "چۆنیەتی گواستنەوەی بەکتریا" کە لە ١٩ شوێنی جیاوازی سەر گۆی زەوی ئەنجامیداوە، بۆی دەرکەوتووە کە بەکتریاکان وەك ئاستەنگێك دەبینرێت لەبەردەم دروستبوونی هەوردا، چونکە چینێکی ناتەواو دروستدەکەن و دەبنە نەگەیەنەرێك بۆ بەهەڵمبوون و دروستبوونی هەور لە ئاسماندا، بۆیە هۆشداری داوەتە ئەو وڵاتانەی وشکەساڵی تێدایە، تاوەکو هەوڵی کەمکردنەوەی پیتاندنی بەکتریا بدەن.

## وشکەساڵی چییە؟

وشکەساڵی لە کەمترین مانایدا ئەوەیە، کە بارینی باران تائاستێکی زۆر کەم دەبێتەوە، ئیدی ئەو ناوچەیەی کە دووچاری ئەم وشکەساڵییە دەبێتەوە دەکەوێتە بەردەم زەرەر و زیانێکی زۆر لەهەموو ڕوویێکەوە، سەرباری ئەوەی زیانێکی زۆر بە کەرتی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری دەگەیەنێت. هاوکات کێشە و دەرەنجامی کۆمەڵایەتی زۆریشی لێدەکەوێتەوە و دەمانخاتە بەردەم تەنگژەیەکی سیاسیی و ئابووری

گەورەوە. هەر بۆیە لەعێراقدا لەبەر نەبوونی دەسەڵاتێك كە پەیوەست بێت بە مافەكانی مرۆڤەوە بووەتە هۆی ئەوەی كە پلاندانان بۆ پاراستنی ئاو بوونی نەبێت. لەبەرئەوە مەترسی وشكبوون و بە بیابانبوون وای لەزۆربەی زانایانی جیهان كردووە توێژینەوەی زیاتر لەبارەی ئەو ئاڵوگۆڕانەی لەبارەی كەشوهەواوە لەجیهاندا روودەدەن، ئەنجام بدەن. چاودێرانی بواری ئابووری سیاسیی پێیانوایە كوردستان لەم بارەیەوە پێویستی بە ناوەندێكی ئەكادیمی هەیە كە دەبێت دیراسە و لێكۆڵینەوە لەسەر ئەو مژارە بكەن، بەتایبەتی پلاندانان لەسەر ئاو. لەبەرئەوە هەرچی زووە دەبێ كۆنفرانسێك بۆ گفتوگۆكردن لە گرنگی و ئاسایشی ئاو ببەسترێت.

بەگوێرەی داتا و زانیارییەكان، دوو سەد ساڵ لەوەوبەر و لەبەهاری ١٨٠٨ وشكەساڵییەكی گەورە روویكردە هەرێمی كوردستان و زۆربەی سەرچاوە ئاوییە گەورەكانی دووچاری وشكبوون كرد. سەرچاوە مێژووییەكان دەڵێن لەزستانی ١٨٠٨ باران بەشێوەیەكی زۆر كەم باری، لە كوێستانەكانیش بەفر زۆر بەكەمی بەدیكرا. لەبەهاریشدا باران بەرێژەیەكی زۆر كەمتر لەزستانەكە باری چونكە بەفربارین لە كوێستانەكان سەرچاوەی ئاوی ژێر زەوییە بەتایبەتی لەهەرێمی كوردستاندا ئەمە سروشتی ناوچەكەیە. هەروەها لەنێوان ساڵانی ١٩٤٠- ٢٠٠٨ تائێستا ٦ حاڵەتی وشكەساڵی و بێ بارانی لە كوردستان تۆماركراوە، كە ئەوانیش بریتین لە ساڵی ١٩٥١ و ١٩٩٧ و ١٩٩٨ و ٢٠٠١ و ٢٠٠٣ و ٢٠٠٨ بەتایبەتی ساڵی ٢٠٠٨، كە لە تێكرای رۆژهەڵاتی ناوین و هەرێمی كوردستان بارانێكی كەم باری و بە ساڵی وشكەساڵی ناسێنرا.

## میكانیزمەكان بۆ رووبەڕووبوونەوەی وشكەساڵی

پسپۆرانی بواری ئاو پێیانوایە بۆ رووبەڕووبوونەوەی ریسك و مەترسی وشكەساڵی دەبێ ئەو میكانیزمانە بگرینەبەر: ئامۆژگاریكردنی جوتیارەكان بە چاككردنی زەوی و خاك بۆ بەفیڕۆنەچوونی ئاوی باران و جیاكردنەوەی بەكارهێنانی ئاوی خواردنەوە لەگەڵ ئاو بۆ پێداویستییەكانی دیكە، پاراستن و چاككردنەوە ئاوی كانیاوەكان و زیندووكردنەوەی كارێزەكان و دروستكردنی بەربەستی بچووك لەو ناوچانەی كە گەرمیان و كوێستانن. ئەمەش دەبێتە هۆی پاراستنی ئاو و خاك و زیادكردنی ئەستوورایی خاك، كە جگە لەئەمباركردنی ئاو لەپشتی بەنداوەكەوە، هۆیەكی گرنگیشە بۆ وشك نەبوونی كانیاوەكان و كارێزەكان و زیادبوونی ئاستی ئاوەكانیان.

پسپۆڕێكی سەنتەری لێتوژینەوەی ئاو دەڵێت: شتێكی دیكە هەیە كە تائێستا لەكوردستان ڕەچاو نەكراوە، لەبەرئەوەی ئاو بۆ هەموو پێداویستییەك بەكاردێت، بۆیە دەبێت جۆری ئاوەكە جیابكەینەوە، بۆ نموونە ئاوی خواردنەوە و كشتوكاڵ و ئاو بۆ ئاژەڵە ماڵییەكان و كارگەكان دەبێت لێكهەڵاوێرد بكرێت. ئەم جیاكردنەوەیەش پێویستی بە تەكنەلۆژیایەكی سەردەمیانە و پێشكەوتوو هەیە.

لەبارەی پلانی وەزارەتی سەرچاوە ئاوییەكان بۆ كێشەی كەم ئاوی تاكو كوردستان لەژێر ڕەحمەتی لافاو و وشكەساڵی و بەبیابانبوون رزگاری بێت، وەزیری سەرچاوە ئاوییەكان بەمیدیاكانی ڕاگەیاند كە پرۆژەی دروستكردنی بەنداو پێشنیار كراوە، بەڵام تائێستا ڕەزامەندی لەسەر تەرخانكردنی بودجەی تەواو نیشان نەدراوە، هەروەك لەماوەی ڕابردوو بینیمان بەهۆی ئەو بارانە زۆر و كتوپڕەی روویدا بووە مایەی هەڵایسانی لافاو، بەمەش ژمارەیەك هاووڵاتی لەناوچەكانی چۆمان و سمێلان گیانیان لەدەستدا. پێویستە بگوترێ، بەدوای وەزارەتی سەرچاوە ئاوییەكان، وەزارەتی كشتوكاڵ دووەم لایەنی پەیوەندیدارە سەبارەت بە پلانیان بۆ سوودوەرگرتن لەو ئاوانەی دێنە نێو خاكی هەرێمەوە. لەبەرئەوەی پرۆسەكە گشتگیر و هەمەلایەنە.

بەگوێرەی زانیاری لایەنە پەیوەندیدارەكان، حكومەتی هەرێمی كوردستان تەنیا سێ بەنداوی لەژێر جێبەجێ كردندان، لەوانە بەنداوی (باوە شاسوار) لەشارۆچكەی كفری و (حەمامۆك) لە كۆیە و (كەشكان) لە دهۆك. بەنداوەكەی دهۆك لەسەر بودجەی وەزارەتی سەرچاوە ئاوییەكانی بەغدایە. بۆ ساڵی داهاتووش لە كۆی ١٢ بەنداو تەنیا ٦ بەنداو لە سلێمانی ڕەزامەندی لەسەر دراوە. لەشاری هەولێر و دهۆكیش داواكاری پێشكەشی وەزارەتی دارایی كراوە، بەڵام تائێستا ڕەزامەندی لەسەر نیشان نەدراوە.

جێی باسە، حكومەتی هەرێمی كوردستان تەنیا لە سلێمانی بەنداوی چەق چەق-ی دروستكردووە، بەڵام دەبێت سەرلەنوێ هەڵیوەشێنێتەوە لەبەرئەوەی بە هەڵەی تەكنیكی ئەنجامدراوە.

**بە درێژایی دروستبوونی دەوڵەتی عێراق رێگە بەهەرێمی كوردستان نەدراوە كار لەسەر سەرچاوەكانی ئاو بكات و بەم هۆیەشەوە تائێستا زێی گەورە و زێی بچووك و رووباری سیروان و ئاوی سپی، پرۆژەی ئاودێریان لەسەر دروست نەكراوە**

**بەنداوی حەمامۆك لە كۆیە، بەنداوی باوەشاسوار لە گەرمیان و بەنداوی گۆمەسپان لەهەولێر و هەندێ بەنداوی دیكەش دیزاینەكەی لەهەر سێ پارێزگاكەی هەرێم تەواوكراون و دەخرێنە تەندەرەوە**





# رۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کۆمەڵگەی دیموکراسیدا

**کاتێک ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئالەتێک بن بەدەست حزبە سیاسییەکانەوە ناتوانین بڵێین ئەو ڕێکخراوانە بوونیان هەیە**

**یەكێك لە پێوەرەكانی حكومرانی باش ئەوەیە حكومەت چۆن وەڵامی گوشارەكانی ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی دەداتەوە، ئەمەش كارێكی ئاسان نییە، كێ گوتوییەتی بونیادی دیموكراسی كارێكی ئاسانە؟**

پرۆ فیسۆر پاتریك هیلەر لەوەڵامی پرسیارێكی ئەم راپۆرتەی گوڵاندا زۆر راشكاوانە دەڵێت : (یەكێك لە پێوەرەكانی حكومڕانێتی باش بەدەمەوچوونی داواكارییەكانی ئەم رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنییە، راستە ئەمە ئەركێكی قورسە، بەڵام كێ گوتوییەتی حكومڕانی دیموكراسی كارێكی ئاسانە؟، بە تایبەتی كە دیموكراسی ئیدارەكردنی بەرژەوەندییە جیاواز و ناكۆكییەكان لە خۆدەگرێت. )ئەم وەڵامە وەڵامی ئەو پرسیارەی گوڵانە كە پرسیاری لێدەكات ئایا حكومەت چۆن مامەڵە لەگەڵ فشارەكانی رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی بكات ؟ بێگومان لەگەڵ پسپۆڕان بە وردەكارییەكانی پرۆسەی بونیادی دیموكراتی وحكمرانی لە سیستەمی دیموكراتی و پێوەرەكانی حكومڕانی باش رۆدەچین و موناقەشەی جدی لەسەر دەكەین و هەست دەكەین ئەم پرۆسەیە پرۆسەیەكی هێندە ئاسان نییە وەك لای خۆمان سەیردەكرێت و بە كەیفی خۆمان تەنزیری بۆ دەكەین، پاتریك هیلەر پسپۆری لەسەر كاریگەری رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی و بونیادی دیموكراسی لە ٣ ناوچەی جیاواز وكاریگەر ئەم جیهانە هەیە، كە بریتین لە ئەزموونەكانی ( هیندستان، باشوری ئەفریقیا، ئەمەریكای لاتینی ) لەسەر هەریەكێك لەم ئەزمونانە بەتایبەتی كتێبێكی نووسیوە و لەوەڵامی پرسیارێكی ئێمەدا راشكاوانە دەڵێت، یەكێك لە پێوەرەكانی حكومرانی باش ئەوەیە حكومەت چۆن وەڵامی گوشارەكانی رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی دەداتەوە، هەرخۆیشی لە سیاقی وەڵامەكەیدا دەڵێت ئەمەش كارێكی ئاسان نییە، پاشان هەر خۆی لە خۆی دەپرسێت كێ گوتوییەتی بونیادی دیموكراسی كارێكی ئاسانە ؟ بێگومان كەس ناتوانێت بڵێت بونیادی دیموكراسی كارێكی ئاسانە، بەڵام لەبەر ئەوەی هیلەر لەسەر ئەزموونەكانی جیهانی باشوور كاردەكات ئاماژە بۆ سەركەوتنەكانە دیموكراتی جیهانی باكور ناكات، پێویستیش نییە ئاماژەی بۆ بكات، لەبەر ئەوەی مەترسییەكان لەسەر دیموكراسییەتی جیهانی باشورن كە بە جیهانی هەژاری و كەمدەرامەتی و دواكەوتوویی ناسراوە، نەك جیهانی باكور كە بە جیهانی لیبرال دیموكرات و دەوڵەمەند ناسراو لە ٨٠٪ی سەرمایەی هەموو جیهان لە جیهانی باكووردا كۆبۆتەوە .

ئەم چەند دێرە پێویست بوو بۆ ئەوەی بە خوینەرانی خۆمان بڵێین، ئێمە باسی جیهانی باشوور دەكەین، ئێمەش بە شێكین لە جیهانی باشور و لە جیهانەشدا ئەگەر پۆلێن بكرێن بێگومان ئەگەر زۆر لەدواشەوە نەبین، ئەوا زۆر لە ریزی پێشەوە پۆلێن ناكرێن، كەواتە لە جیهانێكدا هەموو ئەگەرێك واڵا بێت بۆ هاتنە ئاراو هەموو ئەگەرێك مەترسی بێت بۆ سەر دیموكراسی ئەوا لانی كەم دەبێت شێوازی مامەلەكردن لە گەڵ كێشەكان نەرمتر بێت لەگەڵ شێوازی ئەو مامەڵەكردنەی لە جیهانی باكور لەگەڵ دیموكراسی و كێشەكانی دەكرێت و تەنانەت پرسیاری ورووژاندنی كێشەكانیش جیاواز دەبێت، هەر بۆ نموونە لەم راپۆرتە و لە پرسیارێكی ئەم راپۆرتە كە ئاراستەی خاتوو سوزان بیكفۆرد كە پرۆ فیسۆرە لە زانستی سیاسەت

**پارتە سیاسیەكان كۆمەڵگەی سیاسی و كۆمەڵگەی مەدەنیش پیكدەهێنن**




و تایبەتمەندە لەسەر وردەكاریەكانی بونیادی دیموكراسی و كتێبیكی لەسەر دووبارە پێناسەكردنەوەی هاوڵاتی لای سوكرات نووسیوە، لەوەڵامی پرسیارێكی ئێمەدا كە لێی دەپرسین ئایا مەترسی بە سیاسیكردنی ریكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی لەسەر پرۆسەی دیموكراسی چین، وەك لەم راپۆرتە وەك خۆی بڵاومانكردۆتەوە دەڵیت : ( من نازانم وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە ) ئەمە مانای ئەوەیە ئەو ئەزموونانەی پرۆ فیسۆر سوزان لە هەموو ئەو بوارانەی كاری تێداكردووە، پرسیارێكی رووبەروونەبۆتەوە كە لە وڵاتی ئێمە بوونی هەیە و هەموو دەبینین چۆن رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی ئالەتێكن بەدەستی حزبە سیاسییەكانەوە، لەمەوە بۆ مان دەردەكەوێت كە شێوازی حزبایەتی و كاركردنی رێكخراوە مەدەنیەكانی وڵاتی ئێمە چەند جیاوازە لەگەڵ كاری حزبایەتی و رڵی رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی لە دیمكرایەكانی رۆژئاوا یان لە دیموكراسیەكانی جیهانی باكووردا . بەڵام پرۆ فیسۆر جیراد ئەلكسەندەر كە ئەویش یەكێكی دیكەیە لەو بەرێزانەی بەشداری لەم راپۆرتەدا كردوین، لەبەر ئەوەی لەسەر ئەزموونی ولاتی هاوی شێوەی ئێمە كاریكردووە و ئاگاداری بارودۆخی عێراق و كوردستانیشە، كە پرسیاری ئەوەی لێدەكەین، ئایا چۆن دەكرێت كۆمەڵگەی سیاسیی و كۆمەڵگەی لێكجیابكەینەوە ؟ لەوەڵامدا زۆر شارەزایانە پێمان دەڵین ئەمە بیركردنەوە و بە دواداچوونێكی راستە، دەبێت ئەم جیاوازیە بكەین بۆ ئەوەی سیستەمێكی دیموكراتی بەهێو بونیاد بنێین، بەڵام ئەم جیاوازییە هەتا ئەو كاتە خۆی دەگرێت كە دێین باسی كوردستان دەكەین، كە هاتینە سەر بازی كوردستان ئەو جیاوازیە بوونی نامێنێت، لەبەر ئەوەی پارتە سیاسیەكان كۆمەڵگەی




سیاسیی و کۆمەڵگەی مەدەنیش پیکدەهێنن .
لێرەوە جیاوازی گوڵان لەگەڵ بڵاو کراوەیەکی دیکە لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت، بەوەی گوڵان وەك کاری ڕۆژنامەنووسی پرۆفیشنالانە ئەو واقیعەی لە کوردستانە سەرنجی ڕادەکێشت و بەپێویستی دەزانێت چارەسەربکرێن، بەدوای چارەسەرەکەی دەکەوێت، ئەوجا هۆکارەکەی پیش هەر لایەنێکی دیکە دەکەوێتە ئەستۆی پارتی دیموکراتی کوردستان یان حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەم قۆناخەدا بە ئەرکی سەر شانی خۆی دەزانێت بیخاتە بەردەمی هەموو لایەك و بە ئەمانەتەوە ڕاستییەکان بگوازێتەوە، ئەم شێوازەی گوڵان لەو قەناعەتەوە سەرچاوەی گرتووە کێشەکان بە ڕاستگۆیانە چارەسەر دەکرێت، نەك بۆ بەرژەوەندی تایبەتی چاو لە ڕاستیەکان بپۆشین و، گوڵان ئەو ڕێچکەیە دەشکێنێت و ئەم دەسپێکەش تەنیا بۆ چوونە ناو ئەو باسە بوو کە بەدەنگی بەرز بڵێت : ئەمڕۆ لە کوردستان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بێجگە لە بازنەیەکی دیکەی ڕێکخستنی پارتە سیاسییەکان هیچ سەربەخۆیەکیان نییە و وەك پرۆفیسۆر جیرارد ئەلکسنەدەریش ڕاشکاوانە بەم ڕاپۆرتەی ڕاگەیاندووە، بەجۆرێك کۆمەڵگەی مەدەنی و سیاسیی لە کوردستان تێکەڵ بووە کە جیاکردنەوەیان لەیەکتری زۆر زەحمەت بووە .

## ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان پاشکۆی حزبە سیاسیەکانن

**خۆشترین هەواڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوە پیشەیەکان و تەنانەت نوسەران و ڕۆژنامەنوسانیش ئەو هەواڵیە کەوەك مژدەیەکی خۆش بە هاوڵاتیانی دەفرۆشنەوە، ئەوا فلان ڕێکخراو و فلان ڕێکخراو یەکیان گرتەوە،** پرسیار دەکرێت باشە سوپاس بۆ خوا کە یەکتان گرتەوە بەڵام لەمەو دوا بەیەکگتووی چۆن ئیش دەکەن، لە وڵامدا پێت دەڵێن هەتا کۆنگرە دەبەستین ٦ مانگی یەکەم سەرۆکی ڕێکخراوەکە پارتی دەبێت و بارەگاکەی لەهەولێر دەبێت و لە ٦ مانگی دووەم سەرۆکەکەی یەکێتی دەبێت و بارەگاکەی لەسلێمانی دەبێت و ئەندامەکانی لیژنەی باڵاش لە نێو حزبەکاندا دابەش دەکرێت .
باشە بەمەش ڕازین ئایا بەم ساڵە قۆناخی ئینتقالی کۆتایی پێدێت و هیچ گرفت نامێنێت و پیشەوەران ئازاد دەبن خۆیان نوێنەری خۆیان هەڵبژێرن . لەوەڵامدا پێت دەڵێن ئەی چۆن فەرموو کێ خۆی بەرامبەر لیستی حزبەکان دەپاڵێوێت ئازادە، بەڵام پێشتر هەریەك لەو ئەندامانەی خۆی لەو لیستە پاڵاوتووە و حزبەکەی پێشتر دەسنیشانی کردوون، لەناو حزبدا کۆبونەوە دەکرێت ڕازیت هەر فلان کەس نوێنەرتە، ڕازی نیت هەر فلان کەس نوێنەرتە، کەواتە فەرمانەکان لە نێو حزبە سیاسییەکانەوە بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەردەچن هەربۆیە زەحمەتە بتوانرێت بگوترێت لە کوردستاندا ڕێکخراوی مەدەنی کاریگەر و هاریکار بۆ بونیادی پرۆسەی دیموکراتی لە کوردستاندا بوونی هەیە .

## شتێکی سەیر نییە حزبەکانی کوردستان لەسەر ئەم شێوازەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی یەک دەنگ بن

گرفتی سەرەکی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە وڵاتی ئێمە ئەوەیە، سەرجەم پارتە سیاسییەکان لەسەر ئەم شێوازە یەك دەنگ بن و زۆر کەمیش ڕەخنە لە شێوازی ڕێکخراوەکانی مەدەنی کوردستان دەگیرێت، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش زۆرکەم گوشار دەخەنە سەر حکومەت بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی ئەو توێژەی نوێنەرایەتی دەکەن، هەربۆیە دەبین ئەو ڕێکخراوانەی پیشە و توێژە جیاوازەکان وەك نوێنەرایەتی داواکاریە مەدەنییەکان کۆدەکەنەوە، لەبنەڕەتدا ڕێکخراوێکی سەربەخۆ نییە و لە ڕێگەی پارتێکی سیاسیەوە هەنگاوی بۆ هەڵگیراوە، ئەوانەی دەیانەوێت بەرگری لەم بۆچوونە هەڵەیە بکەن، دەڵێن حزب خۆی هەنگاوی هەڵگرتووە، پیشەگەران دوور لە سیاسەت و ڕێکخراوە حزبییەکان کێشەکانی خۆیان وەك توێژێکی پیشەوەر بخەنە ڕوو بە بێ جیاوازی ئینتمای سیاسیی، ئەوانەی ڕوکەشانە سەیری ئەم مەسەلەیە دەکەن و بە دەنگی بەرز لە چوارچیوەی ڕێکخراوەکانیان بانگەشە بۆ بیلایەنی خۆیان دەکەن، سەیرەکە لەوەدایە خۆشیان قەناعەت بەو قسانەی خۆیان ناکەن، هەر خۆیان چالاکی ڕێکخراوە مەدەنیەکان وەك چالاکی حزبی بۆ حزبەکەی خۆی بەرزدەکاتەوە و هەربۆیە لەو کاتەی حزبەکەی پێویستیی گوشار بەرهەمێنن، گوشارکان بوونیان هەیە و کەحزبیش فەرمانی کرد بێدەنگ بن گوشارەکە بوونی نامێنێت .
بۆ زیاتر هەڵوەستە کردن لەسەر ئەم پرسە گرنگە، ئەم بەرێزانە ڕاشکاوانە لەسەر ئەم پرسە گرنگە قسەیان بۆ گوڵان کردووە کە ئەمە دەقەی لێدوانەکانیانە.

●●●
**پرۆفیسۆر جیرارد ئەلکسنەدەریش ڕاشکاوانە بەم ڕاپۆرتەی ڕاگەیاندووە، بەجۆرێک کۆمەڵگەی مەدەنی و سیاسیی لە کوردستان تێکەڵ بووە کە جیاکردنەوەیان لەیەکتری زۆر زەحمەت بووە**
●●●

●●●
**خۆشترین هەواڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوە پیشەیەکان و تەنانەت نوسەران و ڕۆژنامەنوسانیش ئەو هەواڵیە کەوەک مژدەیەکی خۆش بە هاوڵاتیانی دەفرۆشنەوە، ئەوا فلان ڕێکخراو و فلان ڕێکخراو یەکیان گرتەوە**
●●●

پرۆفیسۆر جۆناسان شوارتز ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی نیورك و پسپۆر و تایبەتمەندە لە سەر رۆڵی ڕێکخراوە ناحکومییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە گۆڕانکاری سیاسیی لە ناو دەوڵەتدا و بەتایبەتیش رۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کۆمەڵگە کۆمۆنیستەکانی وەك یەکێتی سۆڤییەتی پێشان ودەوڵەتانی رۆژهەلات وناوەراستی ئەوروپادا، پرۆفیسۆر شوارتز بەحکومی ئەوەی تایبەتمەندی لەسەر کۆمەڵگە کۆمونیستییەکان هەیە، رۆڵی ئەو ڕێکخراوانە بە گرنگ وەسف دەکات و تەنانەت ئامانجە سیاسییە شاراوەکانیشیان بە شەرعی لە قەڵەم دەدات، بەڵام لە کۆمەڵگە دیموکراسییەکاندا، رۆڵ وئەرکی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی راشکاوانەترە و تەنانەت دەکرێت پارتە سیاسییەکانیش لە ناو کۆمەڵگە وەك ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی سەیر بکرێت، بێگومان ئەم بۆچوونەش هێشتا جێگەی مشتومڕە و بە تەواوەتی ناتوانرێت پارتە سیاسییەکان وەك ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی پێناس بکرێت، لەم چوار چێوەیەدا و بۆ زیاتر هەڵسەنگاندنی ئەم بابەتە پرۆفیسۆر شوارتز بەم جۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.



**جۆناسان شوارتز بۆ گولان:**

# ئێستا لە چین ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە ئاستێک گەشەیان کردووە کە حکومەتی چین وەک مەترسی بۆ رووخانی پارتی کۆمۆنیستی سەیریان دەکات

❋❋❋

**• کە پارتە سیاسییەکان لە سیستەمی دیموکراتیدا دروستکەری بەدیلی حوکمڕانی و بەرنامەی سیاسیی بن، ئایا رۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی چییە؟**

- کۆمەڵگەی مەدەنی دەنگی ئەو گرووپانە دەگەیەنێت کە بەرژەوەندی گەلێکی دیاریکراویان هەیە و خوازیاری لەبەرچاوگرتن و بەرەوپێشبردنیانن. لە کۆمەڵگە دیموکراسییەکاندا ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەشێوەیەکی یاسایی نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی گروپێك لە هاوولاتییان دەکەن لە پەیوەندیاندا لەگەڵ دەوڵەتدا. تا رادەیەك ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی نوێنەرایەتی بەرژەوەندی گەلێکی بەرتەسك دەکەن ( تەحەددیاتە مەحەلییەکانی پەیوەست بە ژینگەوە، ئامانجە ئاینییەکان و هتد.) ئەمەش سەنگ و دەستڕۆیشتوویی دەدات بە ئەندامەکانی ئەم ڕێکخراوانە کە بێ بوونی ئەم ڕێکخراوانە ئەو دەستڕۆیشتوویەیان نەدەبو. لە سیستەمی دیموکراسیدا، ئەم حاڵەتە گرنگە بۆ لەبەرچاوگرتنی راوبۆچوونی هاوولاتییان.

بەڵام سەبارەت بەوەی ئایا جیاوازی نێوان پارتە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی چین، ئەمە پرسیارێکی ئاڵۆزە. دەوەستێتە سەر ئەو گۆشەنیگایەی لێیەوە دەڕوانین، دەکرێت پارتە سیاسییەکان بە ڕێکخراوگەلێکی کۆمەڵگەی مەدەنی دابنێین هەروەها دەکرێت بە ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنیان نەزانین. بۆ نمونە، هەندێ لە ڕێکخراوە مەدەنییەکان پەیوەستن بە یانە وەرزشییەکانەوە، هەم لە رووی پیشەگەری و هەم لە رووی هەوادارییەوە ( بۆ نمونە حاڵەتی ئیتاڵیا لەبەرچاوبگرە). گومان لەوەدانییە کە دەکرێت هەندێ لە یانەکان ئەوانەی یانەگەلێکی پیشەگەرنین_کە لە منداڵەکانی گەڕەکەکان پێکهاتوون_ بە ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی دابنێین. هەروەها بە دڵنیاییەوە پارتە سیاسییەکان نوێنەرایەتی ئەو گروپانە دەکەن کە لە هەوڵی بەرەوپێشبردنی ئەجێندایەکی دیاری کراودان.

لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێك وای لێکدەدەنەوە کە نابێت پارتە سیاسییەکان ( بۆ نمونە دیموکرات و کۆمارییەکان لە ئەمەریکا ) وەك پێکهاتەی کۆمەڵگەی مەدەنی لەقەڵەم بدرێن. دەکرێت بەو شێوەیە پێناسەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بکرێت کە چەند گروپێکن و لە هەوڵی بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندییە هاوبەشەکاندان. پارتە سیاسییەکانیش ئەم کارە دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا، پارتە سیاسییەکان لەو خاڵەدا جیاوازن لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی کە هەوڵی بەدەستهێنانی دەسەڵات دەدەن لە حکومەتدا. بەڵام، ئایا دەکرێت کە ئەم پارتانەی گەیشتنە دەسەڵات (یاخود بۆ ئەو ئامانجە کاری بەرهەڵستکاری بکەن) هێشتا هەر بە ڕێکخراوەکانی

کۆمەڵگای مەدەنیان دابنێین کە کار بۆ کاریگەربوون لەسەر دەوڵەت دەدەن؟

بە کورتی، بە پێی پێناسەکانی ئێمە بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی، دەکرێت پارتە سیاسییەکان بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دابنێین، هەروەها دەکرێت بەم شێوەیە مەسەلەکە لێکنەدەینەوە.

**• ئەگەر باسی لایەنێکی دیکەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بکەین، بە سیفەتەی ئەم ڕێکخراوانە هەم لە سیتەمە دیموکراتییەکاندا بوونی هەیە هەمیش لەسیستەمە شمولییەکاندا، ئایا جیاوازیان لەم دووحاڵەتەدا چییە ؟**

- ئەگەر بە باشی لە پرسیارەکەی ئێوە تێگەیشتبم، پرسیارەکەی ئێوە ئەوەیە بۆچی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە وڵاتانی کۆمۆنیستی و شمولیدا هیچ ڕۆڵێك نابینن لە بنیاتنانی دیموکراسیدا. من لەگەڵ ئەم لێکدانەوەیەدا هاوڕانیم. بۆ نمونە، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ڕۆڵێکی گرنگیان بینی لە روخاندنی ڕژێمە کۆمۆنیستییەکانی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتدا. کڵێسا، ڕێکخراوەکانی بواری ژینگە و یەکێتییەکان چالاکانە گەشەیان کرد.

حاڵی حازر، کۆمەڵگەی مەدەنی بە ڕەوتێکی خێرا گەشەدەکات لە چین. ئەم گەشەکردنە بوتەهۆی خولْقاندنی نیگەرانییەکی راستەقینە بۆ حکومەتی چین. لەلایەکەوە، سوودیشی لە بوونی گروپەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی وەرگرتوە، لەبەر ئەوەی ئەو خزمەتگوزاریانەی دابین کردووە کە چیتر دەوڵەت ناتوانێت دابینیان بکات. لە لایەکی دیکەوە نیگەرانە لەوەی ئەم گرووپانە ببنە تەحەددایەك بۆ باڵادەستی دەوڵەت، لە کۆتاییدا ببێتە هۆی ڕووخانی پارتی کۆمۆنیستی. هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە کۆمەڵگەی مەدەنی بە شێوەیەکی زۆر توند ڕێکخراوە. هەر لەبەر ئەمەشە کە ڕێکخراوگەلێکی وەك فالنگ گۆنگ ( کە ڕێکخراوێکی ئاینی کۆمەڵگەی مەدەنییە) بە تەواوەتی قەدەغەکراوە.

**• بەپێی ئەم بۆچوونەی بەڕێزتان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئامانجی سیاسیشیان هەیە، بەڵام چالاکەکانی نێو ئەم ڕێکخراوانە خۆیان وەك سیاسەتمەدار ناخەنە ڕوو ؟**

ئەمە پرسیارە روون نییە بۆ من. هەموو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بایەخ بە سیاسەت نادەن. بۆ نموونە، دەکرێت بڕیاردانی خەڵکی گەڕەکێك بۆ چاندنی گوڵ و درەخت لە گەڕەکەیاندا، یان کۆکردنەوەی زبڵ بە ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی دابنێین. لەگەڵ ئەوەشدا، مەرج نییە گروپەکە پەیامێکی سیاسی هەبێت.

لە هەندێ حاڵەتەکاندا، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی پێیان باشترە ئەجێندای سیاسی خۆیان لە پشت چالاکییە میانڕەوەکانەوە بشارنەوە بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی سەرکوتکردنی دەوڵەت نەبنەوە، بۆیە وەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد، هەندێ لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بێ پێچ و پەنا ڕێکخراوگەلێکی ناسیاسین. هەر کاتێك ئەم ڕێکخراوانە بڕیاری ئەوەیاندا بەشداری لە پرۆسە سیاسییەکەدا بکەن، ئەوا ڕەنگە ڕووبەڕووی مەترسی سەرکوتکردن ببنەوە لە لایەن دەوڵەتەوە. بە زۆری مەسەلەکە دەوەستێتەسەر هەڵوێست و تێڕوانینی دەوڵەت لە ئاست ئەم ڕێخکراوانەدا. هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد، ئەم ڕێکخراوانە هەڵدەستن بە دابینکردنی ئەو خزمەتگوزارییانەی دەوڵەتەکان ناتوانن یاخود نایانەوێت دابینیان بکەن.

**• لە وڵاتی ئێمە فەرمانبەرانی حکومەت ئەندامانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنین، باشە حکومەت مافی ئەوان دەپارێزێت، چ پێویست دەکات ئەندامی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بن ؟**

- من لەگەڵ ئەوەدا هاوڕانیم کە فەرمانبەرانی حکومەت ناتوانن بەشداری لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیدا بکەن. دەکرێت ئەم فەرمانبەرانەش بە هەمان ئاستی فەرمانبەرە ناحکومییەکان بایەخ بە چاکسازیکردنی حکومەت بدەن. وەك ئەندامێکی دەزگای بیرۆکراسی دەوڵەت ناتوانیت دەست لە مافی خۆت هەڵبگریت بۆ هێنانەدی گۆڕانکاری لە خزمەتگوزارییەکان یاخود لە حکومەتدا بە گشتی.

*** ئایا ئەمە نابێتە هۆکاری ئەوەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لاوازبن ؟**

- من ناتوانم دەوڵەتێك بێنمە بەرچاوی خۆم کە بتوانێت تێکڕای پێداویستییەکان دابین بکات. هەر کاتێك کەلێنێك هەبوو لە نێوان پێداویستی خەڵك و توانای دەوڵەت بۆ هێنانەدی ئەو پێداویستیانە، ئەوا ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی هەڵدەستن بە پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە.

*** ئەی سەبارەت بە ڕۆڵی ڕاگەیاندن و ئایا ڕاگەیاندن لەم بوارە دەتوانێت چ ڕۆڵێك بگێڕێت ؟**

- ڕۆڵێکی گرنگی ڕاگەیاندن بریتییە لە بڵاوکردنەوەی چالاکییەکانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی. هەر کاتێك ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی ناسرا، کاتێك کارەکانی بە گرنگ و سوودبەخش دانرا، ئەو کاتە زۆر زەحمەتە دەوڵەت بتوانێت قەدەغەی بکات یاخود سنووورداری بکات. ئەگەر دەوڵەت دژی ئەم ڕێکخراوە کاری کرد، ئەوا کۆمەڵگە ناڕازی بوونی خۆی دەردەبڕێت. هیچ حکومەتێك-دیموکراتی بێت یان شمولی- خوازیاری تووڕەکردنی هاووڵاتییانی خۆی نییە. لەوەش زیاتر بە بڵاوکردنەوەی چالاکییەکانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ( خاوێنکردنەوەی شەقامەکان، هەڵمەتەکانی کوتان هتد.) ڕاگەیاندن مەودای ئەم ڕێکخراوانە فراوان دەکات و تواناکانی باشتر دەکات بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان.

بە کورتی ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە بڵاوکردنەوە و فراوانکردنی مەودای کارەکانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، هەروەها ئەمەش دەبێتە پارێزگارییەك بۆ ئەم ڕێکخراوانە لە بەرامبەر هەر کارێکی دوژمنکارانەی دەوڵەتدا.

●●●

**دەکرێت بەو شێوەیە پێناسەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بکرێت کە چەند گروپێکن و لە هەوڵی بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندییە هاوبەشەکاندان**

●●●

●●●

**دەکرێت بڕیاردانی خەڵکی گەڕەکێک بۆ چاندنی گوڵ و درەخت لە گەڕەکەیاندا، یان کۆکردنەوەی زبڵ بە ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی دابنێین. لەگەڵ ئەوەشدا، مەرج نییە گروپەکە پەیامێکی سیاسی هەبێت**

●●●

●●●

**هیچ حکومەتێک-دیموکراتی بێت یان شمولی- خوازیاری تووڕەکردنی هاووڵاتییانی خۆی نییە**

●●●



### جیرارد ئەلسکەندەر بۆ گوڵان:

# کاتێک ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە سیاسیی دەکرێت ناتوانین پێیان بڵێین ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی

❋❋❋

▪ ▪ ▪

**پرۆفیسۆر جیرارد ئەلکسەندەر، سەرۆکی بەشی وردۆ ویلسنە بۆ زانستی سیاسەت لە زانکۆی ڤێرجینا و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر خولْقاندنی هەلومەرجی پێویست بۆ بونیادی دیموکراتی و یەکەم کتێبیشی کە نووسیویەتی سەبارەت بەو هەلومەرجەی کە بۆتە هۆکاری بەرەوپێشەوەچوونی دیموکراتی لە وڵاتانی پیشەسازی ڕۆژئاوادا**

**the conditions) of democratic consolidation in advanced industrial countries، especially (in Western Europe**

**هەروەها ئاگاداری باردۆخی دیموکراسی لە هەرێمی کورستان و عێراقیشدایە و زۆر بەووردی دەسنیشانی خاڵە هەستیارەکانی دەکرد، ئێمە بۆ ئەم ڕاپۆرتە کە پەیوەندیمان بە جیرارد ئەلکسەندەر کرد و پێمان گوت دەمانەوێت بە تایبەتی لەسەر ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی مەدەنی و پارتە سیاسییەکان لە کۆمەڵگەی دیموکراسی موناقەشە بکەین، خۆشحاڵی خۆی پیشاندا کە ئێمە هەوڵدەدەین بچینە ناو وردەکارییەکانی بونیادی دیموکراتی، لەبەر ئەم چوونە نێو ئەم وردەکارییانە لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو کاری ڕۆژنامەگەری حاڵەتێکی دەگمەنە و کەمتر بایەخ بەم لایەنە گرنگە دەدەن، بۆیە بەو پەڕی خۆشحالییەوە کاتی بۆ دیاریکردین ئەم موناقەشەیەمان لەگەڵ بکات و ئەمەش دەقی ئەو وتووێژەیە کە گوڵان لەگەڵ پرۆفیسۆر جیرارد ئەلکسەندەر بۆئەم ڕاپۆرتە ئەنجامیداوە:**

▪ ▪ ▪

**• بۆچی دیموکراتی بەهێز پێویستی بە ڕێکخراوی سەربەخۆی کۆمەڵگەی مەدەنی هەیە ؟**

- لێکۆڵینەوە و ئەزموونەکان ئاماژە بەوەدەکەن بێ بوونی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی بەهێز و سەربەخۆ، دیموکراسی بە لاوازی دەمێنێتەوە. لەبەر ئەوەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەڵدەستن بە پاراستنی مافی هاووڵاتییان لە بەرامبەر ئەوانەی لە دەسەڵاتدان، جا گرنگ نییە نییەت و بیروباوەڕی دەسەڵاتداران هەرچییەك بێت. لەبەر ئەوەی تەنانەت حکومڕانە دیموکراتەکانیش مەیلی فراوانکردنی دەسەڵاتەکانیان هەیە، مەیلی ئەوەیان هەیە کۆنترۆڵێکی زیاتریان هەبێت بەسەر بودجەدا، بەسەر هاووڵاتییاندا و تەنانەت بەسەر پارتە بەرهەڵستکارەکانیشدا. ئەم خواستانەش دەبنەهۆی لاوازکردنی دیموکراسی ئەگەر هاووڵاتییان نەك تەنیا بایەخ بە سنورداركردنیان بدەن، بەڵکو دەبێت بتوانن سنورداریان بکەن. ئەمەش پێویستی بە بوونی راگەیاندنی ئازاد و کارکردنی کۆمەڵە بازرگانی و ئاینییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکات.

**❋ هەندێك لە پسپۆڕان ئەم ئەرکەی تۆ بەئەرکی کۆمەڵگەی مەدەنی دەزانیت بە ئەرکی پارتە بەرهەلستکارەکانی لەقەڵەم دەدەن، ئایا ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی ئەرکی پارتی بەرهەلستکار دەکات؟**

- ئەمە پرسیارێکی باشە، دەکرێت پارتە سیاسییە بەرهەڵستکارەکانیش ببنە بەشێك لە کۆمەڵگەی مەدەنی، بەڵام بە داخەوە مەترسی ئەوە هەیە ببنە ئامرازێك بەدەست سیاسییەکانەوە، پارتە سیاسییەکان دەتوانن ببنە بەشێك لە کۆمەڵگەی مەدەنی ئەگەر ڕێکخراوەکانی ئەم کۆمەڵگەیە چالاك و کارا و سەربەخۆبن، وەك یەکێتییەکانی کار و بازرگانی، ڕۆژنامە و راگەیاندنەکان، گروپە ئاینییەکان، واتە ئەگەر ئەم ڕێکخراوانە بەهێز و سەربەخۆبن، ئەوا دەکرێت پارتە سیاسییەکانیش یەکێك بن لەو ڕێکخراوانە، بەڵام ئەگەر کۆمەڵگەی مەدەنی لاوازبوو ئەوا ڕەنگە ببنە ئامرازێك بەدەست دەسەڵاتدارانەوە.

**❋ بەڵام سەندیکا و ڕێکخراوە پیشەییەکان بۆ نموونە لەسەردەمی یەکێتی سۆڤیەتی پێشووش بوونی هەبووە و بەڵام کاریگەری نەبووە، ئایا هۆکاری ئەمە بۆچی دەگێڕیتەوە ؟**

- ناکرێت بڵێین لە سەردەمی ڕژێمە شمولی و دیکتاتۆرییەکانی، وەك یەکێتی سۆڤییەت و وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتی پێش ڕووخانی کۆمۆنیستیدا، کۆمەڵگەی مەدەنی بوونی هەبوو، بەڵکو ئەوەی لە ئارادابوو بریتی بوو لە سەندیکا و ڕێکخراوە پیشەییەکان و بە تەواوەتی لە لایەن دەوڵەتەوە کۆنترۆڵ کرابوون. بەڵام لە دوای روخانی کۆمۆنیستیەوە گەشەکردنێکی بەرچاو ڕوویدا لە بواری دروستبونی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا، کە توانیان پەرە بە سەرچاوە سەربەخۆکانی زانیاری و داهاتەکانیان بدەن. بۆ نمونەی ئەوەی لە عێراقدا بەدی دەکەین

له حاڵی حازردا. مەسەلەیەکی دیکە هەیە لێرەدا، گریمانەی ئەوە دەکرێت کە ئامانجی تێکڕای ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئامانجێکی دیموکراسییە، ئەمەش گریمانەیەکی هەڵەیە، لەبەر ئەوەی زۆرێك لەو ڕێکخراوانە لە عێراقدا هەن کە بەشێك نین لە دەوڵەت، بەڵام هەوڵی ئەوە دەدەن ڕژێمێکی شمولی بهێننەوە سەرکار، بۆ نمونە لە وڵاتی نەیجیریا لە ساڵانی نەوەتەکاندا پارتی حکومڕان و پارتی بەرهەڵستکار وەك یەك دژی دیموکراسی بوون. بەو پێیە بوونی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی بەس نییە بۆ هێنانەدی دیموکراسی، بەڵام مەرجێکی پێویستە. لەبەر ئەوەی بەداخەوە تێکڕای ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی مەیلێکی دیموکراسیان نییە.

*** بەڵام زۆرێك لە چالاکگەرەکانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی خۆیان بە ڕێکخراوگەلێکی کۆمەڵایەتی دادەنێن کە نوێنەرایەتی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکەن نەك سیاسەت. بەپێی تێڕوانینی ئێوە ئایا ئەمە بە جیاکردنەوەی سیاسەت لە کۆمەڵگە نازانن؟ بۆچی دەبێت ئەم دوو بوارە لێکجیابکرێنەوە؟**

- ئەوە پرسیارێکی ژیرانە و سەرنجڕاکیشە، گرنگە کاتێك ئێمە گفتوگۆ لەم بارەیەوە دەکەین جیاوازی بکەین لە نێوان کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆمەڵگەی سیاسیدا بکەین و جیاوازییەکی شیکارانە بکەین، بەڵام من دڵنیانیم ئایا ئەم جیاوازییە خۆی دەگرێت کاتێك لە واقیعی ژیانی کوردستان یان وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەڕوانین، لەبەر ئەوەی پارتە سیاسییەکان بەشێکن لە کۆمەڵگەی سیاسی و لە هەمانکاتدا بەشێکن لە کۆمەڵگەی مەدەنی. بۆ نموونە هەندێك لە سیاسییەکان لە هەمان کاتدا ئەندامێکی گروپێکی ئاینین. لەبەر ئەوە ڕەنگە لە گفتوگۆیەکی ئەکادیمیدا ئەم جیاوازییە بکەین، بەڵام لە واقیعدا ڕەنگە مەسەلەکە جۆرێکی دیکە بێت، بۆ نموونە کاتێك باس لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکەین، بۆ نموونە ڕێکخراوەکانی چاودێریکردنی مافەکانی مرۆڤ، کە لەگەڵ ئەوەدام بوونیان هەبێت، بەڵام من لەو باوەڕەدانیم ئەم ڕێکخراوانە کە بە ڕاشکاوی بەشێکن لە کۆمەڵگەی مەدەنی و چاودێری حکومەت دەکەن و ئەمەش کارێکی سوودبەخشە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەو باوەڕەدانیم کاراترین شێوازبن بۆ پاراستنی دیموکراسی. من پێموایە کاراترین شێواز ئەوەیە ئەو ڕێکخراوانە دەیکەن کە رای ناگەیەنن ئەوان ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنین و چاودێری حکومەت دەکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبنە بەربەستێك لەبەردەم خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتدا، بۆ نموونە بازاڕی ئازاد و ئابووری کەرتی تایبەت، کە بە هۆی ئەنجامدانی کاری ڕۆژانەیانەوە بەربەستێك دروست دەکەن لە بەردەم دەسەڵاتێکی خراپەکاردا، واتە باشترین ڕێکخراو ئەوانەن کە تەنانەت بەو شێوەیە بیر لە کارەکانی خۆیان ناکەنەوە کە ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی بن.

***کەواتە با پرسیارەکە بە شێوەیەکی دیکە دووبارە بکەینەوە ئایا بە پێی تێڕوانینی ئێوە مەترسییەکانی بە سیاسیکردنی ئەم ڕێکخراوانە چین؟**

- لە سایەی سیستەمە شمولییەکاندا کۆمەڵگەی مەدەنی ئەوەندە بە سیاسیکراوە، کە بە کەڵکی ئەوە نایەت پێی بڵێین کۆمەڵگەی مەدەنی، لە کۆمەڵگەی دیموکراسیدا بەهیچ شێوەیەك کۆمەڵگەی مەدەنی بە سیاسی ناکرێت. بەڵام دەرسەکە چییە، ڕەنگە ڕاددەیەك لە بە سیاسیکردن پێویست بێت بۆ پتەوکردنی دیموکراسی، ڕەنگە ڕاددەیەك لەبەسیاسیکردن شتێکی حەتمی بێت. من بە شێوەیەکی گشتی پشتگیری لە هەوڵەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکەم لە کۆششەکانیاندا بۆ بە دیموکراتیکردن، لەم چوارچێوەیەدا من پشتگیری هێرشکردنی سەر سەددام حوسێنم کرد لە لایەن ئەمەریکاو و هاوپەیمانەکانییەوە. هەروەها پشتگیری لە هەوڵەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەم بۆ دابینکردنی یارمەتی بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە وڵاتە جیاوازەکاندا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تەنیا شێوازی کارا بۆ بەرگری کردن لە دیموکراسی بوونی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی کارایە کە هەڵقوڵاوی کۆمەڵگەکە بێت و لە ناو کۆمەڵگەکەدا گەشەی کردبێت، نەك لە دەرەوە هێنرابێت. واتە ڕەنگە لە سەرەتای پرۆسەکەدا یارمەتیدانی نێودەوڵەتی سوودبەخش بێت، بەڵام دەبێت دواتر خۆیان درێژە بە هەوڵەکان بدەن ئەگەرنا سەرکەوتن بەدەست ناهێنن.

*** هەندێك وڵات وەك هەرێمی کوردستان کە ئێمە لێی دەژین بانگێشەی ئەوەدەکەین سیستەمێکی دیموکراتی بەڕێوەدەبەین، بەڵام ڕێژەی کارمەندانی کەرتی گشتی حکومیمان لە ڕێژەی کەرتی تایبەت بەرزترە و نەك هەر هەوڵنادەین ڕێژەی کەرتی گشتی کەم بکەینەوە، بەڵکو حکومەتەکەمان لە ژێر گوشاردایە هێندەی دیکەش کەرتی گشتی فراوان بکات، ئایا ئەگەر حکومەتی ئێمە بەم ئاراستەیە هەر بەردەوام بێت، ئایا دەتوانیین بڵێین حکومەتێکی دیموکراتی بە هێزمان هەیە ؟**

- من نازانم ئەگەر دەسەڵاتی حکومەت بەو شێوەیە بەهێز بێت چی ڕوودەدات؟، بەڵام ئەوە دەزانم ئەگەر ژمارەی فەرمانبەرانی حکومی لە ژمارەی فەرمانبەرانی کەرتی تایبەت زیاتربێت ئەوا من نیگەران دەبم لە ئایندەی دیموکراسی لە مەودای دووردا. لە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمەریکادا بوونی ئابووری کەرتی تایبەت و بوونی گروپگەلێکی ئاینی سەربەخۆ دو هۆکاری کارابونە بۆ پاراستنی ئازادی ئینسانەکان.

*** تا چ ڕاددەیەك دەزگاکانی ڕاگەیاندن کاریگەرن لەسەر بەهێزکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی، ئایا ئەو ئەرکانە چین کە ئەم دەزگایانە لێیان بەرپرسن بۆ پاراستنی هاوسەنگییەك و ڕێگرتن لە بەسیاسیکردنی کۆمەڵگە؟**

- بوونی ڕاگەیاندنی سەربەخۆ گرنگییەکی بنەڕەتی هەیە، لەبەر ئەوەی بێ بوونی ڕاگەیاندنی سەربەخۆ هاووڵاتییان ناتوانن لە گەندەڵی و شکست و سیاسەتە خراپەکان ئاگاداربن، لە هەمان کاتدا ئەمە لایەنێکی ئیجابیشی هەیە بۆ دەسەڵاتداران، لەبەر ئەوەی ئەگەر ڕاگەیاندنی ئازاد لە ئارادا نەبێت دەسەڵاتداران ناتوانن ڕوونکردنەوەی ڕاستکردنەوە بدەن لەسەر بڵاوبونەوەی هەواڵێکی خراپ لەسەر حکومەت کە ڕەنگە دەرئەنجامی خراپی لێبکەوێتەوە. بەو پێیە بوونی ڕاگەیاندن ئازاد و سەربەخۆ و شەفاف بۆ هاووڵاتییانی ئاسایی و بۆ حکومڕانەکانیش شتێکی ئیجابییە.

●●●

**لێکۆڵینەوە و ئەزموونەکان ئاماژە بەوەدەکەن بێ بوونی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی بەهێز و سەربەخۆ، دیموکراسی بە لاوازی دەمێنێتەوە**

●●●

●●●

**دەکرێت پارتە سیاسییە بەرهەڵستکارەکانیش ببنە بەشێک لە کۆمەڵگەی مەدەنی، بەڵام بە داخەوە مەترسی ئەوە هەیە ببنە ئامرازێک بەدەست سیاسییەکانەوە**

●●●

●●●

**ئەوە دەزانم ئەگەر ژمارەی فەرمانبەرانی حکومی لە ژمارەی فەرمانبەرانی کەرتی تایبەت زیاتربێت ئەوا من نیگەران دەبم لە ئایندەی دیموکراسی لە مەودای دووردا**

●●●

■ ■ ■

پرۆفیسۆر پاتریک هیلەر ئوستادی سیسیۆلۆژیە لە زانکۆی براون و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر پەرەپێدانی دیموکراسی بەگشتی و دیموکراسییەتی هیندستان و باشووری ئەفریقیا، لەمبارەوە چەندین کتێبی گرنگی نووسیوە لەوانە، سۆشیال دیموکراتی لە جیهان: رەگوریشە و ئاسۆکانی ئایندە (Social Democracy in the Global Periphery: Origins and Prospects) هەروەها رەگداکوتانی دیموکراسی لە هیندستان و باشووری ئەفریقیا (Democratic Deepening in India and South Africa“،) سەبارەت بە رۆڵی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، پرۆفیسۆر پاتریک بۆچوونی بەو جۆرەیە دەبێت کەشوهەوایەک بۆ ئەو رێکخراوانە بێتە ئاراوە بۆئەوەی بتوانن رۆڵی خۆیان ببینن و بەم ناونیشانەش: کەشوهەوا بۆ رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دروست بکەن: ریفۆری دامەزراوەیی و دیموکراسییەتی لۆکاڵ لە بەرازیل (Making Space for Civil Society: Institutional Reform and Local Democracy in Brazil،“) سەبارەت بەم پرسە گرنگە پرۆفیسۆر پاتریک هیلەر بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:

■ ■ ■



## پاتریک هیلەر بۆ گوڵان:

# نابێت رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئالەتێک بن بەدەست دەوڵەت و پارتەسیاسییەکانەوە

❋ ❋ ❋

*** رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی گرنگن بۆ پرۆسەی بنیاتنانی دیموکراسی، بەپێی تێڕوانینی ئێوە، گرنگی بوونی ئەم رێکخراوانە چین لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراسیدا؟**

- گرنگیەکەیان لەوەدایە هەڵدەستن بە زەمینەخۆشکردن و دەرفەت رەخساندن بۆ هاووڵاتییان بۆ مومارەسەکردنی مافە دیموکراتییەکانی خۆیان لە رێی رێکخراوە ناحکومییەکان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و کۆمەڵە خۆبەخشەکانەوە، کە بەم شێوەیە هاووڵاتییان دەتوانن بەشداری لە ژیانی سیاسی کۆمەڵگەکانیاندا بکەن.

*** پارتە سیاسییەکان رێکخراو یان دامەزراوە گەلێکی مەدەنین بۆ بنیاتنانی دیموکراسی، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا جیاوازی چییە لە نێوان پارتە سیاسییەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیدا؟**

- من دەمەوێت جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە کە هەردووکیان بە هەمان ئاست گرنگن، ناتوانین دیموکراسییەتێکی بەهێز و پتەومان هەبێت ئەگەر سیستەمێکی تەندروستی حزبایەتیمان نەبێت، پارتە سیاسییەکان گرنگن بۆ هێنانەدی دیموکراسی، بەڵام تەنیا شێوەی سیاسەتکردن نین لە کۆمەڵگەدا، راستە پارتە سیاسییەکان خاوەن رێکخستنێکی باڵان و بەشداری لە پرۆسەکانی هەڵبژاردندا دەکەن و بە سروشتی خۆیان هەوڵی بەدەستهێنانی سەرکەوتن دەدەن لە هەڵبژاردنەکان و تێکۆشان بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و مانەوە لە دەسەڵاتدا دەکەن، بەڵام دەکرێت کۆمەڵگەیەکی مەدەنی بەهێزیش ببێتە بەشێك لە دیموکراسی، لەبەر ئەوەی زۆرجار رێکخراوەکانی ئەم کۆمەڵگەیە دەبنە ئامرازێك بۆ گوزارشتکردن لە بەرژەوەندی و خواستی هاووڵاتییان کە مەرج نییە پارتە سیاسییەکان بەم کارە هەڵبستن لەبەر ئەوەی رەنگە لەگەڵ حساباتی هەڵبژاردنی ئەواندا یەکنەگرێتەوە، بەوپێیە بە هۆی نزیکی ئەم رێکخراوانە لە هاووڵاتییانەوە دەکرێت دەرفەتی زیاتریان بۆ برەخسێنن بۆ گوزارشتکردن لە خۆیان، لە رێی دامەزراوە کەلتوورییەکان و دەزگاکانی راگەیاندن و هتد.

***لە وڵاتە شمولی و کۆمۆنیستییەکاندا، رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی وەك رێکخراوگەلێکی پیشەیی و سەندیکا بوونیان هەیە، بە پێی تێڕوانینی ئێوە بۆچی لە وڵاتانی کۆمۆنیستییەکانی پێشوو، یان ئەو رژێمە شمولیانەی ئێستادا رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی نەبوونەتە هۆکارێك بۆ بنیاتنانی دیموکراسی؟**

- ئەمە تەنیا کێشەیەك نەبوو لە وڵاتانی کۆمۆنیستیدا، بەڵکو کێشەبوو لە رژێمە سەربازییە دیکتاتۆرییەکانی ئەمەریکای لاتین و وڵاتانی ئاسیای رۆژهەڵاتیشدا، کە ئەوەی پێی دەڵێن کۆمەڵگەی مەدەنی لەم وڵاتانەدا لە ژێر سەرپەرشتی دەوڵەتدابوون، ئەمە لە کاتێکدا بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی رۆڵی راستەقینەی خۆی ببینێت، دەبێت سەربەخۆبێت نەك درێژکراوەی دەوڵەت بێت.

*** زۆرێك لە چالاکگەرەکانی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی خۆیان بە رێکخراوگەلێکی کۆمەڵایەتی دادەنێن کە نوێنەرایەتی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکەن نەك سیاسەت. بە پێی تێڕوانینی ئێوە ئایا ئەمە بە جیاکردنەوەی سیاسەت لە کۆمەڵگە نازانن؟ بۆچی دەبێت ئەم**

**دوو بوارە لێکجیابکرێنەوە؟**

- ئەمە پرسیارێکی ئاڵۆزە، دەبێت ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی سەربەخۆبن، بەڵام ناکرێت گۆشەگیربن و داببڕێن لە بواری سیاسی، مەبەستم ئەوەیە دەبێت بە پێی ئەو بنەمایانەی باوەڕیان پێیەتی و بە پێی ئەو مەسەلانەی کاری بۆ دەکەن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە شێوەیەکی سەربەخۆ پێکبهێنرێن و ڕێکبخرێن، بەڵام بۆ ئەوەی داواکارییەکانی خۆیان وەربگێڕنەسەر سیاسەتێکی بەرچاو دەبێت کار لەگەڵ دەوڵەت و لەگەڵ سیستەمە سیاسییەکە و پارتە سیاسییەکاندا بکەن، بەڵام دەبێت سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن و نەبنە ئامرازێك بۆ سیاسەتی دەوڵەت.

*** لەو وڵاتانەدا کە لە سەرەتای پرۆسەی دیموکراسیدا، پارتە سیاسییەکان بەشداری لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیدا دەکەن، بەو پێیە، بە پێی تێڕوانینی ئێوە ئایا مەترسی بە سیاسیکردنی ئەم ڕێکخراوانە چین؟**

- ئەوە دەوەستێتەسەر ئەوەی مەبەستمان چییە لە بە سیاسیکردنی ئەم ڕێکخراوانە، من باوەڕم وایە دەبێت هەندێ لەم ڕێکخراوانە بەشداری لە بواری گشتیدا بکەن و داواکاری سیاسییان هەبێت، من ئەم بەشداریە سیاسییە بە گرفت نازانم، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کاتێك ئەم ڕێکخراوانە لە لایەن دەوڵەتەوە یان پارتە سیاسییەکانەوە بە سیاسی دەکرێن کە ئەو کاتە نابنە ئامرازێك بۆ گوزارشتکردن لە تێڕوانین و بەرژەوەندی سیاسی هاووڵاتییان و ئەو کاتە ناتوانن ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ببینن. نمونەمان هەیە لەم ڕووەوە، لە هەندێ وڵاتدا ئەم ڕێکخراوانە کاریان بۆ بەرژەوەندی کرێکاران و جوتیاران دەکرد، بەڵام دواتر لە لایەن دەوڵەت و پارتە سیاسییەکانەوە کۆنترۆڵکران و چیتر وەك ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی کاریان نەدەکرد، بەڵکو بۆ سوود و بەرژەوەندی دەوڵەت کاریان دەکرد.

*** لە وڵاتە تازە گەشەکردوەکاندا ڕێژەی فەرمانبەرانی حکومی لە ڕێژەی فەرمانبەرانی کەرتی تایبەت زیاترە، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی نەتوانن فشاری تەواو بخەنەسەر حکومەت. ئایا تا چ ڕاددەیەك کەمکردنەوەی فشار لەسەر حکومەت دەبێتەهۆی دوورخستنەوەی حکومەت لە پیادەکردنی حکومڕانی باش؟**

- ئەمە مەسەلەیەکی ئاڵۆزە، تەنانەت لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاشدا فەرمانبەرە حکومییەکان باشتر دەپارێزرێن، بۆ نموونە چاودێری تەندروستیان هەیە، پارێزراون لەوەی بە شێوەیەکی ناڕەوا فەسڵبکرێن، بەڵام من پێموایە ئەرکی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەوەیە هەوڵ بدات بۆ بەدەستهێنانی ئەم مافانە بۆ فەرمانبەرەکانی دیکەش. یەکێك لە پێوەرەکانی حکومڕانێتی باش بەدەمەوەچوونی داواکارییەکانی ئەم ڕێکخراوانەیە، ڕاستە ئەمە ئەرکێکی قورسە، بەڵام کێ گوتویەتی حوکمڕانی دیموکراسی کارێکی ئاسانە، بەتایبەتی کە دیموکراسی ئیدارەکردنی بەرژەوەندییە جیاواز و ناکۆکییەکان لە خۆدەگرێت.

*** ئەگەر ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لاوازبن و پارتە سیاسییەکان کۆنترۆڵی هەموو شتێك بکەن، چۆن دەتوانین هاوسەنگییەك بخولقێنین و کۆنترۆڵی پارتە سیاسییەکان سنوردرابکەین؟**

- چارەسەرێکی ئاسان نییە بۆ ئەم مەسەلەیە، بەڵام ئەگەر نمونەی بەرازیل وەربگرین کە لە سەردەمی حوکمی سەربازی و حوکمی شمولیدا لە ساڵی ١٩٦٥ەوە بۆ ١٩٨٥ ئەم ڕژێمە سەربازییە تەواوی لایەنەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کۆنترۆڵ کردبوو، بەڵام نەیتوانی تاسەر سەرکەوتن بەدەست بهێنێت لە کۆنترۆڵکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا، بۆیە توانرا لە کۆتاییدا دەست بە پرۆسەی دیموکراتیکردن بکرێت و کۆمەڵگەیەکی مەدەنی بەهێز و گەشەکرد و دروست بێت لەو وڵاتەدا. بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئەم ڕێکخراوانە سەربەخۆی خۆیان بپارێزن و بە حوکمی ئەزموون ئەمە بۆتە بنەمایەکی پیرۆز لە کارکردنی ئەم ڕێکخراوانەدا.

*** تا چ ڕاددەیەك دەزگاکانی ڕاگەیاندن کاریگەرن لەسەر بەهێزکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی، ئایا ئەو ئەرکانە چین کە ئەم دەزگایانە لێیان بەرپرسن بۆ پاراستنی هاوسەنگییەك و ڕێگرتن لە بەسیاسیکردنی کۆمەڵگە؟**

- دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی تا دوا ڕادە گرنگیان هەیە، لەبەر ئەوەی بوارێکی گشتی هەیە کە دەکرێت لایەنە جیاوازەکان کە بیروبۆچونی جیاوازیان هەیە بتوانن گفتوگۆ لە بارەی مەسەلەکانەوە بکەن، دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئەم دەرفەتە دەڕەخسێنن، بە هەمان شێوە دەبێت ئەم دەزگاکایەنەش سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن و لە لایەن دەوڵەت و پارتە سیاسییەکانەوە کۆنترۆڵ نەکرابن و هەروەها دەبێت ڕۆڵیان هەبێت لە خستنەڕوی ئەوەی چ ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕێکخراوێکی ڕاستەقینەن خاوەن میسداقیەتن و چ ڕێکخراوێك تەنیا ڕواڵەتێکن بۆ لایەنێکی دیکە. کێشە ئەوە نییە دەزگایەکی ڕاگەیاندن هەبێت کە سەر بە پارتێکی سیاسی دیاری کراوبێت، ئەگەر بوار بۆ دەنگ و بۆچونە جیاوازەکان بدرێت بۆ ئەوەی بە هەمان شێوە بتوانن دەنگ و پەیامی خۆیان بگەیەنن.



●●●

**ناتوانین دیموکراسییەتێکی بەهێز و پتەومان هەبێت ئەگەر سیستەمێکی تەندروستی حزبایەتیمان نەبێت**

●●●

●●●

**دەبێت ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی سەربەخۆبن، بەڵام ناکرێت گۆشەگیربن و داببڕێن لە بواری سیاسی**

●●●

●●●

**دەبێت هەندێ لەم ڕێکخراوانە بەشداری لە بواری گشتیدا بکەن و داواکاری سیاسییان هەبێت، من ئەم بەشداریە سیاسییە بە گرفت نازانم، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کاتێک ئەم ڕێکخراوانە لە لایەن دەوڵەتەوە یان پارتە سیاسییەکانەوە بە سیاسی دەکرێن ئەو کاتە نابنە ئامرازێک بۆ گوزارشتکردن لە تێڕوانین و بەرژەوەندی سیاسی هاووڵاتییان**

●●●



د.هیلی پاڵس، ئوستادی سیسیۆلۆژیە لە زانكۆی فلۆریدا و بەرەگەز خەڵكی ئەستۆنیایە، كە یەكێكە لە كۆمارەكانی سۆڤییەتی پێشوو. خاتوو هیلی پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر كولتووری كۆمەڵایەتی بۆ بونیادی دیموكراتی و ڕەنگدانەوەی ئەو كەلتوورە لەسەر بونیادی دیموكراتی و نموونەی وڵاتەكەی خۆشی كە ئیستۆنیایە، بە یەكێك لە نموونەكانی ئەم باسە دەزانێت، سەبارەت بە ڕۆڵی ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی و كاریگەری لەسەر پرۆسەی بونیادی دیموكراسی و جیاوازی ئەركی ئەم ڕێكخراوانە لەگەڵ پارتە سیاسییەكان بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:

### هیلی پاڵس بۆ گوڵان :

# لەو كۆمەڵگایانەی بە سیاسیی كراون، زۆرجار سنوورەكانی نێوان پارتە سیاسییەكان و ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی روون نین

❋❋❋

**• بۆچی پێویستمان بە ڕێكخراوی سەربەخۆی كۆمەڵگەی مەدەنی هەیە بۆ بونیادی دیموكراسی؟**

- ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی گرنگن بۆ بنیاتنانی دیموكراسی و بۆ بەردەوامبوونی دیموكراسی. یەكەم، ئایا ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی چین؟ زۆر پێناسە هەیە لەم رووەوە، بەڵام هەموویان پەیوەستن بە یەك بیرۆكەوە: خەڵكی بە شێوەیەكی خۆبەخش هەڵبستن بە ڕێكخستنی كۆمەڵگەكەیان (واتە لە لایەن حكومەتەوە بەڕێوە نابردرێن و لە لایەن حكومەتەوە داواكراونین و هەوڵی بەدەستهێنانی قازانج نادەن) بەو پێیە بە ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی دەوترێت كەرتی سێیەم ( لە دوای كەرتی گشتی و كەرتی كارەوە). كەواتە كۆمەڵگەی مەدەنی ئاماژەیە بە كاركردنێكی دەستەجەمعی خۆبەخش لە پێناو بەرژەوەندی، ئامانج و بەها هاوبەشەكاندا.

*** ئایا گرنگی ئەم ڕێكخراوانە لە قۆناخە سەرەتاییەكانی دیموكراسیدا چۆن بەرجستە دەبن ؟**

- ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی دەسەڵاتێكی زیاتر دەدەن بە تاكەكەسەكان. تاكەكەس بە تەنیا دەسەڵاتێكی سنوورداری هەیە، بەڵام وەك بەشێك لە ڕێكخراوە جەماوەرییەكان دەتوانن دەستكەوتی زیاتر بەدەست بهێنن. بە پێی، رۆبەرت پوتنام دەڵێت، ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی هەڵدەستن بە بنیاتنانی سەرمایەی كۆمەڵایەتی، متمانە و بەها هاوبەشەكان. ئەوان دەرفەت بە خەڵك دەدەن بۆ ئەوەی بەشداری لە دارشتنی ژینگە كۆمەڵایەتییەكەیاندا بكەن، نەك تەنیا لە كاتی هەڵبژاردنەكاندا، بەڵكو وەك پرۆسەیەكی كۆمەڵایەتی بەردەوام. گابرێیل ئەلموند و سیدنی ڤێبرا پێیان وایە بوونی ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی كە لە رووی سیاسییەوە چالاك بن، دەبێتەهۆی بەرزكردنەوەی ئاستی هۆشیاری و دروستكردنی هاوڵاتییەكی هۆشیار. لە دەرئەنجامدا هاووڵاتییان ئیختیارێكی باشتر دەكەن، بەشداری لە سیاسەتدا دەكەن و حكومەت و نوخبە سیاسییەكانی دیكە دەخەنە بەردەم بەرپرسیارێتییەكانیان. بە تێڕوانینی من گرنگترین هۆكار بۆ بوونی كۆمەڵگەی مەدەنی ئەوەیە: گرنگن بۆ پەروەردەكردن و بیرخستنەوەی هاووڵاتییان كە دەتوانن دەستیان هەبێت لە دارشتنی ئەو كۆمەڵگەیەی تێیدا دەژین.

*** باشە پارتە سیاسییەكان ناتوانن ئەم كارە جێبەجی بكەن ؟**

- هەندێ جار سنوورەكانی نێوان پارتە سیاسییەكان و ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی روون نین. بەشێوەیەكی گشتی، ئەگەر كۆمەڵگە لە ئاستێكی باڵادا بە سیاسی كرابێت یان بە روونی حزبایەتی تێیدا زاڵ بێت، ئەوا بەیەكداچونی زیاتر بەدی دەكەین لە نێوان پارتە سیاسییەكان و ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنیدا. لە دیموكراسییە "دێرینەكان"دا ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی وەك دابینكاری خزمەتگوزارییەكان دروست بوون. ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە دیموكراسییە نوییەكان بە كۆمەڵگەیەكی مەدەنی دەست پێدەكەن كە بە ئاستێكی باڵا بە سیاسیكراوە. دەكرێت لە یەكێتی سۆڤییەتی پێشوودا نمونەی ئەم حاڵەتە بەدی بكەین. لە ئیستۆنیا، كە پێشتر یەكێك بوو لە كۆمارەكانی یەكێتی سۆڤیەت، كەرتی سێیەم لە بزووتنەوەیەكی سەربەخۆوە گەشەی كرد كە بە ئاستێكی باڵا بە سیاسیكرابوو. لە راستیدا سەرەتای بزووتنەوە سەربەخۆخوازەكە، كە دواتر ناوی لێنرا، شۆڕشی گۆڕان، لە لایەن ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنییەوە ڕێكخراو و بەرپاكرا. بزووتنەوە جەماوەرییە گەورەكان، وەك بزووتنەوەی سەوز، كۆمەڵەی پاراستنی توراسی كولتووری، جەبهەی

شـــەعبی و کۆمیتەی هاووڵاتییانی ئیســـتۆنی پێکهێنران. لە ســـاڵانی ١٩٨٨-١٩٩١ ( ســـاڵانی پێش بەدەســـتهێنانی ســـەربەخۆی لە یەکێتی ســـۆڤیەت) ژمارەیەکی گەورەی ئیستۆنییەکان بەشداریان کرد لە وتنەوەی ســـرودێکی سیاســـی شـــەعبیدا/ یان ئیمزاکردنی یاداشـــتێك. یەکێك لە سەرنجڕاکێشترین کۆبوونەوە جەماوەرییەکان بریتی بوو لە "زنجیرەی باڵتیك" کە لە ساڵی ١٩٨٩دا روویدا. نزیکەی ٢ ملیۆن کەس زنجیرەیەکی مرۆییان دروست کرد، دەستی یەکیان گرت لە تالینەوە، پایتەختی ئیستۆنیا، تاوەکو ڤیلنیۆس، کە پایتەختی لیتوانیایە، پێداگیری وڵاتانی بەڵتیکیان پیشاندا بۆ بەدەستهێنانی ئازادی لە رژێمی سۆڤیەتی داگیرکار.

کەواتە پرســـیارەکەی ئێوەش پەیوەندی هەیە بەم مەسەلەیەوە، چۆن بوونی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە پشـــت بزووتنەوە جەماوەرییەکانەوە جیاوازە لە پارتە سیاســـییەکان؟ هەردووکیان ئامانجی سیاســـییان هەیە. جیاوازیەکە لە ئامانجە گشتییەکاندایە. ئامانجی گشتی پارتە سیاسییەکان بەدەستهێنانی دەسەڵاتە. بەڵام ئامانجی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەدەســـتهێنانی دەسەڵات نییە، بەڵکو ئاســـانکاریکردنە بۆ جێبەجێکردنی ئـــەو بەهایانەی نوێنەرایەتی دەکەن. هەر کاتێك ئـــەم بەهایانە قبوڵکران، ئـــەوا ئامانجی ئەو رێکخراوەی کۆمەڵگـــەی مەدەنی هاتۆتەدی. ئەمە لە کاتێکدا پارتی سیاســـی بەردەوام دەبێت. بەو پێیە لە ئیستۆنیا، کاتێك ســـەربەخۆیی بەدەســـتهێنرا، ئەوا ئەو رێکخراوانەی کۆمەڵگەی مەدەنی کە ئامانجیان بەدەســـتهێنانی ســـەربەخۆیی بوو، یان خۆیان هەڵوەشاندەوە یاخود گۆڕانکاریان لە خۆیاندا کرد. بە شـــێوەیەکی گشتی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی زیاتر لە جوڵە و گۆڕاندان، دەردەکەون، هەڵدەوەشێنەوە و بە رەوتێکی خێراتر لە پارتە سیاسییەکان دەگۆڕێن.

***بە پێی تێڕوانینی ئێوە، بۆچی لە وڵاتانی کۆمۆنیســـتییەکانی پێشوو، یان ئەو رژێمە شـــمولیانەی ئێســـتادا رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی نەبوونەتە هۆکارێك بۆ بنیاتنانی دیموکراسی؟**

- لەهەردوو ئەم رژێمانەدا حکومەت توانای ئیجبارکردنیان هەیە. کەواتە، رێکخراوەکانـــی کۆمەڵگەی مەدەنی لە لایەن حکومەتەوە ناچاردەکرێن بۆ سنووردارکردنی چالاکییەکانیان بۆ هێنانەدی ئامانجە ناسیاسییەکان. بەو پێیە لە چلەکانی ســـەدەی رابردووە تاوەکو هەشـــتاکان زۆربەی رێکخراوە قازانج نەویستەکان لە یەکێتی ســـۆڤیەتی پێشوودا قەدەغەکران. ئەوانەی بەردەوام بوون لە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی کۆمۆنیستیدا بوون. لە راستیدا چالاکـــی رێکخراوەکانی کۆمەڵگـــەی مەدەنی لە ئـــەدەب و چالاکییە وەرزشـــییەکاندا کورت ببوونەوە. تەنیا ئەو کاتە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنـــی دەبنە هۆکارێکـــی کارا لە بنیاتنانی دیموکراســـیدا کە توانای ئیجبارکردنی حکومەت کەم ببێتەوە.

لەگەڵ ئەوەشـــدا، بوونی رێکخراوە ناسیاســـییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هۆکارێکی یارمەتیدەر دەبێت لە بەرەوپێشـــچوونی دیموکراســـیدا. ئەگەر رێکخراوە ناسیاســـییەکانی کۆمەڵگـــەی مەدەنی بوونیـــان نەبێت، ئەوا کۆمەڵگەکە ئەزموونی دروســـتکردنی رێکخـــراوی ناحکومی نابێت. ئەم کۆمەڵگەیەکەش ناتوانێت بە رەوتێکی خێرا خۆی رێکبخات ئەگەر توانای کۆنترۆڵکردنی حکومەت کەم بووەوە.

***بە پێی تێڕوانینی ئێوە ئایا ئەمە بە جیاکردنەوەی سیاسەت لە کۆمەڵگە نازانن؟ بۆچی دەبێت ئەم دوو بوارە لێکجیابکرێنەوە؟**

- هەرگیز سیاســـەت و کۆمەڵگەی مەدەنی بـــە تەواوەتی لێکدانابڕێن. هەمیشـــە رادەیەك لە بەیەکداچوون هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، رەنگە هەندێ لە جیاکردنەوە گرنگ بێت بۆ بوونی ئەو رێکخراوە مەدەنیانەی ئامانجیان گرتنەدەستی دەسەڵات نییە.

***ئایا مەترسی بە سیاسیکردنی ئەم رێکخراوانە چین؟**

- بۆی هەیە بە هەردوو ئاراســـتەکەدا بـــڕوات. بە گەڕانەوە بۆ ئەزمونی ئیســـتۆنیا، بە هۆی بوونی ئامانجگەلێکی سیاسی فراوان و هاوبەشەوە، زۆرێك لە خەڵکی بەشداریان کرد. بەڵام لەگەڵ بەدەستهێنانی سەربەخۆیدا، پارتە سیاســـییەکان زۆرێك لـــە ئەرکەکانـــی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیان گرتەئەستۆ.

لەگەڵ ئەوەشـــدا، دەســـتێوەردانی پارتە سیاســـییەکان لە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا هەڵگری مەترسییە. لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەم پارتانە زۆر بەهێزبن، ئـــەوا هەوڵ ئەدەن ئامانجەکانی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دیاری بکەن، بەو پێیە کاریگەر دەبن لەسەر توانای ئەم رێکخراوانە بۆ پیادەکردنی بەهاکانیان.

*** ئەگەر رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لاوازبن و پارتە سیاسییەکان کۆنترۆڵی هەمو شـــتێك بکەن، چۆن دەتوانین هاوسەنگییەك بخوڵقێنین و کۆنترۆڵی پارتە سیاسییەکان سنووردار بکەین؟**

- لە کاتێکدا ئیســـتۆنیا بە بەشـــداریەکی فراوان لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا دەســـتی پێکرد. بەڵام ئەم بەشـــداریکردنە لەگەڵ داکشـــانی حەماســـە سیاســـییەکەدا کـــەم بووەوە. بەو پێیە دوای بەدەســـتهێنان ســـەربەخۆیی بایەخدانیان بە ئامانجە سیاســـییەکان تا رادەیەکی گەورە کەم بووەوە. بەو پێیە دەستڕۆیشـــتوویی کۆمەڵگەی مەدەنی لەسەر حکومەتی ئیستۆنیا بەو شـــێوەیە بەهێز نییە کە پێشبینی دەکرێت. بەڵام هەڵکشان و داکشانی دەستڕۆیشتووی کۆمەڵگەی مەدەنی شتێکی باوە. بۆ نمونە، ئێستا دوای دە ســـاڵ لە رووخانی یەکێتی سۆڤیەت، کاری لۆبیکردن لە ناو رێکخراوە ناحکومییەکان و قازانج نەویستەکاندا کەم بۆتەوە.

کەواتـــە رێکخراوەکانـــی کۆمەڵگـــەی مەدەنـــی زۆر لاواز دەبن و پارتە سیاسییەکان زۆر بەهێزدەبن، چارەسەرەکە بریتییە لە بەهێزکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی. چەند هۆکارێکی گرنگ بۆ بەهێزکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی. رەنگە گرنگترین هۆکار بریتی بێت لـــە دانپێدانان بەم رێکخراوانەدا. ئەم دانپێدانانـــە لە لایەن حکومەتەوە پەیوەندی نێوان خەڵك و کەرتی ســـێیەم بەهێزدەکات. کارئاسانی دەکات بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ پشتگیریکردن لە ئامانجەکانی. ئیســـتۆنیا ســـێیەم وڵات بوو رێککەوتنێکی نیشتمانی ســـتراتیجی هەبێت بۆ بەرەوپێشـــبردنی کۆمەڵگـــەی مەدەنی. چەمکی بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئیستۆنیا لە لایەن کەرتی سێیەمەوە پێشنیارکرا.

سەنتەرەکانی پشتگیریکردن لە رێکخراوە ناحکومییەکان دەتوانن هەڵبستن بە رێکخستن، پەروەردەکردن و دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان رێکخراوەکانی کۆمەڵگـــەی مەدەنـــی و رێکخـــراوە ناحکومییـــەکان و حکومەتەکاندا. فیدراســـیۆنی ئیســـتۆنی بۆ کۆمەڵە و فیدراســـیۆنە قازانج نەویستەکان هەڵســـاوە بە هاوکاری کردن لە نێـــوان رێکخراو و کەرتە جیاوازەکاندا. ئەم هاوکاریکردنەش گرنگە بۆ پاراستن و بنیاتنانی پەیوەندی لە نێوان کەرتە جیاوازەکاندا.

**• تـــا چ رادەیەك دەزگاکانی راگەیاندن کاریگەرن لەســـەر بەهێزکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی، ئایا ئەو ئەرکانە چین کە ئەم دەزگایانە لێیان بەرپرسن بۆ پاراستنی هاوسەنگییەك و رێگرتن لە بەسیاسیکردنی کۆمەڵگە؟**

- راگەیاندن رۆڵێکی گەورە دەبینێت لە بەهێزکردنی کۆمەڵگەی مەدەنیدا. راگەیاندن دەتوانێت ببێتە ســـەرچاوەی پـــەروەردە. تاوەکو راگەیاندن زیاتر سەرکەوتنەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی تەغتییەبکات، ئەوا زیاتر کۆمەڵگەی مەدەنی چالاکتر دەبێت. هەروەها دەتوانێت ببێتە سەرچاوەیەك بۆ گەیاندنی دەنگ و پەیامی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

●●●

**کۆمەڵگەی مەدەنی ئاماژەیە بە کارکردنێکی دەستەجەمعی خۆبەخش لە پێناو بەرژەوەندی، ئامانج و بەها هاوبەشەکاندا**

●●●

●●●

**رۆبەرت پوتنام دەڵێت، رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەڵدەستن بە بنیاتنانی سەرمایەی کۆمەڵایەتی، متمانە و بەها هاوبەشەکان. ئەوان دەرفەت بە خەڵک دەدەن بۆ ئەوەی بەشداری لە داڕشتنی ژینگە کۆمەڵایەتییەکەیاندا بکەن، نەک تەنیا لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا، بەڵکو وەک پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی بەردەوام**

●●●

●●●

**ئامانجی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەدەستهێنانی دەسەڵات نییە، بەڵکو ئاسانکاریکردنە بۆ جێبەجێکردنی ئەو بەهایانەی نوێنەرایەتی دەکەن. هەر کاتێک ئەم بەهایانە قبوڵکران، ئەوا ئامانجی ئەو رێکخراوەی کۆمەڵگەی مەدەنی هاتۆتەدی. ئەمە لە کاتێکدا پارتی سیاسی بەردەوام دەبێت. بەو پێیە لە ئیستۆنیا، کاتێک سەربەخۆیی بەدەستهێنرا**

●●●



سۆسەن بیکفۆرد بۆ گوڵان :

# ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی داواکارییان هەیە بەڵام ئامانجی سیاسیی ڕاستەخۆیان وەک پارتە سیاسییەکان نییە

لە وڵاتانی کۆمۆنیستیدا سیاسەتەکان لەسەرەوە دەسەپێنران و ئەمەش جیاوازە لەو سیاسەت و بەرنامەیەی هەڵقوڵاوی خواست و پێداویستییەکان بێت

خاتوو سوسەن بیکفۆرد، ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی نۆرس کارۆلینا و پسپۆر و تایبەتمەندە لە بوارەکانی دیموکراتی و بەشداری هاوڵاتیان لە پرۆسەی سیاسیداو یەکێك لە کتێبەکانی بەناویشانی : دوورکەوتنەوە لە دیموکراتی : گوێگرتن، تەنگژەکان، هاووڵاتییان (The Dissonance of Democracy: Listening، Conflict، and Citizenship) هەروەها کتێبێکی دیکەی بەناونیشانی: ململانێ شێوازی ژیانە : دووبارە بیرکردنەوە لە پێناسەی سۆکرات بۆ هاووڵاتی (This Way of Life، This Contest': Rethinking Socratic Citizenship"،)
پرۆفیسۆر سوسەن بیکفۆرد بۆ ئەم راپۆرتەی گوڵانیش بەمجۆرە بیربۆچوونەکانی خستەروو:

**• ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پردی بەیەکگەیاندنی داخوازییەکانی خەڵك وحکومەتن، ئایا چۆن ئەم ئەرکە گرنگە جێبەجی دەکرێت ؟**

- گرنگی بوونی ئەم ڕێکخراوانە ئەوەیە هەڵدەستن بە بنیاتنانی پەیوەندی و دروستکردنی متمانە لە نێوان هاووڵاتییاندا و ئەمەش کاریگەری ئیجابی هەیە لە سەر جێگیرکردن و برەودان بە دیموکراسی. چەندین جۆری جیاوازی ئەم ڕێکخراوانە لە ئارادان، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی گرنگی ئەم ڕێکخراوانە لەم بوارەدا بەدی دەکەم.

*** بەڵام پارتە سیاسییەکانیش هۆکاری سەرەکین بۆ بونیادی دیموکراسی، ئایا جیاوازی ئەم ڕێکخراوانە لەگەڵ پارتە سیاسییەکان چییە ؟**

- لێکدانەوەکەی ئێوە دروستە، لەبەر ئەوەی زۆرجار بەیەکداچوون هەیە لە نێوان ئامانجەکانی هەردوولادا، بەڵام پارتە سیاسییەکان بە شێوەیەکی دیاریکراو لە هەوڵی بەدەستهێنانی سەرکەوتندان لە پرۆسەکانی هەڵبژاردندا، ئەمە لە کاتێکدا ڕەنگە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بایەخ بە چەند بوارێکی جیاواز بدەن، وەك بواری وەرزشی

بــۆ نموونه، واتــه ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگــەی مەدەنی ئامانجێکی سیاسی ڕاستەوخۆیان نییە.

*** ڕێکخراوەکانــی کۆمەڵگــەی مەدەنی و ســەندیکای پیشــەوەران لــە زۆر وڵاتدا بوونیان هەیــە، ئایا لە وڵاتە شمولی و کۆمۆنیستییەکاندا بۆ نەبوونە فاکتەری بوونیادی دیموکراسی ؟**

- ئەوە پرسیارێکی باشە و وەڵامی ڕاستەقینەی من ئەوەیە کە وەڵامەکەی نازانم، بەڵام بە مەزەندەی من جیاوازییەکە ئەوەیە لە وڵاتانی کۆمۆنیســتیدا سیاســەتەکان لەسەرەوە دەسەپێنران و ئەمەش جیاوازە لەو سیاسەت و بەرنامەیەی هەڵقوڵاوی خواست و پێداویستییەکان بێت.

***بە پێی تێڕوانینی ئێوە ئایا دروستکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە جیاکردنەوەی سیاسەت لە کۆمەڵگە نازانن؟ بۆچی دەبێت ئەم دو بوارە لێکجیابکرێنەوە؟**

- ئەوە ئاشکرایە زۆرێك لەو کەسانەی کار لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگــەی مەدەنیــدا دەکەن بە راشــکاوی خۆیان بە هەڵسوڕاوێکی ناسیاســی دادەنێن، من نازانم هۆکارەکەی چییــە، ئایا بایەخ بەم بوارە نــادەن یاخود ئەوە قەناعەتی ڕاستەقینەی ئەوانە. تێڕوانینی من ئەوەیە هەرچەند ڕەنگە ئەم ڕێکخراوانە نەتوانن ڕاستەوخۆ بەشداری سیاسی بکەن، بەڵام نابێت دەســت هەڵگرن لــەوەی کاریگەرییان هەبێت لەسەر ئەو سیاسەتەی دەگیرێتەبەر.

***بە پێی تێڕوانینی ئێوە ئایا مەترسی بە سیاسیکردنی ئەم ڕێکخراوانە چین؟**

- ڕەنگە مەترسییەکە بریتی بێت لە درێژەپێدانی دابەشبوون و ناکۆکیــە درێژخایەنەکان، بە چەشــنێك ڕێکخراوەکانی کۆمەڵــگای مەدەنــی ڕەنگدانەوەیەکــی دیکەی لایەنە خراپەکانی سیاســەت بن نەك ببنە هۆکارێك بۆ گۆڕینی سیاسەت بەرە و ئاراستەیەکی باشتر، ئەمەش تەحەددایەکە بۆ هەموو چالاکگەرە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان.

*** ئایا تــا چ ڕاددەیەك کەمکردنەوەی فشــار لەســەر حکومــەت دەبێتەهــۆی دوورخســتنەوەی حکومەت لە پیادەکردنی حکومڕانی باش؟**

- من درك بــە دژواری بارودۆخەکە دەکەم، بەڵام ئەوەی جێی سەرنج و گەشبینی منە، دەبێت ئیرادەی هاووڵاتییان بەردەوام بۆ ئەوەبێت، فشــاری سیاســی زیاتر بۆ ســەر حکومەت دروست بکەن بکەن.

*** ئەگەر ڕێکخراوەکانــی کۆمەڵگای مەدەنی لاوازبن و پارتە سیاســییەکان کۆنترۆڵی هەمو شــتێك بکەن، چۆن دەتوانین هاوســەنگییەك بخوڵقێنیــن و کۆنترۆڵی پارتە سیاسییەکان سنوردرابکەین؟**

- من کۆبونەوە و چڕبونەوەی دەســەڵاتەکان لە دەســتی لایەنێك یاخود توێژێکی دیاریکراودا بە گرفت دەزانم، من پێموایە فرەیی ســەرچاوەکانی دەسەڵات کە هەر یەکێکیان ببنە چاودێر بەسەر ئەوی دیکەیانەوە لەم ڕووەوە یارمەتیدەر دەبێت.

*** ئایا ئەو ئەرکانە چین کە ماس میدیا لێیان بەرپرســن بۆ پاراستنی هاوسەنگییەك و ڕێگرتن لە بەسیاسیکردنی کۆمەڵگە؟**

- دەکرێت دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە سەرچاوەیەکی دیکەی دەســەڵات بزانین کە بەرپرسیارێتیگەلێکی دیاری کراوی لە ئەســتۆدایە و من پێــم وایە لە ڕێــی بڵاوکردنەوەی چۆنیەتــی بەڕێوبردنــی کاروبارەکانەوە هەڵدەســتێت بە بەرچاوڕونکردنەوەی هاووڵاتییان لە ئاست مەسەلەکاندا.

**دەبێت ئیرادەی هاووڵاتییان بەردەوام بۆ ئەوەبێت، فشاری سیاسی زیاتر بۆ سەر حکومەت دروست بکەن**

